دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد
لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵیدا

# کوردستان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ژمارە: ٤٢٠

١٥ی خەرمانانی ١٣٨٤

٦ی سێپتامبری ٢٠٠٥

١٥٠ تمەن

www.kurdistanmedia.com


## ڕاپۆرتی ئەلبەرادعی لەبارەی ئێران بڵاو بۆوە

بە پێی ڕاپۆرتی هەواڵدەریی ڕویتێرز، چاوەدێری ئەتۆمیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕایگەیاند بەرنامە ئەتۆمییەکانی ئێران هەروا جێگای پرسیارن. ئەم ناوەندە هەروەها گوتیشی تاران چالاکییە ئەتۆمییەکانی خۆی کە بەدوای ڕێککەوتن لەگەڵ ئورووپاییەکان هەڵی پەساردبوون، دەست پێ کردۆتەوەو، ڕێگای بۆ ڕەوانە کردنی پەروەندەی خۆی بۆ ئەنجومەنی ئاسای تەخت کردوە. ئەم ڕاپۆرتە نهێنییەی ئاژانسی نێونەتەوەیی ئەتۆمی کە نوسخەیەکی گەیشتۆتە ڕۆیتێرز نیشان دەدا کە ئاژانسی ناوبراو لە وەزعێکی وا دا نیە کە ئاکامگیری بکا. هەروەها دەڵێ: هیچ خاڵێك یا چالاکییەکی ئەوتۆ لە ئێران دا نیە کە بە ئاژانس ڕانەگەیەندرابێ. ئەم بەندە ناتەبایی تێدایە چونکە لە لایەکەوە خوازیاری ڕوونبێژی لە لایەن ئێرانەوەیە، لە لایەکی دیکەوە دەڵێ کاتەکە بۆ ئەم کارە درەنگ بووە. ڕاپۆرتەکە دەڵێ: ئێران دەبێ هەموو بەڵگەنامەکانو ئەو کەسو سایتانەی کە پێوەندییان بە بەرنامەی ناوکیی ئێرانەوە هەیە بنێتە بەر دەست ئاژانس. ڕویتێرز لەو بارەوە نووسی: ئێران بە دەست پێکردنەوەی چالاکییە ناوکییەکانی خۆی لە ئیسفەهان، ئورووپاییەکانی تووڕە کردوە. چونکە بەم کارە ڕەوتی وتووێژەکان تێك چووەو، بوو بە هۆی ئەوە ئورووپاییەکانیش هەڕەشەی ناردنی پەروەندەی ئێران بۆ ئەنجومەنی ئاسایش بکەن.

# لە ڕێورەسمێکی بەشکۆدا یادی ٦٠ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەرز ڕاگیرا


پەیامی سکرتێری گشتیی حیزب، هاوڕێی بەڕێز کاك مستەفا هیجری ٢

بە بۆنەی ٢٥ی گەلاوێژی ٨٤، شەستەمین ساڵڤەگەڕی دامەزرانی حیزبەوە ٣

ناسیونالیزمی مەدەنی، یان گەڵاڵەیەك بۆ سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی کورد؟ ٨

وتووێژ لەگەڵ بەڕێز مامۆستا غەفوور مەخمووری ٩

وتووێژ لەگەڵ بەڕێز مامۆستا کەریم ئەحمەد ٩


کاتژمێر ٥/٣٠ دەقیقەی سەر لە ئێوارەی سێشەممە ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٨٤ی هەتاوی لە ڕێورەسمێکی بەشکۆدا لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزب لە ناوچەی کۆیە یادی ٦٠ ساڵەی دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بەشداریی ئەندامانی ڕێبەرایەتی، ژمارەیەکی زۆر لە کادر و پێشمەرگەکانی حیزب بەرز ڕاگیرا.

بڕگەی یەکەمی ڕێوڕەسمەکە بە سروودی نەتەوایەتی دەستی پێکرد. دواتر دەستەکانی منداڵان، لاوان، تازە پێشمەرگە، پێشمەرگەکانی ناوەندەکانی ١و٢و٣ی کوردستان، وەرزشوانان، پێشمەرگە دێرینەکان، پێرسونێلی نەخۆشخانەی حیزب و هێزی پارێزگاری لەبەر چاوی ئەندامانی ڕێبەرایەتیی حیزب و ژمارەیەکی زۆر لە بەشدارانی ڕێورەسمەکە "ڕێژە" ڕۆیشتن.

بڕگەی دوویەمی ڕێورەسمەکە بە سروودی"بژی دێموکرات" دەستی پێکرد. دواتر بەڕێز کاك مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەم بۆنەیەوە وتەیەکی پێشکەش کرد. بەشەکانی دیکەی بڕگەی دووهەمی ڕێوڕەسمەکە بەم شێوەیە بوو:

- سروودی شەست دەریا لەلایەن کۆڕو تیپی هونەریی حیزبەوە، - هۆنراوەیەك لەلایەن شاعیر خاتوو ناهید حوسێنییەوە، - پەیامی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەلایەن کاك ڕەحمان سەلیمی سکرتێری نوێی ئەم ڕێکخراوەیەوە، - سروودی"ئەمن حیزبی دێموکراتم" لەلایەن کۆڕی هونەریی حیزبەوە، - پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەلایەن خاتوو شنۆ مێهرپەروەرەوە، - سروودی خاکی ڕەنگاورەنگی کوردان لەلایەن کاك بێهروز لوتفییەوە.

ئەم ڕێورەسمە بە پێشکەش کردنی گۆرانیی شاد و هەڵپەرکێی تیپی هەڵپەرکێی کرماشانو بەشدارانی جێژنی ٦٠ ساڵە درێژەی کێشاو کاتژمێر ١٠ی شەو کۆتایی پێهات.



## هەیئەتێکی حیزبی دێموکرات بەشداریی لە پرسەی زانای گەورەی کورد مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس دا کرد



ڕۆژی چوارشەممە، ١٣٨٤/٦/٩ (٣١ی ئووتی ٢٠٠٥)، هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە پێکهاتبوو لە بەڕێزان مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە، جەلیل گادانی، محەممەد نەزیف قادریو کەماڵ کەریمی بە بۆنەی کۆچی‌دوایی زانانی گەورەی کورد مامۆستا مەلا عەبدولکەریم مودەریس بەشدارییان لە پرسەی ئەم کەسایەتییە مەزنەدا لە شاری هەولێر کردو پەیامی سەرەخۆشیو هاودەردیی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان بە بنەماڵەی بەڕێزیان گەیاند. ئەم هەیئەتە لە لایەن ئەدیبو نووسەری ناسراوی کورد، کاك محەممەدی مەلاکەریم کوڕی خوالێخۆشبووەوە پێشوازییان لێکرا.

شایانی باسە مامۆستا مەلا عەبدولکەریم مودەریس خزمەتێکی گەورەی لە بواری ئایینیو مێژوویيو فەرهەنگیدا بە نەتەوەی کورد کردوەو سیمایەکی ناسراوی ئەدەبو ڕووناکبیری نەتەوەکەمان بووەو زیاتر لە ٦٥ بەرهەمی بەنرخی پێشکەش بە کتێبخانەی کوردی کردوە.

## بەڕێز دوکتور مەحموود عوسمان سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی کرد



کاتژمێر ٣/٣٠ی دوانیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە، ١٣٨٤/٦/٩ی هەتاوی، سیاسەتمەداری ناسراوی کورد دوکتور مەحموود عوسمان سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی کردو لە لایەن ئەندامانی دەفتەری سیاسییەوە پێشوازی لێکرا.

لەو دیدارە دۆستانەیەدا د.مەحموود عوسمان لەسەر مەسەلە سیاسییەکانی ناوچەو عێراقو ئاکامی دیالۆگ لەسەر دەستووری تازەی عێراقو داخوازییەکانی کوردو باسو بابەتە پێوەندیدارەکان باسێکی تێروتەسەلی کرد.

پاشان بەڕێز کاك مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ماندوونەبوونی لە بەڕێزیانو هەموو ئەو تێکۆشەرانەی کوردو دۆستانی کورد کرد کە دڵسۆزانە لە دابینکردنی داخوازییەکانی گەلەکەمان داکۆکییان کردو ئەو دەسکەوتانەیان بۆ گەلی کوردو گەلانی تینووی ئازادیی عێراق بە دیاری هێناوە.

## جۆرج بووش نامەیەکی تێکەڵ بە هەڕەشەی بۆ ڕێبەرانی ئێران نارد



سەرچاوەیەکی نزیك لە سەفارەتی کووەیت لە تاران ڕایگەیاند کە جۆرج بووش سەرکۆماری ئەمریکا بەهۆی وەزیری دەرەوەی کووەیت، نامەیەکی تێکەڵ بە هەڕەشەی بۆ ڕێبەرانی ڕێژیمی ئێران ناردوە. ئەو سەرچاوەیە کە نەیویست ناوەکەی ئاشکرا بکرێ گوتی ئەم نامەیە ڕۆژی یەکشەممە ٢٠٠٥/٨/٢٨ بەهۆی شێخ محەممەد سەباح وەزیری دەرەوەی کووەیت دراوە بە ئەحمەدی نیژاد. لەم نامەیەدا بووش بە جیددی هەڕەشەی لە ڕێژیمی ئێران کردوە. بووش ڕایگەیاندوە کە ڕێبەریی ڕێژیمی ئێران ئەگەر دەست لە بەرنامە ئەتۆمییە پڕ مەترسییەکانی خۆی هەڵبگرێ، دەتوانێ کەڵك لە هاوکاریی بازرگانیو ئابووریی ئەمریکا وەربگرێ. بەڵام ئەگەر درێژە بە بەرنامە ئەتۆمییە گوماناوییەکانی خۆی بدا، ئەمریکا لە بەرامبەریدا دەوەستێو هیچ ڕێگایەکی دیکە بۆ ئەمریکا نامێنێتەوە. بووش بە ڕێبەرانی ڕێژیمی ئێرانی ڕاگەیاندوە کە ئامۆژگارییەکانی ئەو بە جیددی بگرنو بیر لە ئاکامە پڕ مەترسییەکای بەرنامە ئەتۆمییەکانی خۆیان، بکەنەوە.

ئەم نامەیە لە کاتێك دا دەگاتە دەست ڕێبەرانی ڕێژیمی ئێران کە لە ڕۆژانی ڕابردوودا چالاکیی جاسووسیی ئەمریکا لە سنوورەکانی ئێران زیادی کردوەو ئەگەری ئەوە هەیە کە پێنتاگۆن خەریکی ئامادە کردنی بەرنامەیەکی بەربڵاو بۆ هێرشکردنە سەر ئێران بێ. دیارە وەزارەتی ئیتلاعاتی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران ڕایگەیاندوە کە بە وردی فڕینی شتی گوماناویی بە ئاسمانی ئێران دا خستۆتە ژێر چاوەدێری، بەڵام پسپۆڕانی نیزامی لە ناوچە، لەم بڕوایە دان کە بەرنامەی زانیاری کۆکردنەوەی ئەرتەشی ئەمریکا بۆ دەست نیشانکردنی شوێنە ستراتیژیکەکان لە خاکی ئێران دا، خەریکە لە دوا ڕۆژەکانی خۆی نزیك دەبێتەوە.

پێویستە بگوترێ وەزیری دەرەوەی کووەیت بەر لە سەفەر بۆ ئێران چاوی بە سەفیرانی ئەمریکا، ئینگلیز، ئەڵمانو فەرانسە کەوتبوو. لە سەفەرە کورتەکەشیدا بۆ ئێران، مەحموود ئەحمەدی نیژاد (سەرکۆمار)، مەنووچێهر موتتەکی (وەزیری دەرەوە)، ئەکبەری هاشمی ڕەفسەنجانی (سەرۆکی کۆڕی دەست نیشانکردنی بەرژەوەندی نیزام)ی چاو پێکەوت.

مالپەڕی: "ایران امروز"

## ئێران یەکێکە لە پێشێلکەرانی ڕێککەتننامەی تایبەت بە چەك

وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ڕاپۆرتێك دا ڕایگەیاند: ئێران، کۆریای شیمالیو ڕووسیە هەروا لە ڕیزی گەورەترین پێشێلکەرانی ڕێککەوتننامە نێونەتەوەییەکانی تایبەت بە کۆنترۆلی چەك دان.

وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە نوسخەی ئاشکرای ئەم ڕاپۆرتەدا کە لەبارەی پابەند نەبوونی هێندێك وڵات بە ڕێککەوتننامە نێونەتەوەییەکانە، داوای هەڵگیرانی هەنگاوی توند بە دژی وڵاتانی پێشێلکەری ڕێککەوتننامەی تایبەت بە پەرەپێدانی چەكو کۆنترۆڵی چەكو تەقەمەنیی کردوە.

هەواڵدەریی ڕۆیتێرز گوتی ئەم ڕاپۆرتە پاش ئاماژە بە هێرشەکانی ١١ی سێپتامبری ٢٠٠١ تێیدا هاتوە: بەتایبەتی لە جیهانی دوای ١١ی سێپتامبر کە چەکەکانی کوشتاری بە کۆمەڵ هەڕەشەیەکی ڕاستەقینەن (چونکە بۆ تیرۆر کەلکیان لێ وەردەگیرێ)، پێویستە کە کۆمەڵگەی جیهانی بۆ کۆتایهێنان بە پێشێلکرانی ڕێککەوتننامە نێونەتەوەییەکان لە بواری کۆنترۆڵی چەكو چۆڵدا، هەموو هەنگاوێکی پێویست هەڵبگرێ.

ئەم ڕاپۆرتە لە ٣ نوسخەدا ئامادە کراوە، نوسخەیەکیان ئاشکرایەو بۆ بیروڕای گشتییە، نوسخەکەی دیکە نهێنییەو نوسخەی سێهەم بەتەواوی نهێنییە کە تەنیا بۆ ژمارەیەك لە کاربەدەستانی دەوڵەتی ئامادە کراوە.

## پەسندکرانی دەستووری هەمیشەیی عێراق لەلایەن کۆمەڵەی نیشتمانیی ئەو وڵاتەوە



ئێوارەی یەکشەممە ٢٨ی ئووت، کۆمەڵەی نیشتمانیی عێراق دەقی قانوونی بنەڕەتی (دەستووری هەمیشەیی)ی عێراقی پەسند کرد. بە پەسندکرانی ئەم دەستوورە لەلایەن کۆمەڵەی نیشتمانیی عێراقەوە، ڕێگا بۆ ڕێفراندۆم لەبارەی دەستووری ناوبراو لەنێو خەڵکی عێراق لە ڕۆژی ١٥ی ئوکتۆبری ٢٠٠٥ (٢٤ی ڕەزبەر)دا خۆش بوو.

پەسندکرانی دەستووری هەمیشەیی عێراق کەزیاتر لە ٧٠ قانووندانەری عێراقی پاش ٣ مانگ کار، ئامادەیان کردبوو، بە هەنگاوێکی گرنگ لەپێناوی وەدەستهاتنەوەی سەربەخۆیی عێراقو وەدیهاتنی سەروەریی نەتەوەیی لەو وڵاتەدا دەژمێردرێ.

مام جەلال سەرکۆماری عێراق بەدوای پەسندکرانی ئەم دەستوورە لەلایەن کۆمەڵەی نیشتمانیی عێراقەوە گوتی: "دەزانم کە ئەم بەڵگەنامەیە بێکەمو کووڕی نیە، بەڵام هیوادارم کە عێراقییەکان لە ڕێفراندۆمی ١٥ی ئوکتۆبردا دەنگی پێبدەن." بەڕێز مەسعوود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش لە کۆنفرانسێکی چاپەمەنیدا کە بۆ ئەوو ئەندامانی دیکەی شاندی باڵای کوردستان لە فرۆکەخانەی هەولێر پێك هات، گوتی: "ئەو ڕەشنووسەی ئیتیفاقی لەسەر کراوە، ئەوە نیە بلێیی هەموو شتێکی ئێمەی تێدایە، بەڵام زۆر لە خواستەکانی ئێمەی جێبەجێ کردوەو دەسکەوتێکی یەکجار زۆر گەورەیە بۆ هەموو گەلی عێراق، بەتایبەتی بۆ گەلی کوردستان لەم بارودۆخەدا ... لەبەر ئەوە من تکام وایە لە گەلی کوردستان لەکاتی دەنگدان، دەنگی بۆ بدەن."

جۆرج بووش سەرکۆماری ئەمریکا وێڕای دانانان بە ناکۆکیی نێو سوننییەکان لەسەر ئەم دەستوورە، پێشوازیی لە پەسندکرانی کردو گوتی پێویستە هەموو عێراقییەکان لە ڕێگای باسو بیروڕا گۆڕینەوە لەسەر بایەخەکانی ئەم بەڵگەنامەیەو دوای بڕیارێکی ئاگایانە، ڕۆژی ١٥ی ئوکتۆبر لەرەوتی پەسندکردنی دەستووری هەمیشەییدا بەشدار بن." کوفی عەنانیش پێشوازیی لە تەواوبوونی کاری دانانی دەستووری هەمیشەیی کردو داواکار بوو عێراقییەکان لەو ماوەیەدا کە تا ڕۆژی ڕێفراندۆم لە پێشیانە، هاوکاریی یەکتر بکەن.

بەپێی ئەم دەستوورە، سنووری جوغرافیایی کوردستان بەهۆی جێبەجێکرانی ماددەی ٥٨و تا کۆتایی ساڵی ٢٠٠٧ دیاری دەکرێت.

# پەیامی سکرتێری گشتیی حیزب، هاوڕێی بەڕێز کاك مستەفا هیجری

**خەڵکی وشیارو ئازادیخوازی کوردستان!**

**بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان‌و زیندانییانی خۆڕاگری سیاسی!**

**ئەندامان‌و لایەنگرانی لەخۆبردوو و شۆڕشگێڕی حیزبەکەمان!**

**کادر و پێشمەرگە چاونەترس‌و تێکۆشەرەکانی حیزب‌و گەل!**

ئەمڕۆ ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٨٤ی هەتاوی، حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران، حیزبی خۆشەویستی کۆمەلانی خەڵکی کوردستان، حیزبی پێشەوا قازی، دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی، حیزبی هەزاران شەهیدی سوورخەڵاتی نەتەوەکەمان، بە شانازی‌یەوە ٦٠هەمین مۆمی تەمەنی پڕ لە سەروەریی خۆی هەڵ دەکاو لە ژێر تیشکی ئەو مۆمە گەش‌و پرشنگدارەدا، کاروانی بزووتنەوەی میللی ـ دیمۆکراتیکی کوردستانی ئێران بەرەو لووتکەی هیواو بۆ دەستەبەر کردنی ئامانجە بەرزەکانمان دەخاتە ڕێ. بەو بۆنەوە لە لایەن ڕێبەرایەتیی حیزبە تێکۆشەرەکەمانەوە گەرمترین پیرۆزباییتان لێ دەکەم و بە هیوای ڕۆژانی گەشتر و جێژنی گەورەتر.

ئێمە لە کاتێکدا یادی شەستەمین ساڵی دامەزرانی حیزبە تێکۆشەرەکەمان دەکەینەوە کە گەلە مافخوازەکەمان لە کوردستانی ئێراندا، کەوتۆتە بەر بێ بەزەیی‌یانەترین شێوازەکانی داپڵۆسین‌و سەرکوتی سەدەناوەڕاستی لە لایەن ڕێژیمێکی فاشیستی دەسەڵاتدار بە سەر ئێراندا. بەڵام هاوکات لەگەڵ ئەو خەمەشدا خۆمان بە سەرفراز دەزانین کە ئێستاش‌و دوای تێپەڕینی ٦ دەیە بە سەر خەباتی بێ‌پسانەوەی حیزبەکەماندا، هەنگاوەکانمان بۆ بڕینی ڕێگای خەبات خێراترو گەلەکەمان وشیارترو ئاسۆی سەرکەوتن گەشترە.

**هاوڕێیانی بەڕێز!**

**خەڵکی مافخوازو ئازادیخوازی کوردستان!**

حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران لە ڕۆژی ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤ی هەتاوی‌دا، لە سەر بناغە تەشکیلاتی‌یەکانی "کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد"و بە مەبەستی کانالیزەکردن و پراکتیزەکردنی خەبات بۆ وەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندا دامەزراو لەو کاتەوە تا ئەمڕۆ کۆمەڵێك دەستکەوتی بەنرخ‌و زێڕینی بۆ بزاڤی دیمۆکراسیخوازانەی ئێران بەگشتی‌و بەتایبەتی بۆ گەلی بندەست‌و مافخوازی کورد لە کوردستانی ئێراندا بە دیاری هێناوە. بە بیرە بە ورشەکەی پێشەوای حیزب‌و بە دەستە بەهێزەکانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران، ماوەیەکی کورت بە دوای دامەزرانی ئەو حیزبە تێکۆشەرەدا، کۆماری دیمۆکراتیکی کوردستان دامەزرا کە لە بەراورد لەگەڵ ئەو سەردەمەداو لە هەموو ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، کارێکی مەزن بوو. پرنسیپەکانی ئەو کۆمارە بەچەشنێ دیمۆکراتیك بوون کە ئێستاشی لەگەڵدا بێ بەشێکی دانەبڕاون لە ئامانجە بەرزەکانی کۆمەلانی خەڵکی کوردستان‌و حیزبی دامەزرێنەری کۆماری کوردستان.

گەرچی تەمەنی ئەو کۆمارە جوانەمەرگە کەمتر لە ساڵێك بوو، بەڵام ئێستاش ناوی بەرزو بایەخە دیمۆکراتیکەکانی وەك نگینێك لە مێژووی خەباتی دیمۆکراسیخوازانەی گەلانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دەدرەوشێتەوە.

دوژمنانی دڵڕەشی گەلەکەمان وایاندەزانی کە بە سەربڕینی کۆمارو خنکاندنی سەرکۆماری کوردستان، خوێنی شۆڕش‌و بەرخۆدان لە شادەمارەکانی حیزب‌و گەلدا وشك دەبێ‌و جەستەیەکی ساردو سڕو بێ‌ئیرادەی لە پاش بەجێ دەمێنێ. ساڵانی دوای هەرەسهینانی کۆماری کوردستان، بە هۆی ناتەبایی هاوکێشە سیاسی‌یە نێونەتەوەیی‌و ناوچەیی‌یەکان لەگەڵ ویست‌و داخوازە دیمۆکراتیکەکانی گەلدا، یەکێك لە دژوارترین بڕگەکانی مێژووی پڕ لەکەندو کۆسپی بزووتنەوە مافخوازەکەمان بوو.

لەو بڕگەیەدا هەلومەرجی سەختی ناوخۆیی لە ئێران و لە ناوچەدا پەردەیەکی کزی و بێدەنگی بە سەر حیزبەکەمان دا کێشابوو، خەریك بوو تۆوی بێ هیوایی لە دڵی گەلەکەماندا چەکەرە بکا. بەڵام چەخماخەی تفەنگی پێشمەرگە هیوا بەخشەکانی ئەو حیزبە لە ساڵی ١٣٤٦ دا جارێکی دیکە فووی بە ئاگردانی شۆڕش دا کردەوە و جارێکی دیکە ئەو ئاگرە پیرۆزە گەشەی سەند. بەم چەشنە کۆتایی بەو بڕگەیە تاریکەدا هات و پەردەی بێ دەنگی دڕاو لە هەموو ئێران و ناوچەدا دەنگی دایەوە. ڕێژیمی پاشایەتی وە لەرزین کەوت و زەردەخەنەی هیوا گەڕایەوە سەر لێوان و دڵە تینووەکان گەش بوونەوە. هەر چەند نیشاندانی تەرمی دابێژ دابێژ کراوی پاڵەوانەکانی حەماسە خولقێنی ئەو نەبەردە لە لایەن ڕێژیمی پاشایەتی لە شارەکانی کوردستان بە مەبەستی چاوترسێن کردن و کوشتنی ئاخر هیوای خەڵك بوو، بەڵام ڕاست بە پێچەوانە بووژانەوەیەکی نوێ بوو کە ورەو هێزی بە گەلەکەمان بەخشی و وەك ئەو دێڕە شێعرەی کە لە فارسی دا هەیە نیشانی دا کە ( ئەو بێشەلانە لە پڵینگ بەتاڵ نەبووە). سڵاو لە گیانی ئەو پۆلە شەهیدە سەربەرزانەی کە بە بەخشینی گیانیان، هیوایان بەخشی.

دەرکەوتنی کەسایەتیی بەرزو تێکۆشەر کاك دوکتور قاسملوو، یەکێکی دیکە لەو هێزانە بوو کە لەو بڕگەیەدا گیانێکی تازەی بە بەر حیزبدا کردەوە. بۆیە ناکرێ باس لە مێژووی حیزب‌و تەنانەت مێژووی بزاڤی دیمۆکراسیخوازانەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بکرێ‌و ڕێبەری زانا دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو لە بەرزترین دوندی مافخوازی‌و دێموکراسیخوازی‌دا بە شکۆیەکی چیایی‌یەوە ڕانەوەستابێ. تایبەتمەندی‌یە تۆکمەو بەرزەکانی قاسملووی ڕێبەر بوو بە هۆی ئەوە کە لە ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٦٨دا ئەو مرۆڤە ئاشتیخوازە کەوتە بەر ڕەهێڵەی گوللەی غەدری دیپلۆمات ـ تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران‌و لە سەر مێزی بەناو وتووێژدا گیانی بەرزی بەرەو بەهەشتی هەرمان دای لە شەقەی باڵ.



دەڵێن مەرگی مرۆڤی مەزن بۆخۆی ڕابوون‌و لە دایکبوونێکی دیکەیە، ئەوەش لە پێوەندی لەگەڵ کۆچی قاسملووی ڕێبەردا بە ئاشکرا بەدیار کەوت‌و هزرو ڕوانگەکانی قاسملوو بوون بە ڕێبازی هەمیشەیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران‌و دروشمی دوژمنبەزێنی " قاسملوو، قاسملوو ـ ڕێگات درێژەی هەیە" دوای تێپەڕینی ١٦ ساڵ بۆتە شادروشمی حیزبو جەماوەری بەئەمەك‌و ئازادیخوازی شارو گوندەکانی کوردستان.

هەرچەند کە تیرۆری دوکتور قاسملوو برینێکی قووڵی خستە جەستەی بزووتنەوە ڕەواکەمان، بەڵام قاسملووی زانا کەسێك نەبوو کە چارەنووسی حیزب بە قەزاو قەدەر بسپێرێ، هەر بۆیە لە ماوەی ژیانی پڕ لە سەروەریی خۆی‌دا قوتابیانێکی پێگەیاند کە بتوانن بەرپرسایەتیی ڕێبەرایەتی کردنی خەبات بەدەستەوە بگرن. هەر بۆیە دوابەدوای شەهید بوونی دوکتور قاسملوو، قوتابیی بەئەمەك‌و ڕاستگۆی ڕێبازی قاسملوو، کاك دوکتور سەعید شەرەفکەندی، بە لێهاتوویی‌و بڕشتێکی کەموێنەوە جڵەوی کاروانی خەباتی بەدەستەوە گرت‌و نەیهێشت " بێ قاسملوویی" لە ڕوخساری حیزب‌و گەل بنیشێ.

شەمشەمە کوێرەکانی تاران، کاتێ بۆیان ڕوون بۆوە کە کاك دوکتور سەعید شێلگیرانەو ماندوویی نەناسانە ڕێبەرایەتیی حیزب‌و جووڵانەوەی میللی ـ دیمۆکراتیکی کوردستان دەکاو هیواو ئومێد دەبەخشێتە کۆمەلانی خەڵکی کوردستان، چەند تیرۆریستێکی دڵڕەشیان ڕەوانەی ئاڵمان کردو لە پیلانێکی نامرۆڤانەدا هاوڕێ لەگەڵ چەند تێکۆشەری دیکەدا شەهیدیان کرد.

دوای شەهید کرانی کاك دوکتور سەعید، بەختەوەرانە قوتابیانی ڕێبازی قاسملوو ـ شەرەفکەندی نەیانهێشت ئاڵای ڕێبەرانی مەزنی حیزب‌و گەل بکەوێتە زەوی‌و بە کاری بەکۆمەڵ‌و لە خۆبردوویی‌یەکی شۆڕشگێڕانەوە، درێژەیان بە ڕێبازی شەهیدانی حیزب‌و گەل داو بواریان بە ڕێژیمی کوردکوژی کۆماری ئیسلامی نەدا کە گەلەکەمان تووشی نائومێدی‌و هیوا بڕاوی بکا.

هاوڕێیانی بەڕێز، خەڵکی مافخوازی کوردستان!

ئێستا کە ٦ دەیە بە سەر خەباتی مافخوازانەی حیزبەکەماندا تێپەڕیوە، کاتێ ئاوڕ لە ڕابردوو دەدەینەوە چاوێ بە قۆناغە دژوارەکانی خەباتی حیزبە تێکۆشەرەکەماندا دەخشێنین، ئەو پرسیارە لە هزرماندا چەکەرە دەکا: چۆن حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران توانیویەتی ئەو قۆناغە دژوارانە بە سەرکەوتنەوە ببڕێ؟ چۆن خۆی ڕاگرتوەو تووشی نسکۆو داڕمان نەبووەو بە شانازی‌یەوە بۆتە حیزبی خۆشەویستی کۆمەلانی خەڵکی کوردستان ؟

ڕەنگە بتوانین چەندین هۆکار بۆ بە پێوە ڕاوەستانی حیزبەکەمان دەستنیشان بکەین، بەڵام بە ڕای من دەکرێ سەرەکیترین هۆکارەکانی ئەم خۆڕاگری‌یە لەم چەند تەوەرەدا کورت بکەینەوە:

**الف: حیزبی دیمۆکرات، حیزبی سەردەمیانەو مۆدێڕن**

**ب: واقیعبینی سیاسیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران**

**ج: دیموکراسیی نێوخۆییو ڕوانگەی مرۆڤ تەوەرانەی حیزبی دیمۆکرات**

******

## حیزبی دیمۆکرات، حیزبێکی سەردەمیانەو مۆدێڕن

حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران بێ ئەملاو ئەولا لە هەناوی واقیعییەتێکی سیاسی‌و کۆمەڵایەتیی‌یەوە باڵای کردوە کە بریتییە لە "بوونی ستەمی سیستماتیکی نەتەوەیی لە کوردستانی ئێراندا". بەم پێیە، حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران لە بنەڕەتدا حیزبێکی نەتەوەیی‌یەو ئامانجی سەرەکیی ئەو حیزبە تێپەڕاندنی قۆناغی ڕزگاریی نەتەوەیی‌یە لە پێناوی بنیاتنانی ژیان‌و سیستمێکی سیاسی کە شیاوی مرۆڤ و نەتەوەی ئەم سەردەمە بێ.

**حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران بێ ئەملاو ئەولا لە هەناوی واقیعییەتێکی سیاسی‌و کۆمەڵایەتیی‌یەوە باڵای کردوە کە بریتییە لە "بوونی ستەمی سیستماتیکی نەتەوەیی لە کوردستانی ئێراندا". بەم پێیە، حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران لە بنەڕەتدا حیزبێکی نەتەوەیی‌یەو ئامانجی سەرەکیی ئەو حیزبە تێپەڕاندنی قۆناغی ڕزگاریی نەتەوەیی‌یە لە پێناوی بنیاتنانی ژیان‌و سیستمێکی سیاسی کە شیاوی مرۆڤ و نەتەوەی ئەم سەردەمە بێ**

لێرەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران حیزبی تاکەکەس، گرووپ یان چینێکی تایبەتیی کۆمەڵایەتی نیە، بەڵکوو ئەو حیزبە تێکۆشەرە، حیزبی هەموو چین‌و توێژە کۆمەڵایەتیی‌یەکانی کوردستانەو هەموان لە نێو ڕیزەکانی خۆیدا کۆ دەکاتەوەو بۆ خەباتێکی نەپساوەو دیمۆکراتیك ڕێکیان دەخا. کەواتە، حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران، حیزبێکی مۆدێڕن‌و سەردەمیانەیەو دوورە لە هەر چەشنە میتۆدو شێوەکارێکی هۆزەکی‌و کۆنەپەرستانە.

**حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران حیزبی تاکەکەس، گرووپ یان چینێکی تایبەتیی کۆمەڵایەتی نیە، بەڵکوو ئەو حیزبە تێکۆشەرە، حیزبی هەموو چین و توێژە کۆمەڵایەتیی‌یەکانی کوردستانەو هەموان لە نێو ڕیزەکانی خۆیدا کۆ دەکاتەوەو بۆ خەباتێکی نەپساوەو دیمۆکراتیك ڕێکیان دەخا. کەواتە، حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران، حیزبێکی مۆدێڕن‌و سەردەمیانەیەو دوورە لە هەر چەشنە میتۆدو شێوەکارێکی هۆزەکی‌و کۆنەپەرستانە**

نەتەوەیی بوونی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران بەو مانایە نیە کە ئەو حیزبە پەیڕەوی لە میتۆدی ناسیۆنالیستی بەرچاوتەنگ دەکا، بەڵکوو حیزبەکەمان حیزبێکی نەتەوەیی‌یە کە لە سەر کۆمەڵێ ژێرخانی فیکری‌و دیمۆکراتیك ڕاوەستاوە، بە چەشنێ کە لە قوتابخانەی ئەو حیزبە دیمۆکراتەدا، ڕێز بۆ هەموو گەلان دادەنرێ‌و دان بە مافی بڕیاردانی چارەنووسی هەموو گەلانی جیهاندا دەنرێ‌و لە کردەوەدا بۆ بونیاتنانی جیهانێك هەنگاو دەنێ کە دوور بێ لە هەر چەشنە چەوساندنەوەیەکی ڕەگەزی‌و ئایینی‌و چینایەتی. لەم سۆنگەیەوە، حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران لە دوو گۆشەنیگاوە بە حیزبێکی مۆدێڕن‌و سەردەمیانە لە قەڵەم دەدرێ: واتە، هەم لەڕووی تیئۆریکەوەو هەم لەڕووی پراکتیکەوە. سەرەکیترین‌و گرنگترین بنەما تیئۆریکەکانی حیزبی دیمۆکرات بریتین لە: دیموکراسی، پلۆرالیزمی ئایینی‌و کولتووری، ئۆمانیزم، سکۆلاریزم، باوەڕ بە ڕێگاچارەی ئاشتییانەی کێشەکان، باوەڕ بە مافە گەردوونییەکانی مرۆڤ، بەرابەریی گەلان لە مافی سیاسیدا، بەرابەریی ژن‌و پیاو لە کۆمەڵگاو شوێنی کارکردندا، ڕەتکردنەوەی تیرۆریزم‌و پاراستنی کەرامەتی مرۆڤ لە سەختترین قۆناغەکانی خەباتدا.

حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران ئەم چەمکانەی وەك دروشمی بریقەداری سیاسی‌و بە مەبەستی چەواشەکردنی خەڵك هەڵ نەگرتوە، بەڵکوو باوەڕی قووڵی بەو چەمکانە هەیەو لە کردەوەدا پەیڕەوی لێکردوون‌و دۆست‌و دوژمنیش ئەم ڕاستییەیان بۆ ڕوون بۆتەوە. هاوئاهەنگی‌و یەکگرتنەوەی بنەما تیئۆریکەکانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران لەگەڵ پراکتیکەکانی ئەو حیزبەدا، بۆتە هۆی چوونەسەرەوەی نفووزو پرستیژی حیزب لە نێو کۆمەلانی خەڵکی کوردستانداو چەندین ساڵە، ئەو حیزبە بۆتە حیزبی خۆشەویستی هەموو چین‌و توێژەکانی کۆمەڵگای کوردستان. پابەندبوونی حیزب بەو پرنسیپە دیمۆکراتیکانەوە، لە ئاستی ناوچەیی‌و نێونەتەوەییشدا، پێگەیەکی شیاویان بۆ حیزبی دیمۆکرات دەستەبەر کردوە. لێرەدا دەتوانین ئاماژە بە چەند نموونەیەکی مۆدێڕن‌و سەردەمیانەی حیزب بکەین: دامەزرانی کۆماری دیمۆکراتیکی کوردستان، پێکهێنانی یەکیەتیی ژنانی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران، یەکیەتیی لاوانی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران، لە سەردەمێك دا کە ئەو توێژانە لە کۆمەڵ دا بایەخێکی ئەوتۆیان پێ نەدەدرا. مەحکووم کردنی داگیرکردنی باڵوێزخانەی ئامریکا لە لایەن خوێندکارانی پەیڕەویی خەتی ئیمامەوە، پێشوازی لە کۆتایی هاتنی جەنگی ماڵوێرانکەری ئێران ـ عێراق، پاراستنی بەرژەوەندی‌یە باڵاکانی نەتەوەی کورد لە هەر چوارپارچەی کوردستان‌و ڕەتکردنەوەی حیزبایەتی دەمارگرژانە، هەوڵدان بۆ پێکهێنانی پلاتفۆرمێکی دیمۆکراتیك لە نێوان حیزبە کوردستانیی‌یەکان، و حیزبە سەرانسەری‌یەکانی ئێران، پاراستنی ئەزموونی بەنرخی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق، ڕۆڵی بەرچاوی حیزب لە پێکهێنانی "کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ"دا، پێشوازی لە پرۆسەی

برووخێ ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران

# بە بۆنەی ٢٥ی گەلاوێژی ٨٤، شەستەمین ساڵڤەگەڕی دامەزرانی حیزبەوە

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە درێژایی ٦ دەیە تەمەنی پڕ لە شانازیی خۆی، دروشم و بەڵێنییەکی بە خەڵکی کوردستان نەداوە کە قابیلی جێبەجێ کران نەبووبێ و زۆر زیاتر لە دروشم و بەڵێنییەکانی، خزمەتی بە دۆزی ڕەوای نەتەوەی کورد بە گشتی و گەلی کورد لە کوردستانی ئێران بە تایبەتی کردوە**

دێموکراتیزاسیۆن لە ڕۆژهەڵاتی نیوەڕاست و گەلاڵەی "ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی گەورە"و چەندین و چەند نموونەی مۆدێرن و سەردەمیانەی دیکە.

### واقیعبینیی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەبەر ئەوەی کە حیزبێکی شۆڕشگێڕە و لە سەر ئەو باوەڕەیە کە پێکهاتەی سیاسی ـ کۆمەڵایەتیی ئێران و کوردستان ناتەبایە لەگەڵ ژیان و سیستمی ڕێکخستنی سەردەمیانە و مۆدێرندا، ئامانجی ئەو حیزبە هەڵوەشاندنەوەی ئەو سیستمە پاشکەوتوویەیە لە پێناوی بنیاتنانی ژیانێکی شیاو و سیستمێکی تەبا لەگەڵ سەردەم و مافە سروشتی و بنەڕەتییەکانی مرۆڤ دا، بەو حاڵەش حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران باوەڕی بە میانەڕەویی سیاسی هەیە و ئەو میانەڕەوییە سیاسییەش ڕاست لە واقیعبینیی سیاسیی ئەو حیزبە تێکۆشەرەوە سەرچاوەی گرتوە. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هیچکات هەوڵی نەداوە کە تیئۆرییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان بە سەر واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا بسەپێنێ، بەڵکوو ئەو حیزبە لە ڕەوتی خەباتی پراکتیکیدا گەیشتۆتە تیئۆریی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەو تیئۆریانەشی بۆ خزمەت بە کۆمەڵگا ئاراستەی واقیعی کۆمەڵایەتیی کردۆتەوە. ئەو پرۆسەیەشی بە شێوازێکی کارزانانە پیادە کردوە، بەچەشنێ کە نەبۆتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی بنیاتە پێویستەکانی کۆمەڵگا و لە هەمان کاتیشدا کۆمەڵگای کوردستانی لە ڕووی وشیاریی کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە پێشخستوە. ئەو واقیعبینییە سیاسییەی حیزب، ڕەنگە لە کورتخایەندا بووبێتە هۆی بارینی ڕەخنە و توانج لە لایەن دۆست و دوژمنەوە، بەڵام بەرەوپێشچوونی "کات" ڕاستی و دروستیی هەڵوێستەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی بۆ هەمووان ئاشکرا کردوە و بۆتە هۆی چوونەسەرەوەی ڕادەی متمانەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە حیزبە تێکۆشەرەکەیان.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە درێژایی ٦ دەیە تەمەنی پڕ لە شانازیی خۆی، دروشم و بەڵێنییەکی بە خەڵکی کوردستان نەداوە کە قابیلی جێبەجێ کران نەبووبێ و زۆر زیاتر لە دروشم و بەڵێنییەکانی، خزمەتی بە دۆزی ڕەوای نەتەوەی کورد بە گشتی و گەلی کورد لە کوردستانی ئێران بە تایبەتی کردوە. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ باوەڕی قووڵی ڕێبەرانی ڕابردوو و ئێستای حیزب بە خەڵکی کوردستان و دەرکی ئەو ڕاستییە حاشاهەڵنەگرە کە خەڵکی کوردستان بڕبڕەی پشتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش گەرووی پڕ بە هاواری مافخوازیی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە.

### دیموکراسیی نێوخۆیی و ڕوانگەی مرۆڤ تەوەرانەی حیزبی دێموکرات

مامۆستای دیموکراسی، شەهیدی هەرگیز نەمر دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، سەبارەت بە دیموکراسی دەڵێ: "ئەوەی بۆ حیزبی ئێمە، هەموو وەختێك لە هەموان ئەساسیترە، چ لە نێوخۆی حیزبدا و چ لە دەرەوەی حیزبدا، خەبات بۆ دیموکراسییە. ئەم خەباتە دەبێ بێوچان و بێپسانەوە بکرێ. هەرگیز خەبات بۆ دیموکراسی نابێ بچێتە ژێر سێبەری خەبات بۆ مافی نەتەوایەتی یان خەباتی چینایەتی، چونکە ئەوە هۆی پێکهاتنی حیزبی دێموکراتە، تاکوو حیزبی دێموکرات ماوە، دیموکراسی مەبەست و ئامانجیەتی."

هەرچەند، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، حیزبێکی نەتەوەیییە و ستەمی نەتەوایەتیی هاندەری سەرەکی بووە لە پێکهاتنی ئەو حیزبە تێکۆشەرەدا، بەڵام هاوکات، دیموکراسی یەکێك لەو کۆڵەکە سەرەکییانە بووە کە هەر لە سەرەتاوە ئەو حیزبەی لەسەر دامەزراوە. واتە، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، حیزبێکی نەتەوەیی رووت نیە کە تەنیا ئامانجی ڕزگاریی نەتەوەیی بێ، بێئەوەی سیستمی ڕێکخستنی ژیانی کۆمەڵایەتی دەستنیشان بکا. لەم ڕوانگەیەوە، حیزبی دێموکراتی کورستانی ئێران، حیزبێکی نەتەوەیییە کە ئامانجی سەرەکیی ئەو حیزبە تێپەڕاندنی قۆناغی ڕزگاریی نیشتمانییە لە پێناوی دامەزراندنی سیستمێکی سیاسی ـ کۆمەڵایەتی ئەوتۆدا، کە تێیدا ڕێز لە گەوهەری وجوودیی مرۆڤ کە "ئازادی"یە بگیرێ. ئازادی، بایەخ و ئارمانجێکە کە تەنیا لە سیستمی دیموکراتیکدا بواری دەرکەوتن و بەرجەستەبوونی بۆ دەڕەخسێ. کەواتە بە دڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین کە "دیموکراسی"و ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و پاراستنی ئەو مافانە، فەلسەفەی پێکهاتنی حیزبی دێموکراتە و دیموکراسی بۆتە یەکێ لە پارامێترە بنەڕەتییەکانی شوناسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا، ئازادیی را دەربڕین و بۆچوونی سیاسی بە تەواوی نەهادینە کراوە و هەر ئەندامێکی حیزب دەتوانێ لە سەر هەر پرسێکی سیاسی، بیروبۆچوونی خۆی دەربڕێ، بەو مەرجەی کە کەسایەتیی تاکەکەسەکان بپارێزێ و بتوانی بۆچوونەکانی خۆی بە پشت بەستن بە بەڵگەی ڕاست و دروستەوە بسەلمێنێ. نەهادینە بوونی دیموکراسیی نێوخۆیی بۆتە هۆی ئەوە کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران تا ئێستا سەرکەوتوانە ١٣ کۆنگرە بگرێ و لە نێو کۆنگرەکاندا ڕێگا بۆ دەستاودەست کردنی دەسەڵات خۆش بکرێ. هەرچەند کە شەست ساڵ بە سەر تەمەنی پڕ لە سەروەریی حیزبدا تێپەڕیوە، بەڵام حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران حیزبێکی بەوزە و ئافرێنەرە و لۆچی پیری نەکەوتۆتە روخسارییەوە. هۆی چڕبوونەوەی ئەو وزە بنیاتنەرە لە نێو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە نێو سیستمی حیزبی دێموکراتدا، ڕێگا لە نوێبوونەوە و دەستاودەست کردنی دەسەڵات نەگیراوە و ئەو نوێبوونەوەیەش یارمەتیدەری حیزب بووە بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ ڕەوتی سەردەم و یەکانگیر کردنی بەرنامەکانی حیزب لەگەڵ هاوکێشە سیاسییە نوێکانی ناوچەکە و جیهان.



دیمەنێک لە بەشدارانی ڕێورەسمی ٢٥ی گەلاوێژی ٨٤

**ئەرکی ڕێبەرایەتیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێرانە کە بیر لە شێواز و شێوەکاری نوێ بکاتەوە و سیستمی نوێی خەبات داڕێژێ تا گەلەکەمان بە ئاواتە دێرینە نەتەوایەتی و دیمۆکراتیکەکانی خۆی بگا. پێویستە، کۆمەڵانی مافخوازی کوردستان پێوەندییەکانیان لەگەڵ حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران‌دا زۆر زیاتر لە جاران پەرە پێبدەن و بیر لە شێوازی نوێی خەباتی جەماوەری بکەنەوە**

هاوڕێیانی هێژا، ئەندامانی تێکۆشەری حیزب و خەڵکی مافخوازی کوردستان!

لە کاتێکدا یادی شەستهەمین ساڵوەگەڕی دامەزرانی حیزبە تێکۆشەرەکەمان دەکەینەوە و بەو بۆنە پیرۆزەوە جێژن دەگرین، کە پرۆسەی بەجیهانیبوونی سیاسەت و ئابووری هەموو ناوچەکانی جیهانی گرتۆتەوە، هاوکێشە سیاسییەکان وەرچەرخانێکی مەزنیان بەخۆوە بینیوە و دەرەنجامەکانی کۆتایی هاتنی جەنگی سارد گەیشتۆتە دڵی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست. گەردەلوولی بەهێزی دیموکراتیزاسیۆن بۆتە هۆی هەڵتەکاندنی دوو ڕێژیمی سەرەڕۆی تالیبانی ئەفغانستان و ڕێژیمی بەعسی عێراق و بە خۆشییەوە گەلی کورد لە کوردستانی عێراقدا، توانیویەتی بەشێك لە مافە نەتەوایەتییەکانی دەستەبەر بکا و خەبات بۆ دەستەبەربوونی مافەکانی دیکەی گەلی کورد درێژەی هەیە. لە پارچەکانی دیکەی کوردستانیشدا، تێکۆشەرانی کورد خێراییان بەخشیوەتە خەبات بۆ وەدیهاتنی مافە ڕەواو زەوتکراوەکانی نەتەوەی کورد.

٢٦ ساڵ بە سەر تەمەنی پڕ لە تاوان و سەرکوت و تیرۆری ڕێژیمی سەرەڕۆی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا تێپەڕیوە و لە دوایین بەناو هەڵبژاردنی ئەو ڕێژیمەدا، ئەحمەدینەژاد کە دەردەکەوێ یەکێك لە گەلاڵەڕێژانی تیرۆری ڕێبەری مەزنمان دوکتور قاسملوو بووە، ڕۆڵی سەرەکیی هەبووە لە داگیرکردنی باڵوێزخانەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە تاران و لە ڕیسوایی بە بارمتە گرتنی کارمەندانی ئەو باڵوێزخانەیە، ئێستا بۆتە سەرکۆماری ئەو ڕێژیمە. قەیرانە نێوخۆیی و ناوچەیی و نێونەتەوەیییەکانی ئەو ڕێژیمە ئازادیکوژە بە ڕادەیەکی بەرچاو قووڵ بوونەتەوە کە کۆماری ئیسلامی بەرەو هەڵدێری نەمان کەوتۆتە ڕێ. هەمووی ئەو وەرچەرخانە مەزنانە لە کۆنگرەی ١٣ی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران دا، کە نیزیک بە ساڵێك لەمەوبەر پێك هات بە هێند وەرگیراون و خۆشبەختانە، ڕێبەرایەتیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی سێزدەهەم سوورە لە سەر خۆهەماهەنگ کردن لەگەڵ ئەو ڕەوتە نوێیەدا.

ئەو وەرچەرخانە مەزنانە و گۆڕانی قووڵی هاوکێشە سیاسییەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و جیهان، کۆمەڵێك ئەرك و بەرپرسایەتیی نوێ دەخاتە سەرشانی ڕێبەرایەتیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵانی مافخوازی کوردستان. ئەرکی ڕێبەرایەتیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێرانە کە بیر لە شێواز و شێوەکاری نوێ بکاتەوە و سیستمی نوێی خەبات داڕێژێ تا گەلەکەمان بە ئاواتە دێرینە نەتەوایەتی و دیمۆکراتیکەکانی خۆی بگا. پێویستە، کۆمەڵانی مافخوازی کوردستان پێوەندییەکانیان لەگەڵ حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێراندا زۆر زیاتر لە جاران پەرە پێبدەن و بیر لە شێوازی نوێی خەباتی جەماوەری بکەنەوە.

**هاوڕێیانی هێژا! کۆمەڵانی بەورە و مافخوازی کوردستان!**

هەروەك هەموان ئاگادارن، لە ڕۆژی ١٨ی پووشپەڕی ئەمساڵدا، دوابەدوای شەهید کردنی لاوێکی مەهابادی بە نێوی "شوانە"و سووکایەتیی بە تەرمەکەی، خەڵکی ئازادیخوازی شاری مەهاباد ڕژانە سەر شەقامەکان و داوایان لە ڕێژیم کرد کە بکوژان و ئەشکەنجەدەرانی ئەو تاوانە دزێوە دادگایی بکرێن و بەسزای ڕەوای خۆیان بگەن. بەڵام ڕێژیمی کوردکوژی کۆماری ئیسلامی لە باتیی گوێگرتن لە داخوازە ڕەواکانی خەڵك، بە سەرکوت و داپڵۆسین وەڵامی دایەوە. مێژوو سەلماندویەتی کە سەرکوت و داپڵۆسین ناتوانێ چارەسەری کێشەکان بکا، بەڵکوو ڕۆژبەڕۆژ قووڵتریان دەکاتەوە. خەڵکی شاری مەهاباد دوای ئەو کارەساتە و لە ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕ ساڵڕۆژی شەهید بوونی سەرکردەی خۆیان دوکتور قاسملوو، بە بۆنەی ئەو یادە و بۆ بێزاری دەربڕین لە کوژرانی شەهید "شوانە" دا دووکان و بازاڕەکانیان داخست و بێزاریی خۆیان لە ڕێژیمی تیرۆریستپەروەری کۆماری ئیسلامیی ئێران دەربڕی و سەلماندیان کە پاش تێپەڕبوونی ١٦ ساڵ نە تەنیا کۆستی دوکتور قاسملوو لە بیر نەکراوە، بەڵکوو ئەو ناوە بەرزە، ئیلهامبەخشی مافخوازی و شۆڕشو بەرخۆدانە. دواتر پەیتاپەیتا زۆربەی شارەکان بە وەڕێخستنی خۆپێشاندانی مەزنی جەماوەری و داخستنی بازارەکان دەنگی مافخوازیی خۆیان بە گوێی هەموو گەلانی جیهان گەیاندو هەموان ئەو ڕاستییەیان بۆ ڕوون بۆوە کە سەرەڕای سەرکوتی سیستماتیکی ٢٦ ساڵەی کۆماری ئیسلامی، گەلی کورد لە کوردستانی ئێران بەتەواوی ئاشنایە بە ماف و ئازادییەکانی و لەو پێناوەدا ئامادەی هەر چەشنە فیداکاری و گیانبازی و تێکۆشانێکە.

بەداخەوە لەو زنجیرە خرۆشانە جەماوەرییانەدا، سەدان کەس لە ڕۆڵە بە ئەمەکەکانی گەل بە گوللەی شەوپەرستانی کۆماری ئیسلامیی ئێران شەهید و بریندار بوون و ژمارەیەکی بەرچاوی دیکە لە لاوان و تێکۆشەرانی گەل ڕەوانەی زیندانە ڕەشەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران کران.

ئەم خرۆشانەی دوایی، بە مەزنترین، پڕنێوەڕۆکترین و جەماوەریترین خۆپێشاندانەکانی خەڵکی کوردستان دوای دامەزرانی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەژمێرێ و ئەزموونێکی بەنرخە بۆ هەوڵ و هەنگاوەکانی دواتری جەماوەری مافخوازی کوردستان. بۆیە پێویستە، گەلەکەمان و حیزبەکەمان خاڵە لاوازەکانی ئەم ڕاپەڕینە دەستنیشان بکەن و خاڵە بەهێزەکانیشی بەهێزتر بکەن و ئەزموونی بەنرخی لێ وەرگرن. لێرەدا بە پێویستی دەزانم سەری ڕێز بۆ هەموو ئەو تێکۆشەرانە دانەوێنم کە بە چەشنێ نەخشیان لەو بەرخۆدانە قارەمانانەیەدا هەبووە. بەناوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیشەوە پرسە و سەرەخۆشیی خۆمان ئاراستەی بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدانی ئەو خۆپێشاندانانە دەکەین و خۆمان لە غەم و پەژارەی لە دەستدانی ڕۆڵەکانیاندا بە شەریك و بەشدار دەزانین. هیوای چاکبوونەوەش بۆ بریندارەکان دەخوازین و داوا لە خەڵکی کوردستان و هەموو ئازادیخوازانی ئێران و جیهان دەکەین کە بۆ ئازاد کردنی زیندانییانی قارەمانی ئەم خۆپێشاندانانە لە هەر چەشنە هەوڵ و تێکۆشانێك درێغی نەکەن.

لەم بۆنە پیرۆزەدا، بە ناوی سەرجەم ڕێبەرایەتیی حیزب و هەموو ئەندامان و تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە، سەری ڕێز و نەوازش دادەنەوێنین بۆ هەموو شەهیدانی سوورخەڵاتی حیزب و گەل و خێزان و بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان و زیندانییانی خۆڕاگری سیاسی و هەموو ئەو مرۆڤە دڵسۆز و نیشتمانپەروەرانەی کە بۆ چرکەیەکیش بووبێ، لە پێناوی ئامانجە بەرزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا تێکۆشاون. هەموویان دڵنیا دەکەینەوە کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئەوانی لە یاد نەکردوە و حیزبە تێکۆشەرەکەمان بە ئێوەوە زیندوە و ئێوەن خاوەنی ڕاستەقینەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

**هەزار سڵاو لە بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان و زیندانیانی سیاسی!**

**سڵاو لە ئەندامان و لایەنگرانی تێکۆشەری حیزبەکەمان!**

**سڵاو لە خەڵکی مافخوازی کوردستان!**

**سڵاو لە ٢٥ی گەلاوێژ ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران!**

**سەرکەوێ خەباتی ڕەوای گەلەکەمان بە ڕێبەرایەتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران!**

**مەرگ و نەمان بۆ ڕێژیمی سەدە ناوەڕاستی و تیرۆریستپەروەری کۆماری ئیسلامی ئێران!**

***

# بەیاننامەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
## سەبارەت بە وەزعییەتی دەسگیرکراوەکانی خۆپیشاندانەکانی
## ئەم دوایانەی شارەکانی کوردستان

**هاونیشتمانانی بەڕێزا!**
**خەڵکی تێکۆشەری کوردستان!**

بەشوێن زنجیرە ناڕەزایەتی‌و خۆپیشاندانەکانی خەڵکی شارەکانی کوردستان لە ماوەی نزیك بە یەك مانگ‌ونیوی رابردوودا، رێژیمی کۆماری ئیسلامی لەجیاتیی وەڵامدانەوە بە ئیعترازی خەڵکی کوردستان‌و بایەخدان بە داخوازەکانیان وەك سیاسەتێکی هەمیشەیی پەنای بردە بەر سەرکوتی بێبەزەییانەو لە ئاکامی ئەو سەرکوتکردنەدا، بە دەیان کەس کوژراون‌و بە سەدان کەس بریندارو دەستگیر کراون.

دەستگیرکراوەکان بە تاوانی بەشداریکردن لە خۆپیشاندانە هێمنانەکاندا لە لایەن هێزە ئینتیزامی‌و ئیتلاعاتی‌یەکانەوە بە توندترین شێوە کەوتوونەتە بەر ئەشکەنجەو ئازار. لە نێو دەستگیرکراوەکان دا کەسانێك وەك خاتوو رۆئیا تلووعی، چالاك لە بواری دیفاع لە مافی ژنان لە کوردستان، سەعید ساعیدی‌و ئیجلال قەوامی‌و مادێح ئەحمەدی‌و ئازاد زەمانی، دەبینرێن. سەعید ساعدی‌و ئیجلال قەوامی لە رۆژی ٢٢ی گەلاوێژ بەرانبەر ٢٠٠٥/٨/١٣ بە ئیعتراز بە دەستگیرو ئەشکەنجەی زیندانی‌یەکان دەستیان داوەتە مانگرتن لە خواردن. ناوبراوان بە توندترین شێوە لە ژێر ئەشکەنجەی جیسمی‌و رۆحی‌دان‌و لە وەزعییەتێکی نالەباردا دەژین‌و گیانیان کەوتۆتە مەترسی‌یەوە.

وێڕای مەحکوومکردنی کردەوە دژە مرۆڤانەکانی رێژیم داوا لە هەموو کۆڕو کۆمەڵە مرۆڤدۆستەکان، رێکخراوەکانی پارێزەری مافی مرۆڤ، لێبوردنی نێونەتەوەیی‌و هەموو رێکخراوە سیاسی‌و مرۆڤدۆستەکان دەکەین کە بۆ رزگاریی بەندکراوە سیاسی‌یەکان بەگشتی‌و رۆئیا تلووعی، سەعید ساعیدی، ئیجلال قەوامی، مادێح ئەحمەدی‌و ئازاد زەمانی بەتایبەتی هەوڵ بدەن‌و فشار بخەنە سەر رێژیمی کۆماری ئیسلامی‌و دەنگی ناڕەزایەتیی خۆیان لەو بارەوە بەرز بکەنەوە. دیفاع لەو زیندانی‌یە سیاسییانە دیفاع لە مافی ئینسان‌و دیفاع لە ئازادی‌و دێموکراسی‌یە.

**دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**٢٠٠٥/٨/٢٢ (١٣٨٤/٥/٣١)**

### راگەیاندراوی خەبەری

## جارێکی دیکە رێژیمی کۆماری ئیسلامی جینایەتی خوڵقاند

لاوێکی خەڵکی شاری بانە بە ناوی شەفیع سوهەیلایی، کوڕی مەلاحامید سیاوەمە لە خۆپیشاندانەکانی شاری سنەدا لە لایەن هێزە ئینتیزامی‌یەکانەوە دەستگیر کرابوو و بۆ ماوەیەك بنەماڵەکەی لە چارەنووسی بێخەبەر بوون تا شەوی ٨٤/٦/١ کە لە لایەن ئیتلاعاتی شاری بانەوە بنەماڵەکەی ئاگادار کران کە تەرمی کوڕەکەیان وەرگرنەوە. بەڵام لەبەر ئەوەی لە تەرمی لەت لەت کراوی کوڕەکەیان فیلم‌و عەکس هەڵنەگیردرێ بەزۆر بنەماڵەکەیان ناچار کرد هەر ئەو شەوە تەرمی کوڕەکەیان لە گوندی سیاوەمە بەخاك بسپێرن.

لەگەڵ مەحکووم کردنی ئەو جینایەتەو سەرەخۆشی‌کردن لە بنەماڵەکەیان بۆ جارێکی دیکە داوا لە هەموو کۆڕو کۆمەڵە مرۆڤدۆستەکان، رۆژنامەنووسان، رووناکبیران‌و... دەکەین لە ئاست ئەو جینایەتە کە دڵنیاین ئاخرجینایەتی رێژیم نابێ، بێدەنگ نەبن.

**کومیتەی راگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**١٣٨٤/٦/٥(٢٠٠٥/٨/٢٧)**

## دیداری هەیئەتێکی حیزب لەگەڵ هەیئەتێکی حیزبی کۆمۆنیسۆتی ئێران (کۆمەڵە)

رۆژی سێشەممە ١٣٨٤/٦/١ هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرۆکایەتیی بەڕێز کاك مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزب‌و بەڕێزان عەلی مێهرپەروەر، مستەفا مەولوودی‌و محەممەدنەزیف قادری، ئەندامانی دەفتەری سیاسی‌و سەید رەزا دروودگەرو سمایل بازیار ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی‌و عیرفان رەهنمون ئەندامی موشاویری کۆمیتەی ناوەندی، سەردانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران ـ کۆمەڵە ـ یان کردو لە لایەن بەڕێزان کاك سەید برایم عەلی‌زادە سکرتێری گشتی‌و سەلاح مازووجی، رەشید شوکر رەزاقی، عوسمان رەمەزانی‌و ئەحمەد سالحی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵەوە پێشوازیی لێ کراو لە دانیشتنێکی دۆستانەدا باسێکی سیاسی لەسەر وەزعی سیاسیی ئێران‌و کوردستان‌و ئاکامی هەڵبژاردنی دەوری نۆهەمی سەرۆك کۆماریی ئێران‌و هۆکارەکانی سەرکەوتنی ئەحمەدی‌نەژادو سەرهەڵدانەکانی شارەکانی کوردستانی ئێران کرا.

لە بەشێکی دیکەی ئەو باسەدا پێویستیی هاوکاری‌و هەماهەنگیی هێزە سیاسی‌یەکانی ئێران‌و کوردستان هاتە گۆڕێ‌و هەر دوولا پێیان لەسەر ئەو هاوکاری‌یە داگرتەوە.

# چالاکیی تەبلیغیی ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزب
# لە شارو ناوچە جۆرارجۆرەکانی کوردستاندا

**بۆ بەرزراگرتنی یادی شەستەمین ساڵی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزب لە زۆربەی شارو ناوچەکانی کوردستان چالاکیی تەبلیغییان بە شێوەی کردنەوەی ئاگرو نووسینی دروشم‌و بڵاوکردنەوەی CDی و شیرینی‌و تراکت بەرێوە برد.**

### سنە:

گەڕەکەکانی مەجبوورئاوا، مامۆستا حەقیقی، دەوروبەری مزگەوتی سەیفی‌و محەممەدی غەزاڵی، دەوروبەری قوتابخانەی ٧ی تیر، مزگەوتی سەلمانی فارسی، مزگەوتی جەماڵەدین ئەسەدئابادی، پشتی شیرکەتی تەعاونیی رووستایی، دەفتەری فەننی، شێخان، قەتارچیان، مەردوخ، پادگان‌و حاجی‌ئاوا، هەروەها دێگولانیش سوومەلی، کوچکەڕەش، کێوی بەرانبەر چراغ ئاوا، دەشتی دێگولان‌و پشتی کەڕەنان.

### کامیاران:

شەقامی ١٢ میتری، کۆڵانی قوتابخانەی کچانەی شار، تەپەی پیرمحەممەد، دەوروبەری ئیدارەی ئاگاهی، ئاسنگەران، گۆمەتە، ماویان‌و گوندەکانی بزوەش‌و گازرخانی.

### باینگان:

لووتکەی ناوکاو (دەکەڵی باینگان)، نێوان بنکەکانی سوپای پاسداران‌و گروهانی ئینتیزامی، بەرانبەر تەربییەت بەدەنی، هاوینەهەواری مەهر، هاوینەهەواری شیوەسەر، بەرزایی‌یەکانی کانی ئەحمەد، سیسەرو ساڵح لە ئاوایی بەلان‌و ئاوایی شمشیرو قشڵاق.

### مەهاباد:

گەڕەکەکانی دۆڵی کەروێشە، تەپەی قازی، فەرهەنگیان، موکریان، ئازادەگان، باغی شایگان، پشت تەپ، بەری مەدرەسەی شیلان باغی، مەیدانی شۆڕش، ئەسحابەسپی

ئاوایی‌یەکانی ناوچەی شاروێران، شامات، چۆمی مەجیدخان، مەحاڵو... .

### ورمێ:

بۆزی سینا، بەرزایی‌یەکانی ژاراوەو فلکان، بەرزایی گروان، زینێ‌و سەری رەینی، راژان‌و تەرگەوەر وەك: بالولان، ئەبنی‌و خوشەکوو.

گوندەکانی گێسیان، لۆرزنی، پێراسپ، خوراسپ، ژاراوا، گردوان، شێرەکان، زێوەو دزە.

هەروەها لە نێو شاری ورمێشدا لەم شوێنانە کاری تەبلیغاتی کراوە:

کوشتارگا، ئیسلام ئاباد، گرەجوو، دزەی سیاوەش، شێخ تەپە، ئەلواجو تەرزیلوو.

لە شارەدێی "بالاو" بەرزایی‌یەکانی مەرگەوەر.

### کرماشان:

شەقامەکانی فەرهەنگیان فازی ١، گوڵستان، جەوانشیر، دەوڵەت ئاباد، سەنگەر، پشتی دارایی‌و کۆڵانی لەکەکان.

چوارڕای جەوانشیرو بازاڕی کرماشان

### مەریوان:

زۆربەی شوێنەکانی نێو شار، گوندەکانی نێ، دەرەتفێ، کانی سانان‌و زۆربەی گوندەکانی بەری بەگزادە، میانە، بەرزایی‌یەکانی کوڕەی میانەو گوندی هوویە.

### شارەدێی ئەوێهەنگ

کێوی ئالاژی، خانەجەبارو کێوی تەلان لە بەرامبەر ئاوایی.

### ئاوایی هوویە

شەوی ٢٩ لەسەر ٣٠ی گەلاوێژی ١٣٨٤، ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ئاوایی "هوویە" سەر بە ناوچەی ژاوەرۆی مەریوان بە بۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ، ٦٠هەمین ساڵی دامەزرانی حیزب کۆمەڵێك چالاکیی تەبلیغاتی‌یان لە شێوەی بڵاوکردنەوەی تراکت‌و نووسینی دروشمی حیزبی‌دا بەڕێوەبردو هەروەها ئاگری ٢٥ی گەلاوێژیان لە بەرزایی‌یەکاندا کردەوە.

### سەلماس:

گوندەکانی مەلحەم، هەفتەوان، ئیسلام ئابادو شاری تازەشەهر.

### نەغەدە:

لەبەرکردنی جلوبەرگی رازاوەو بڵاوکردنەوەی شیرینی‌و هەڵکردنی چرای ماشینەکان.

### پاوەو جوانرۆ:

شەوی ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٨٤، بە بۆنەی شەستەمین ساڵیادی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران خەڵکی ئازادیخوازی شارەکانی پاوەو جوانڕۆ بە شێوەیەکی بێوێنەو بەکردنەوەی ئاگر ئەم رۆژە مێژوویی‌یەیان جەژن گرت.

کردنەوەی ئاگر لە چواردەوری شاری پاوەدا و رێگای پاوە بۆ کرماشان.

شاخی کەلەقەندی، شاخی ئاتەشگا، جاددەی کەمەربەندی (لە بەرزایی‌یەکی ئەو جاددەیەدا بە ناوی "بازی مەکرۆلی" ئاڵای کوردستان هەڵ کراو خەڵك لە دەوری کۆبوونەوە)، گوندەکانی خانەگاو دوریسان (ئاڵای کوردستان هەڵکرا).

### نۆدشە:

بەرزایی‌یەکانی ملەگاو دەشپیکەو ملەگاسوورە

### نەوسوود:

لەسەر بەرزایی‌یەکانی مەیدانی جوولەکەو ملەگا قوولە.

### شنۆ:

چوارڕای شار، گەڕەکی سەیداوێ، شەهیدان، مام تەمرو گوندەکانی ئالیاوێ، خانلەر، جریلاوێ، ئاشی، گوندوبڵە، حەسەن نووران‌و قەڵاتانی سندوس، گردەرەش، گڵەجان، پادار، کێوی حاجی عەولا، زەمێ، سوڵتان مستەفا، بێژاوێ، خانلەر، گردکاشان، نەلیوان، نەلول، ئاڵیاوێ‌و سۆفیان‌و شاخەکانی ئاسنبەران.

### بۆکان

میراوا، مەجبوورئاوا، پارکی ساحلی، کوی محەممەدیان‌و جاددە حەسار ئاوایی‌یەکانی حسێن مامەو وشتەپە کراوەتەوە.

ئاوایی‌یەکانی ئاڵی‌کەند، داشبەند، عەباساوا و مەڵالەر.

### سەقز:

گەڕەکەکانی شاناز، حاجی‌ئاوا، سیلۆ، بەردبران، جووتیاران، تەقی‌ماڵان، کانی گەرمکاو، بلواری ئینقلاب، بلواری وەحدەت، شەقامی سەعدی، پارکی کەوسەر، پارکی مەولەوی، مەیدانی هەڵۆ، شەقامی ساحلی، پاساژی سابریان‌و گوندی قەوخ، شاخەکانی نێوان گەورەقەڵاو ساین قەڵا، قەڵاگا، خورمتا، بنوان، سەرواڵە، گوندەکانی گەورەقەڵاو خورمتاو بارام‌و شارەدێی ساحێب.

### هەوشار:

کێوی بێژنگ بەسەر کە زاڵە بەسەر گوندەکانی خولێنە، مەحموودئاوا، گوڵچەرمووو هەرمۆڵە، گوندەکانی زەیکەنی، قشڵاق‌و دەوروبەری.

### ئیلام:

شەقامی سەلمانی فارسی، گەڕەکی نەوروزئاوا، شەقامی ١٥ی خورداد، بانبەرز ناوەندی شار، ٢٢ی بەهمەن‌و بلواری سەیدوشوهەدا.

### بانە:

بەرزایی‌یەکانی پشت گوندەکانی قاییەرد، زەروار، یاکوباوا، سیوچ، میراواو ساوان‌و زۆربەی گوندەکانی ناوچە.

### رەبەت:

شەقامی سەرەکیی شار، شەقامی مەعەلیم، شەقامی ئازادەگان، گەڕەکی سەرچاوە، گەڕەکی قەڵات، جاددەکانی لیلانێ، هۆرمزاوێ‌و کانی گوێز، بەرزایی‌یەکانی "ئەستۆك"و پشتی گوندەکانی لیلانێ‌و ماوەڵۆ.

### پیرانشار:

زەرگەتە، دۆڵی قیسقەپان، فەرهەنگیانی ١، فەلەکەی محەممەدی هەورازو فەلەکەی ئیستقلال بەرزایی‌یەکانی: بەردەزەرد، کێلە سپیان، قەڵاتی رەشێ، بەردەگوێزو تەواوی بەرزایی‌یەکانی لاجان‌و نەڵێن‌و بەری مێرگان و گوندی جەڵدیان، پەسوێ‌و سۆفیان.

### سەردەشت:

گردەسوور، پشتی کانی‌مەڕی، کانی بۆگەن، بەری پاندی، کەندی کەسپی، وارشی قازیاوێ، ئیستادیۆمی شار، گەڕەکەکانی ئاشان، جووتیاران، شێخ شەرەفان، نێزەڕۆ، فەرهەنگیان، بەردەقوچ، شیوەبرایە، پارکی کودەك، قەبرستانی شار، دۆڵتانچك، سەرچاوێ، هەنداوێ، حەمامی شکوفەو بەری کەرێزێ.

گوندی مارەغانی‌و جاددەی نێوان مارەغان‌و شاری سەردەشت، شەقامی کەمەربەندی، شەقامی نەخۆشخانە تا سینەما، مەیدانی سەرچاوێ‌و دەوروبەری، چوارڕای فەرمانداری‌و دەوروبەری، لە دەروازەی شار تا چوارڕای فەرمانداری، پارکی کودەك، پارکی نێوشار، گەڕەکەکانی: کانی مەڕێ، ئازادەگان، مزگەوتی شێخ مەولانەو دەوروبەری، کانی خان، قەبران، سابلاغیان، سەرجەم گەڕەکەکانی گردەسوور لە قەبارنەوە تا پێش قوتابخانەی مەنوچێهری، دەوروبەری مەیدانی فوتباڵ، دەوروبەری خانەی مەعەلیم، دەوروبەری دادگا، دەوروبەری نەخۆشخانە، مەیدانی دیناران، کۆڵانی ئاسن گەران‌و سێڕای ژاژۆکە.

شەقامەکانی: کەمەربەندی، شەهید ساڵحی، وەیسی قەرەنی، قوتابخانەی ١٤ی ئازەر، قوتابخانەی پێش دانشگاهیی کچانەو مزگەوتی عومەری خەتاب.

ناوچەی بۆڵفەت:

بەرزایی‌یەکانی چیای کاسە شکێنەو زنجیرە کێوی "کۆخێوەت" کە زاڵە بەسەر ئاوایی‌یەکانی دارەکۆن، مەزرا، مام کاوێ، کانی زەرد، سپی لارێ، ساوان‌و دۆڵی خانووان ناوچەی هۆمل: لە زنجیرە چیای "هۆنیەماڵ" کە زاڵە بەسەر گوندەکانی قەڵەڕەشی، سوورەچۆم، دەرمانەوێ، سێوەتاڵ، دۆڵەبی‌و دۆڵەگەرم.

***

## سەردانی هەیئەتێکی یەکیەتیی شۆڕشگێڕان
## لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزب

رۆژی پێنج شەممە کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ هەیئەتێکی یەکیەتیی شۆڕشگێڕانی گەلی کوردستان بە سەرپەرستیی بەڕێز حسێن یەزدانپەنا سکرتێری گشتی‌و بە یاوەریی بەڕێزان شەماڵ پیران‌و شوانە مەحموودی ئەندامانی سەرکردایەتیی سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی کردو لە لایەن بەڕێز مستەفا هیجری سکرتێری گشتی‌و بەڕێزان محەممەد نەزیف قادری ئەندامی دەفتەری سیاسی‌و کەماڵ کەریمی‌و سەید برایم هاشمی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیەوە پێشوازیی لێ کرا.

لە دانیشتنێکی دۆستانەدا بەڕێز حسێن یەزدان پەنا مەبەست لە سەردانەکەی پیرۆزبایی ٦٠ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی باس کردوو لەو پێوەندی‌یەدا ئیشارەی بەوە کرد کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ماوەی خەبات‌و تێکۆشانی‌دا لەنگەری جووڵانەوەی بە دەستەوە بووەو باشی راگرتووە لە کاتی دامەزرانیەوە تا ئێستا زۆر بەرپرسانە لەگەڵ حیزب‌و لایەنە کوردستانی‌و خاریجی‌یەکان دا پێوەندی‌یەکانی خۆی پاراستووە حورمەتی لە تێکۆشانی نیشتمانپەروەرانی کورد گرتووە، هەر بۆیە ئێمە لە دۆستایەتیمان دا شانازی بە ئەو پێوەندی‌یە دەکەین.

لە بەشێکی دیکەی دیدارەکەدا باس لە سەرهەڵدانەکانی خەڵکی شارەکانی کوردستان کراو لەو پێوەندی‌یەش دا ئاماژە بە بەرز بوونی هەستی نەتەوەیی‌و وشیاریی خەڵکی شارەکانی کوردستان کراو بۆ بە ئامانج گەیشتنی ئەو خەباتە جەخت لەسەر هاوکاری‌و پێوەندیی بەردەوامی هەموو حیزبە کوردستانی‌یەکان کراو جارێکی دیکە پێویستیی ئەو هەماهەنگی‌یە خرایە بەرباس.

هەر لەو پێوەندی‌یەدا بەڕێز مستەفا هیجری سوپاسی هەستی دۆستایەتی‌و بەرپرسایەتیی ئەوانی کردوو، ئامادەیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی بۆ هاوکاری لەگەڵ هەموو تێکۆشەرانی کوردو خەباتکارانی رێگای ئازادی‌و دێموکراسی کە بۆ ئێرانێکی دێموکرات‌و فیدراڵ‌و چارەسەری مەسەلەی نەتەوایەتی خەبات دەکەن، دەربڕی.

## سەردانی شاندێکی حیزبی دێموکراتی
## پێشکەوتنخوازی کورد لە سووریە
## لە دەفتەری سیاسیی حیزب

رۆژی ١٧ی گەلاوێژی ١٣٨٤ (٨ی ئووتی ٢٠٠٥)، شاندێکی حیزبی دێموکراتی پێشکەوتنخوازی کورد لە سووریە کە پێکهاتبوون لە بەڕێزان د.سەلاح دەرویش‌و شەلال کرو، ئەندامی دەزگای راگەیاندنی حیزب سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزب کردو لە لایەن بەڕێزان مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزب‌و عەلیی مێهرپەروەرو محەممەدنەزیف قادری، ئەندامانی دەفتەری سیاسی‌و کاوە بەهرامی‌و رۆستەم جیهانگیری، ئەندامانی کومیتەی ناوەندی‌یەوە پێشوازی لێ‌کرا.

لە دانیشتنێکی دۆستانەدا د.سەلاح دەرویش باسێکی لەسەر بارودۆخی کورد لە سووریە پێشکەش کردو لە باسەکەی‌دا ئاماژەی بە پێشێلکرانی مافی نەتەوەیی‌و سیاسی‌و فەرهەنگی کوردی لەم وڵاتەدا کرد. لە بەشێکی دیکەی باسەکەی‌دا ئاماژەی بە سەرهەڵدانەکانی خەڵکی شارەکانی کوردستانی ئێران کردو ئەم خەباتە سیاسی‌و نەتەوەیی‌یەی بەرز نرخاند.

پاشان کاك مستەفا هیجری لەسەر رەوشی کورد لە ئێران، هەڵبژاردنی دەوری نۆهەمی سەرکۆماریی ئێران، چۆنیەتی سەرهەڵدانەکانی شارەکانی کوردستان، پێکهاتنی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ‌و شوێنەواری ئەم کۆنگرەیە لەسەر رەوتی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی گەلانی ئێران کرد.

لە کۆتایی‌دا هەردوولا پێیان لەسەر دۆستایەتی‌و هاوکاریی برایانە داگرتەوە.

***

# ڕێورەسمەکانی یادی ٦٠ ساڵەی دامەزرانی حیزب لە دەرەوەی وڵات

بە بۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ، شەستەمینساڵی دامەزرانی حیزبەوە، کومیتەو دەفتەرەکانی نوێنەرایەتیی حیزب لە دەرەوەی وڵات، یادی دامەزرانی حیزبیان بەرز ڕاگرتو بە شێوەی جۆراوجۆر باسی خەباتو تێکۆشانو دەسکەوتەکانی شەست ساڵەی تەمەنی حیزبیان کرد. لە خوارەوە ئاماژە بەو چالاکییانە دەکەین کە لەم پێوەندییەدا ئەنجام دراون:
ئامریکا ٢٠٠٥/٨/١٤، سویس ٢٠٠٥/٨/٢٧،

***

# پشتیوانیی کوردەکانی نیشتەجێی وڵاتانی ئورووپایی لە خەڵکی ڕاپەڕیوی کوردستان

بە مەبەستی هاودەنگیو پشتیوانی لە زنجیرە خۆپیشاندانە هێمنانەو مافخوازانەکانی خەڵکی کۆڵنەدەرو قارەمانی شارەکانی کوردستانو دەربڕینی نارەزایەتی لە سەرکوتو کوشتاری ڕۆڵەکانی نەتەوەکەمان بە دەستی مەئموورە کوردکوژەکانی کۆماری ئیسلامی لە دوو مانگی ڕابردوودا، کوردانی دانیشتوی دەرەوەی وڵات بە هاوکاریی حیزبو ڕێکخراوە کوردیو سەرانسەرییەکان بە وەڕێخستنی زنجیرەیەك خۆپیشاندان لە بەرانبەر باڵوێزخانەکانی کۆماری ئیسلامیداو، بە نووسینی نامە بۆ ناوەندەکانی پارێزەری مافی مرۆڤو هەروەها کاربەدەستانی وڵاتانی ئورووپاییو ئامریکایی، هاواری مافخوازانەی خەڵکی زوڵملێکراوی کوردستانیان بە گوێ خەڵکی جیهان گەیاند. هێندێك لەو وڵاتانە بریتین لە: ئاڵمان ـ فرانکفۆرت (٢٠٠٥/٨/٥)، ئوستralیا ـ کانبرا (٢٠٠٥/٨/٦)، دانیمارك ـ کۆپێنهاگ (٢٠٠٥/٨/٦)، ئاڵمان ـ بێرلین (٢٠٠٥/٨/٧)، ئوستralیا ـ ئادلاید (٢٠٠٥/٨/١١)، ئاڵمان ـ دوسلدورف (٢٠٠٥/٨/١٣)، ئوتریش ـ ڤیەن (٢٠٠٥/٨/١٩)

# نامەی بەشی پێوەندییەکانی حیزب لە ئاڵمانو ئوتریش بۆ سەرۆکەکانی حیزبو فراکسیۆنە پارلمانییەکانی وڵاتانی ئەڵمانو ئوتریشو پارلمانتێرەکانیان لە پارلمانی ئورووپا

**بەڕێزان!**

نزیکەی مانگێکە لە شارەکانی کوردستانی ئێراندا چالاکیی ئێعترازیی دژی سیاسەتی سەرکوتو جیاوازیدانانی کۆماری ئیسلامی دەرحەق بە گەلی کورد بەڕێوەدەچێ.

بۆ سەرکوتکردنی خۆپیشاندانە هێمنانەکان، ڕێژیم یەکە سەرکوتکەرە تایبەتییەکانو پاسداری لە شارەکانی دیکەی ئێرانەوە گوێزتۆتەوە ناوچەکانی کوردستانو لە گیانی خەڵکی بەرداون.

لە هێرشی ئۆرگانە دژیگەلییەکان بۆ سەر خۆپیشاندانەکانی لانیکەم ٢٠ کەس کوژراون، سەدان کەس برینداربوونو گیراون.

ڕێژیمی ئێران لەکاتێکدا هێرشەکانی بۆ سەر گەلی کورد توندوتیژ کردوە کە یەکیەتیی ئورووپا لەگەڵ کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە بەرنامە ئەتۆمییەکەی لە وتووێژدایە.

کۆماری ئیسلامی هەمیشە هەوڵی داوە سیاسەتی ئورووپا لە بوارەکانی دێموکراسیو مافی مرۆڤدا وەك "ئامرازێك بۆ گەیشتن بە ئامانج" بێنێوەرۆك بنوێنێو بێئێعتباری بکا.

ئێستا بە بێدەنگیی ڕۆژئاوا، ڕێژیم هەلی بۆ هەڵکەوتوە لە لایەکەوە زەبروزەنگو سەرکوت دژی گەلی کورد توندوتیژ بکاو لە لایەکی دیکەوە ئەو هەستە بەربلاوتر بخاتە نێو خەڵکی ئێرانەوە کە ئورووپا لە وتووێژەکان تەنیا بەرژەوەندییەکانی ئابووریی خۆی لەبەرچاوەو هەرکاتێك پێویست بێ ئامادەیە لە پێناوی پاراستنی بەرژەوەندییەکان، دێموکراسیو مافی مرۆڤ بخاتە ئارشیڤەوەو واز لە باس لێکردنیان بێنێ.

بێدەنگیی سەرسوورهێنەری هێزە دێموکراتیکەکانی ئورووپا ئەورۆ بەرامبەر بە لەژێرپێنانی سیستماتیکی مافەکانی مرۆڤـو بەرامبەر بە سەرکوتی دڕندانەی خەڵکی کوردستان بەداخەوە ڕێژیم لە سەر پێشێلکارییەکان سوورتر دەکاو دەبێتە هۆی تەمابڕاویی زیاتری نەتەوەکانی ئێران لە سیاسەتی ڕۆژئاوا بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامی.

ئەو ڕەوتە جێی مەترسییە تەنیا کاتێك بەری پێدەگیرێ کە یەکیەتیی ئورووپا بەکردەوە بەرپەرچی سیاسەتو ئامانجی ڕێژیمی ئێران بداتەوە.

ئێمە داوا لە ئێوەی بەڕێز، دەکەین کە هەم لە حیزبو هەم لە فراکسیۆنەکانتاندا هەڵوێستی ڕاشکاوانە دژی ڕێژیمی تیرۆریستیی ئێران بگرن.

گەلی کورد بە تەنیا مەهێڵنەوەو دژی هێرشی دڕندانەی ڕێژیمی ئێران لە کوردستان بوەستنەوەو پشتیوانی لە داوا ڕەواکانی ئێمە بکەن.

داواتان لێدەکەین ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بخەنە ژێر گوشارەوە تا کۆتایی بە کوشتاری خەڵکی کوردستان بێنێو دەسبەجێ زیندانییە کوردەکان کە ناچارن توندترین ئەشکەنجە تەحەممول بکەن، ئازاد بکا.

ئێوە بە پشتیوانیی خۆتان دەتوانن هێزە دێموکراتەکان، دڵگەرم بکەن کە بەردەوام بە چارەسەری سیاسیو ئاشتیخوازانەی مەسەلەکانو وەدیهێنانی داخوازییەکانیان هیوادار بن.

***

# بانگەوازی کۆمەڵەی بەرگری لە مافە پێشێلکراوەکانی خەڵکی کوردستانو ناوەندی پارێزەرانی مافی مرۆڤی کوردستان لە خەڵکی ئوستانی کرماشان بۆ ڕاگرتنی خامۆشی لە شەودا بە پشتیوانی لە ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان

ئەنجومەنە ئەدەبیو فەرهەنگییەکانی ئوستانی کرماشانو شارەکانی پاوەو جوانڕۆو باینگان، نۆدشە، نەوسوودو... داوایان لە خەڵکی شارو شارۆچکەکانی ئوستانی کرماشان کردوە، بە نیشانەی هاودەردیو هاوهەنگاوی لەگەڵ خەڵکی شارەکانی کوردستانو سەرهەڵدانەکانی ئەو شارانەو مەحکوومکردنی کردەوە دژی گەلیو تیرۆریستییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانو شەهیدکردنی پۆلێك لە لاوانی بەهەستی کوردستانو بریندارکردنو زیندانیکردنی ژمارەیەکی زۆر لەو تێکۆشەرانەی ڕێگای ئازادیو ڕزگاریی گەلەکەمان، داوا دەکەن لە شەوی ٢٠ی گەلاوێژەوە بۆ ماوەی ٣ شەو، ٥ دەقیقە خامۆشی ڕابگیرێو ئەم هەڵوێستە بە ڕێژیم نیشان بدرێ کە خەڵکی کوردستان یەکپارچە لەسەر خەبات بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی سوورەو لە کردەوەکانی ڕێژیم بێزارە.

جێی باسە کە ڕێژیم لە شارەکانی جوانڕۆ، پاوەو کرماشان، بە تەواوی تەلەفوخانەکانو ناوەندە ئینتێرنێتییەکانی لە ژێر کۆنترۆڵی دایەو تا ئێستا چەند کەسی گرتوە.

**کۆمەڵەی بەرگری لە مافە پێشێلکراوەکانی خەڵکی کوردستان**
**ناوەندی پارێزەرانی مافی مرۆڤ**
**لە کوردستان**

**١٩ی گەلاوێژی ١٣٨٤ی هەتاوی (٢٠٠٥/٨/١٠ی زایینی)**

***

# چاوپێکەوتنی شاندێکی کومیتەی حیزب

## لە ئوستralیا لەگەڵ بەڕێز سناتۆر ئاندرۆ بارتلێت

ڕۆژی ٢٠٠٥/٨/٢٥، هەیئەتێکی کومیتەی حیزب لە ئوستralیا کە پێکهاتبوو لە: کاك سەلاح پوورئەسەدو کاك مەسعوود پیران لە شاری بریزبێن سەردانی سەناتۆر "ئاندرو بارتلێت" لە حیزبی دێموکراتی ئوستralیای کرد.

لە سەرەتای کۆبوونەوەکەدا هاوڕێیانی حیزبی لەوەی کە ناوبراو بەشداریی لە خۆپیشاندانەکەی شاری بریزبێن کردبووو بەپیر بانگەوازی حیزبەوە هاتبوو، سوپاسیان کرد.

پاشان بە درێژی لەسەر جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی دەرهەق بە گەلی کوردو بەتایبەتی کوشتاری ئەم دوایانەی شارەکانی کوردستانی ئێران دوانو ڕۆڵی کۆماری ئیسلامییان لە پشتیوانی لە تیرۆریزمی نێودەوڵەتی بۆ ناوبراو شی کردەوە.

بەڕێز سناتۆر باتلێت بەڵێنی دا وەك هەمیشە پشتیوانی لە داخوازەکانی گەلی کورد بکاو ئەم جینایەتانەی کۆماری ئیسلامی لە ناو پارلمانی ئوستralیا بێنێتە بەرباسو لێکۆڵینەوە. هەروەها بەڵێنی دا بەپێی توانا هەوڵ بۆ ئازادکردنی گیراوە سیاسییەکان بدا.

لە کۆتاییدا سناتۆر بارتلێت جارێکی دیکە پشتیوانیی خۆیو حیزبەکەی لە خەباتی گەلی کوردو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دوویات کردەوە.

# لە ژێر دروشمی "لە ڕاپەڕینی لاوانی شارەکانی کوردستان پشتگیری دەکەین" سێهەمین کۆنگرەی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەستی پێکرد

کاتژمێر ٣٠: ٩ پێشنیوەڕۆی پێنجشەممە، ٢٠ی گەلاوێژی ١٣٨٤ی هەتاوی، ڕێوڕەسمی کردنەوەی سێهەمین کۆنگرەی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستان لە ژێر دروشمی "لە ڕاپەڕینی لاوانی شارەکانی کوردستان پشتگیری دەکەین"و بە سروودی نەتەوایەتیی "ئەی ڕەقیب" دەستی پێکرد. دواتر سلایدێك لە کارو تێکۆشانو مێژووی ئەم ڕێکخراوەیە نیشان درا، پاشان ئەودا کاك مستەفا مەعرووفی، بەرپرسی پێشووی یەکیەتیی لاوان وێڕای پێشکەشکردنی وتەیەك کۆنگرەکەی کردەوەو بەشوێن ئەودا سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بەڕێز کاك مستەفا هیجری پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی بەم بۆنەیەوە پێشکەش کرد.

ڕێوڕەسمی کردنەوەی کۆنگرەی سێهەمی یەکیەتیی لاوانی کە لەودا نوێنەرانی کۆنگرەی سێهەمو نوێنەرانی ژمارەیەکی بەرچاو لە ڕێکخراوەکانی لاوانو خوێندکارانو ڕێکخراوە مەدەنییەکانو ئەندامانی ڕێبەرایەتیو ژمارەیەکی زۆر لە لاوانو کادرو پێشمەرگەکانی حیزب ئامادە بوون، بە بەرنامەی هونەریو خوێندنەوەی پەیامی ڕێکخراوە دۆستو هاوپەیمانەکان کۆتایی پێهات. شایانی باسە هەر لە هەمان ڕۆژدا کارە فەرمییەکانی سێهەمین کۆنگرەی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەستیان پێکرد.

# ڕاگەیەندراوی بەڕێز خاتوو "ئووتا تساپف" بە بۆنەی ڕووداوەکانی کوردستانی ئێرانەوە

شەپۆلی گرتنی نەیاران لە ئێران لەگەڵ دەستبەکارکردنی سەرکۆماری نوێو سەرکوتی نەیاران لە هەموو ئێراندا توندوتیژتر بووە. بەتایبەتی لە کوردستانی ئێراندا هێزە ئینتیزامییەکان دڕندانە هێرش دەکەنە سەر خەڵك. لە هەر جێگەیەك کورد دژی سیاسەتی مەلاکان خۆپیشاندان وەڕێ بخا، دەگیرێو دەکوژرێ.

بارودۆخ لە کوردستانی ئێران بەتایبەتی لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا زۆر ئاڵۆز بووە، تەنیا لە سەقز ١١ کەس بە دەستی هێزە ئینتیزامییەکان کوژراون، سەدان کەس گیراون کە لە نێویاندا ژمارەیەك چالاکی بواری مافی مرۆڤـ بەدی دەکرێن. زۆر لە گیراوەکان بێسەروشوێنن. دەزانین کە زیندانییەکان لە زیندانەکانی ئێراندا ئەشکەنجە دەدرێنو لە وەکیلو خزمەتی دەرمانی بێبەش دەکرێن. لە تۆڵەی ئەوەی ئیعترازیان کردوە مەترسیی کوژران، هەڕەشە لە زۆر لە دژبەران دەکا.

ئێمە سوسیال دێموکراتەکان دژی سەرکوتی دڕندانەی ئۆپۆزیسیۆنی دێموکراتو مافەکانی کەمایەتیی کورد ئێعتراز دەکەین.

**ئووتا تساپف، جێگری کاروباری دەرەوەی حیزبی سوسیال دێموکراتی ئاڵمان لە پارلمان**

# توندگرتنو توندوتیژی زۆرتر لە بەرامبەر بڵاوکراوە کوردییەکاندا بەدوای ڕووداوەکانی کوردستان

**وەرگێڕانی لە ئینگلیسییەوە: فەرۆخ مێهری**

ئەمڕۆ هەواڵنێرانی بێسنوور شەپۆلی ئازارو ئەشکەنجەی ڕۆژنامەنووسانی کورد بەر لە تێکهەڵچوونەکانی ئەم دوایانەدا لە لایەن مەئموورانو بەرپرسانی ڕێژیم لە کوردستانو هەروەها داخستنی ڕۆژنامەی ئاشتیو حەوتوونامەی ئاسۆی بە فەرمانی وەزارەتی فەرهەنگوئیرشادی ئیسلامی مەحکووم کرد.

"ئێمە زەبرو زەنگوو توندوتیژی لە بەرامبەر بڵاوکراوە کوردییەکاندا مەحکووم دەکەین لەبەر ئەوەی کوردستانی ئێران لە بارودۆخی پڕئاڵۆزی ئێستادا زۆرتر لە هەرکاتێك پێویستیی بە ڕۆژنامەنووسانی خۆی هەیە".

ڕێکخراوی چاپەمەنیی ئازاد دەڵێ: "لەو بەرپرسانە داوا دەکەین کە ئازارو ئەشکەنجەدانی ڕۆژنامەنووسانی کوردو داخستنی بڵاوکراوەکانی ئاشتیو ئاسۆ ڕابگرن".

ئاسۆ کە بە زمانەکانی کوردیو فارسی بڵاو دەبێتەوە لە ٣ی ئاگۆستدا لە لایەن دادگای سنەوە (ناوەندی ئوستانی کوردستان) وێدەچێ بە هۆی هەڵوێستو ڕەفتاری سەرنووسەرەکەیو هەروەها بڵاوکردنەوەی هەواڵی ڕووداوەکانی ئەم دوایانەی ناوچە داخرابێ.

دواتر "ئاشتی"یش وێدەچێ هەر بەو هۆیانە داخرابێ. ئاشتی کە بە زمانی کوردی لە تاران بڵاو دەکرایەوە لەم دوایانەدا مۆڵەتی ئەوەی کە لە حەوتوونامەوە ببێ بە ڕۆژنامە وەرگرتبوو. سەرچاوەیەك کە فەرمانی داخستنی ئەم دوو بڵاوکراوەیەی دەرکردوە، وەزارەتی فەرهەنگو ئیرشادی ئیسلامییە.

دەستبەسەرکرانی چەند ڕۆژنامەنووسێك ڕاگەیەندراوە، بەڵام وێدەچێ ژمارەی دەستبەسەرکراوەکان لە کوردستان لە ئاماری ڕاگەیەندراو زۆرتر بێ. ڕۆئیا تلووعی، سەرنووسەری بڵاوکراوەی "ڕاسان"، لە دووی ئاگۆستدا لە لایەن پۆلیسەوە لە سنە دەستبەسەرکرا. ئیجلال قەوامی، ڕۆژنامەنووسی حەوتوونامەی "پیام مردم کردستان"یش هەر لەو ڕۆژەدا دەستبەسەر کراوە. ژمارەیەك لە ڕۆژنامەنووسانی دیکەش، بە هۆی ناڕوون، بەڵام وێدەچێ لە پێوەندی لەگەڵ بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرت لە چەند حەوتووی ڕابردوودا لە لایەن بەرپرسانی ناوچەییەوە بۆ دادگا بانگ کراوبن.

محەممەد سدیق کەبوودوەند، سەرنووسەری "پیام مردم کردستان"، ڕۆژی ڕابردوو بۆ دادگا بانگ کرا، بەڵام، ئەو بێپارێزەرەکەی، عەبدولفەتاح سوڵتانی کە لە ٣٠ی ژوولایدا بە فەرمانی سەعید مورتەزەوی، دادستانی تاران دەستبەسەر کرا، ڕۆیشتە دادگا.

ئەمە جاری یەکەم نیە کە کەبوودوەند لە لایەن بەرپرسانی قەزاییەوە دەکەوێتە بەر ئازارو ئەزییەت. ئەو لە ڕێکەوتی ١٥ی ژووئەنی ٢٠٠٤دا لە سنە بە تۆمەتی "بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتگەلی درۆو پەرەپێدانی بیری جیاییخوازی" بانگ کراو دەستبەسەر کرا کە دادگا دوو حەوتوو دواتر حوکمی داخستنی بڵاوکراوەکەی دەرکرد.

**هەواڵنێرانی بێسنوور**
**٢٠٠٥/٨/٥**

# دیداری نوێنەری حیزب لە ئوتریش

## لەگەڵ بێرت تۆیەرمەنو نیکولاس کێلەر

ڕۆژی پێنجشەممە، ٢٥ی ئوتی ٢٠٠٥، نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ئوتریش، هاوڕێ کاك میرۆ عەلیار لە وەزارەتی دەرەوەی ئوتریش چاوی کەوت بە بەڕێزان "بێرت تۆیەرمەن" (Bert Theuerman)، بەرپرسی بەشی مافی مرۆڤـ لە وەزارەتی دەرەوەی ئوتریشو "نیکولاس کێلەر" (Nicolaas Keller)، بەرپرسی کاروباری پێوەندیدار بە ئێرانەوە لە وەزارەتی دەرەوە.

لەم چاوپێکەوتنەدا ئەم بابەتانەی خوارەوە خرانە بەرباسو لێکدانەوە:

- ڕەوشی مافی مرۆڤـ لە ئێران بە گشتیو لە کوردستان دا بەتایبەتی
- ڕووداوەکانی پێوەندیدار بە مافی مرۆڤەوە پاش دیاریکردنی مەحموود ئەحمەدینژاد بە سەرکۆماریی ئێران
- چالاکییە ئێعترازییەکان لە کوردستانی ئێرانو ئاکامەکانیان
- سیاسەتی ئورووپا لە بوارەکانی مافی مرۆڤـ و دێموکراسیدا

# بژاردە و ئاخاڤتنی میتافۆریك

مەحموود شێرزاد

مێژووی ئاخاڤتنی میتافۆریك مێژوویەکی هاو تەمەنە لەگەڵ مێژووی ئەدەبیات، دیارە بە شێوەی ئاگاهانەکەی دەنا پێش هاتنە ئارا و پێناسە کردنی شتێك بە ناوی ئەدەب مرۆڤ نائاگاهانە و بە شێوەیەکی نەست تەوەری لەو جۆرە ئاخافتنە لەسەر ئاستی هیندێ واتای گشتگیری ڕۆژانە کەڵکی وەرگرتووە. هەر چەند بە شێوەیەکی باو یەکێك لە تایبەتمەندی یەکانی ئەدەب و ئەدەبیات دەقێکی ئەدەبی بە تایبەت ژانری شێعر دەگەرێتەوە بۆ چونیەتی و ئاستی لاوازی و بە هێزیی کەڵك وەرگرتن لە میتافۆر و ئاخافتنی میتافۆریك. بەلام ژینگەی قسە کردن و نووسین بەو شێوازە هەر بە تەنیا ئەدەبیات نیە بەڵکوو دەگەرێتەوە بۆ چەندین بواری دیکە و کۆمەڵێك هۆکاری بنەمایی دێهێنێتە ئاراوە، بۆ وێنە یەکێك لەو هۆکارانە، هۆکارێکی دیکتاتۆرانەیە کە دەسەڵاتدارێتی واقیعی کۆمەڵایەتی دەکا. بە واتایەکی دیکە یاسا و ڕێسا باوە کۆمەڵایەتی یەکان و پەرگیرانە بوونی لایەنگر و داکوکی کەرانی ئەو بەهایانە وا دەکا گوتارێکی مێتافۆریانە و فرە ڕەهەند بەرهەم بێ. شێعر سەرەکیترین ئەو ژانرانەیە کە بە شێوەیەکی بنەمایی لەو گوتارە لە لایەك بە قازانجی شێعرییەتی خۆی کەڵکی وەرگرتووە و لە لایەکی دیکەشەوە بۆتە تریبوونێکی گونجاو بۆ ئەو بکەرە بژاردانەی کە لە واقیعی سەردەمی خۆیان یاخی بوون. لێرەوە قسە کردن لەسەر ئەو بابەتە وەردەگێردرێتەوە بۆ قسە کردن لە بوونی ئازادی و نا ئازادی، دیوار و نا دیوار، ئۆکسیژن و دی ئوکسیدی کەربۆنی کۆمەڵایەتی، مەدەنییەت و نامەدەنییەت، یا بە واتایەکی دیکە ئەگەر ئەو جۆرە ئاخاڤتنە لە دەرەوەی مەبەستی بەخشینی تایبەتمەندی یەکی هونەری و شێعری بێ بەو ئاخێو یا دەقە نووسراوەیە، دەگەرێتەوە بۆ نەبوونی ئازادی و ئامادەبوونی ئامرازەکانی توقاندن و برین و کوشتنی ئەو زمانەی کە لە واقیع یاخی بووە یا بە مێتۆدێکی جیا لە مێتۆدە باوەکان بیر و کاری کردەوە. لەو پرۆسەیەدا بژاردە یەکێك لە سەرەکی ترینی ئەو دەقانەی کە دەکەوێتە بەر هێرشی باوییەتێکی نادیمۆکراتیك، هەر بۆیەش بۆ قسە کردن لە گونجاوترین و یا سەرەکی ترینی ئەو تریبوونانە دەگەرێ کە واقیعی سەرەکی یا بۆی دەستەمۆ نابن یا درەنگ دەتوانێ لێیان تێ بگا. بوونی ئەو هەموو شاعیرەش لە ژینگەی فیکر و ئەدەبیات دا زیاتر دەگەرێتەوە بۆ ئەو واقیعییەتە. واتا دیکتاتۆرییەت وای کردوە بژاردەکان بۆ قسەکردن تریبوونی شێعریان هەڵبژاردووە، یا بەشێکی هەرە بەرچاویان بەو شێوەیە بوونە شاعیر و ئەو پێناسەیان بەدەست هێناوە. یەکێك لە هۆکارەکانی لاواز بوونی فیکر لای ئێمە و بە گشتی دەقی نا شێعری فیکری و هەوڵ و بابەتی تێئوریك دەگەرێتەوە بۆ ئەو خاڵە کە لە سەرەوە باسمان کرد. کەوابوو واقیعی نادیمۆکراتیکی کۆمەڵایەتی ئێمە گەورەترین و کاریگەرترین زەربەی لە ریشەکانی فیکر و بەرهەمهێنانی گوتارێکی رەخنەگرانەی نا شێعری داوین. بە جۆرێك کە لە لایەکی دیکەشەوە روناکبیری‌یەکی شێعری بێتە ئاراوە جیا لەوەی کە هەموو تایبەتمەندی یەکانی شێعر بوونی تێدابێ، ئەو بوارانەش کە پێویستییان بە گوتاری عەقلانی و رەخنەگرانە هەیە بخاتە ژێر هێژموونی نەرێنیانەی خۆیەوە. لێرەوە دەبینی لەناو هەموو بوارەکان دا بە جێگەی ئەوەی کە بژاردەی تایبەت بەو بوارە دروست بێ بژاردەی بۆ وێنە شێعری ـ سیاسی دروست دەبێ، بە هەمان شێوەش ئامرازەکانی کارکردن و گوتارەکانیش بەشێکی بەرچاو لەو شوناس و تایبەتمەندی یە بابەتی یانە پێك دێنن کە هەم سیاسەت و هەمیش پێکهێنەری شێعرن. بەڵام بکەری هەڵگری ئەو گوتارە تێکەڵاوە کە دەکرێ بە گوتاری رێئالی ـ مێتافۆریك ناوەزەدی بکەین هەمیشە لە گەمە بۆ وێنە سیاسی یەکان دا هەرەشەی دۆڕانی لەسەرە، چونکە لە گوتارەکەی ئەو دا زیاتر بڕیارەکان لە عەقڵەوە دێن و بە دەروازەی دڵ دا تێدەپەڕن، واتە دڵ لەسەر بنەمای هەست و سۆز و عاتیفە گوتارەکە دەستکاری دەکا. لێرەوە لایەنی عەقلانی و جیدی بە قازانجی لایەنی ناعەقلانی و سۆزدارانەی لەو جۆرە گوتارەدا دەکەوێتە پەراوێزەوە. لێرەوە دەمهەوێ بڵێم دیکتاتوربوونی واقیع وا دەکا نوخبەی ئازادیخواز پەنا بەرێ بۆ ژینگەیەکی شێعری و میتافۆریك. بەڵام واقیعی ئێستا تا رادەیەك مەجالی ئەوەی تێدایە کە بژاردەکان لە دەرەوەی ژینگەیەکی شێعری کار بکەن بۆ گۆرینی هیندێ لایەنی ئەو واقیعە دیکتاتۆری یە. هەربۆیەش بژاردەکانی ناو ئەو واقیعەی کە بە جیگەی ئوکسیژنی کۆمەڵایەتی هەڵگری دی ئۆکسیدی کەربۆنی کۆمەڵایەتی یە لەپێناو مانەوەدا پێویستیان بە دروست کردنی کۆمەڵێك پێکهاتەی دیکە هەیە، واتە کۆمەڵێك پێکهاتە دیمۆکراتیك و مەدەنی و لە هەمان کاتیش دا نا شێعری، دیمۆکراتیك و مەدەنی بەو مانایە کە هەموو ئەو بوونانەی چ بە ئوکسیژن و چ بە دی ئوکسیدی کەربۆنی کۆمەڵایەتی دەژین لە پێکهاتەیەکی ئارام دا درێژە بە پرۆسەی ژیان بدەن، نا شێعریش بەو مانایە کە پێکهاتەیەکی رێئال دروست بکەن کە تێدا خەیاڵ پێگەی خۆی و بژاردە و ئاوەزیش ئەرك و رەساڵەت و پێگەی خۆیان هەبێ.

# پشیلەی تام کۆنۆر

بەشی یەکەم

ن: فرانك اکونور

کاکی خۆت بۆت بگێڕێتەوە، لەوێ دەور و زەمانێ دا کابرایەك هەبوو، رەنگبێ نێوبانگیشت بیستبێ، پێیان دەکوت تام کۆنۆر. تام پشیلەیەکی هەبوو بەتەنێ بەقەد دە، دوازدە تەڵە بەکار بوو. تام زۆری شایی پێی بوو. ناحەقیشی نەبوو، ئەو پشیلەیە سەد کاوڕە مێی دەهێنا. خۆ ئەگەر ئەوەندە باش نەبووبا مشك ربەیەك گەنمەشامییان بۆ نەدەهێشتەوە. دەزانی چییە. تام لەو عەلافە دەوڵەمەندانە بوو خەریکی کڕین و فرۆشتنی گەنمەشامی بوو. چۆکی لەسەر سینگی بازاڕ دانابوو، بەکەیفی خۆی بازاڕی هەڵدەسووڕاند نرخی گەنمەشامی دەبردە سەرێ و دایدەبەزاند هەر ئەوەندە دە، دوازدە جەواڵی گەنمەشامی دەفرۆشت یان عەمباری دەکرد دەستی خۆی رەپێش دەخست. هەوساری بازاڕە لەدەستی خۆی دا بوو. ساڵێکیان قاڵی و قڕی پەیدا بوو، تام لە ترسی ئەوەی نەکا لە برسا مردووەکان فکری خراپ لە سەریان بدا، بە تەمای عەمبارەکانی بن، هەر بە راستی دەیویست داوا لە دەوڵەت بکا لە نێو ئەرتەش دا بە رەسمی وەر بگیرێ.

کابرایەك (لە قاتی پەیدا بوو)، کە گوێی بۆ قسەکانی شل کردبوو، گوتی: "حەی برۆ حەی لەو ترەهاتە، جا بۆ شتی وا دەبێ. هەی عەمری ئەو دەوڵەتە نەمێنێ. وا بە سێ چوار تەلیس دانەوێڵەوەدەوڵەتە، عەجەب قسەیەکی قۆڕە!

مۆرفی وتی: دەزانی چی کاکی برا، ئەگەر باوەڕت بە قسەکانی من نەبێ ناشتوانم کارێکت بۆ جێبەجێ بکەم عەمر و چاوم، بەبێ درۆ و دەلەسە راستت پێ دەڵێم، بەڵام تکان لێ دەکەم لێمگەرێ با قسەکانم بکەم لە دەمم مەدە، رەنگبێ باوەڕت بە قسەکانی من نەبێ، تۆ لێمگەرێ با هەرچی هەیە رێك و راست بیگێڕمەوە و ئەو جاریش دەزانی ئەو حەقایەتە هەڵگری ئەوەیە گوێی بۆ رادێری. بێجگە لەوەش لە بیرت بێ کاکی من ئەتۆ غەریبی نازانی دنیا چ باسە! لێرە شتی سەیر و سەمەرە رووی دەدا، هەر لە فیزیك و میتافیزیکەوە بگرە هەتا شتی زۆر سەیرتر کۆڵێك بیر و باوەڕ و فکر و خەیاڵ کار دەکاتە سەر شانس و بەختی کابرای لادێیی.

پیاوەکە هیچ لەو پیت و وشە ئاڵۆزانەی ئاخری تێنەگەیشت، مۆرفیش هەر وا بەڵام هەر چۆنێك بوو ئەو بەو قسە قۆڕانەی کابرای دەمکوت کرد. ئەوجاردرێژەی دا بە گێڕانەوەی چیرۆکەکە: کاکی برا، دەزانی چی، ئەو پشیلەیە ئەوەندە لە ماڵدا بەکار دەهات کە تام سوێندی دەخوارد ئەو پشیلەیە هەر دەڵێی عینسانە، تەنیا نەیدەتوانی قسە بکا، بە جۆرێك لە پیاوی دەروانی هەر مەپرسە، تام دەیوت: لێم روونە؟ لە مەبەستی قسەکانم تێ دەگا. بەیانیان دەهاتە سەر سفرەی نان خواردن لە پەنای تام دادەنیشت و یەکجار بە نەرمی کلکی بە رانی ئەو دا دەهێنا، زۆر زەریف، یانی جوانتر لەو قسانەی لە کتێباندا دەنووسن. پێت وابوو کە دەڵێ: تام کۆنۆر نەختێکم شیر پێ بدە. وەختێك شیرەکەی دەچەڵەپاندەوە باوەڕت نەدەکرد. هیچ ئینسانێك ئەوەندە پێزان بێ، رۆژێك هەوەڵی بەیانی تام دەیهەوێ بچێ بۆ بازاڕی شار بەڵێن بە ژنەکەی دەدا ئەگەر گەنمەشامییەکانی فرۆشت هەر بەو پووڵە کەوش و پێڵاو بۆ منداڵەکان بکرێ. جا ئیدی خۆ دیارە بەر لەوەی دابنیشێ و نانی بەیانی بخوا ئەندازەی لاقی منداڵەکانی دەگرێ بۆ ئەو کارەش قەڵەمەیەك دەهێنێ بە ئەندازەی لاقی هەر یەك لە منداڵەکان لەلەی دەکا: خێزانی تام ئەوەندەی رست: تۆ خودا و پێغەمبەر جوان ئەندازەی لاقی بیلی ژیکەڵە بگرە هەتا کوو چەقۆ لە دەستی دەرچوو و لاقی ئەو منداڵەی کوڵەوار کرد. ئیتر ئەوە وای لێکرد چەقە و هەرا ساز ببێ. جا ئەوە بوو تام بە تاقی تەنیا نان و چای بەیانی خوارد. خێزانیشی خەریکی ژێر کردنەوەی بێل بوو. یانی گەرەکی بوو قامکی لاقی بێل دەرمان بکا. دەزانی چییە کاکی خۆم وەختێکی تام دەیویست ئەندازەی لاقی منداڵەکانی بگرێ پشیلەکە هەر بەو خووەی کە هەیبوو زیت زیت چاوی لە چاوی دەبڕی، هەر ئەوەندەی تام دانیشتە سەر سفرەی بەیانی پشیلەکە توندتر کلکی هێنا بە رانی تام دا. ئەویش شەشدانگ لە بیری ئەوەدا بوو ئەگەر گەنمەشامییەکانی بفرۆشێ چەندەی پووڵ وەدەست دەکەوێ. لەولاشەوە دەتکوت دوو مێشی لە کونێکدا دیتۆتەوە، بۆچی؟ چوونکە لاقی منداڵەکەی بریندار کردبوو لە دەست کەوش کڕینی ئەو نەجاتی هاتبوو. هەر بۆیە فکری لەلای پشیلە بۆر نەمابوو، هەتا ئەوەی پشیلەکە رقی هەستا و خوێن بەری چاوی گرت، مڕاندی و بە هەموو قەوەتی خۆی پێست و گۆشتی تامی هەناسە ساردی دارنی. تام هاواری لێ هەستا، پڕیکرد بە جێگا رووشاوەکە دا، گوتی: چنگ و پلم دەرنی سەگباب خێو! هەر ئێستا کا لە کەوڵت دەئاخنم تۆ راوەستە! مەگەر دەستم پێت نەگا، لە بنەوپاڵەوە دانەیەکی تێسرەواند. پشیلە بۆر ئەوەندە بە خێسەوە سەیری دەکرد، دەتگوت جنێوی دەداتێ، چاوەکانی هەر وەکوو چرای فایتوونەکەی دایرەی پۆست لەنێو تەم و مژ دا بریقەی دەهات. جا خاڵی خۆت بۆت بگێڕێتەوە، پشیلەکە ئەوەندە سەیر بوو گوتی: میاو میاو، بە جۆرێك سەیری تامی کرد مچورك بە تەپڵی سەری دا هات و لەبەر پێی دەرچوو. زۆر بە هەرەشەوە کوتی: هۆی تام کۆنۆر، تام لە ترسان مووی بەدەنی بوون بە نەشتەر، لەوانەبوو زەندەقی بچێ، پشیلە و قسە کردن؟ بە شلەژاویەوە سەیری پشیلەکەی دەکرد پشیلەش بە بۆڵەیەکەوە گوتی: هۆی تام کۆنۆر! تام گوتی: خودایە هاوار! خۆ بە راستی قسان دەکا! دیسان پشیلەکە میاواندییەوە و گوتی: هۆی لەگەڵ تۆمە تام کۆنۆر!

تام گوتی: بەڵێ خاتوون!

پشیلە بۆر گوتی: تۆزێك لێم نزیك ببەوە دەمەوێ شتێك بە گوێتدا بچرپێنم، لە جێی خۆی قیت بووە و بە دەستی ئاماژەی بۆ کرد و بە جۆرێك چاوی لێدادەگرت و بە چەشنێك سەری راگرتبوو، دەتگوت حاجی تاغیە و دەستوور بۆ نۆکەرەکەی دەدا، گوتی: وەرە دەرێ کاری تایبەتیم پێتە، تامی قوڕ بەسەر ئەوەندە پەشۆکابوو هەرپەی لێبوو بە جرپە. بە شوێن پشیلەکە دا رۆیشت. پشیلە بۆر چووە دەرێ و لەژێر سێبەری سەرگێری ئەسپەکان لە پشت خانووەکەی تام رۆنیشت. هەر ئەوەندەی تام لە قەراغ سەرگێڕەکە وەدەر کەوت پشیلەکە دەستی خستە سەر لێوی وەك ئەوەی بیهەوێ بڵێ: تام وریا بە کەس نەزانێ.

تامی چارەڕەش لە ئەلف نەدەهاتە بێ، راست چوو لەبەر دەم پشیلەکەدا راوەستا، ئەویش گوتی: تام من زۆرت حورمەت دەگرم. شتێك هەیە دەبێ پێت بڵێم ئەو جۆرەی تۆ دەتەوێت بڕۆی دەزانی لەلای دەر و جیران ئابڕووت دەچێ؟ من خۆشم دەوێی، بۆیە ئەوەت پێ دەڵێم.

تام پێی گوت: نۆکەرتم، خاتوون.

پشیلە بۆر وتی: تۆ دەتەوێت بچی بۆ شار کەوش بۆ منداڵەکانت بکری. پیاوی چاك ئەی منت بۆچە لەبیر چۆوە؟

تام وتی: مەگەر تۆش کەوشت دەوێ؟!

پشیلەکە گوتی: ئەی بۆچە نامهەوێ، جیرانەکان پێم دەڵێن زۆر سەیرە ئەو پیاوە باشە چۆن ویژدانی قەبووڵ دەکا پشیلەکەی بە پێخاوسی بێت و بچێ.

تام گوتی: ئاخر هەتا ئێستا، کێ دیتوویەتی پشیلە کەوش لە پێبکا؟

پشیلە بۆر گوتی: تۆ نەتدیتووە بۆچی؟ دوایە سەری هەڵێنا و گوتی: مەگین کەوش بۆ ئەسپ ناکڕن؟ جا بۆ من چیم لە ئەسپ کەمترە، ئەو جاریش دەست و پێی من زۆر لە دەست و پێی ئەسپ زەریفتر. تام لەبەر خۆیەوە گوتی: بەڵا لەو تەرح و دیدارەت بدا، چاو چاو هەر دەڵێی ژنە حیزە قسان دەکا، چەندەی شایی بە قاچ و قولیەتی.

گوێی دەزرینگایەوە، بەڵام، دەزانی چی کاکی خۆم کابرا وەڕووی خۆی نەهێنا. هەر بۆیە ملی نا لە چەلەحانی لەگەڵ پشیلەکە، تام پێی وت: خاتوون فەرمایشەکەت زۆر جوانە، ئەسپ کەوش لە پێدەکا. بەڵام دەزانی چییە ئەسپ مافی خۆیەتی. خاتوون ئەو بەستەزمانە مەجبوورە، ئەو هەموو، رێگا تەقتەقانە و هەوراز و نشێوە دەبڕێ.

پشیلە بۆر نەختێك مەحتەل ما، گوتی:

تۆ نازانی ئەو لاق و قولەی من بۆتە کۆتەی کوتراو. تام گوتی: فەرمایشەکەت جوانە، خاتوون، بەڵام چۆناوچۆن پێڵاوت لە پێبکەم؟ پشیلەکە گوتی: ئەتۆ خەمی ئەوەی مەخۆ، ئەوکارە بەخۆم بسپێرە.

تام زەردەیەك گرتی و گوتی: پشی خانم، هەتا ئێستا کەسێك قاپووڕی گوێزی لەپێ کردووی؟ پشیلە بۆر نێو چاوانی تێك نا و بە تووڕەییەوە گوتی: ئاگات لە دەمت بێ تام کۆنۆر. تام وتی: زۆر باشە داوای لێبووردنت لێ دەکەم، چاوە راستەکەم، بەڵام کە تۆ دەڵێی ئەسپ کەوشی لەپێ دەکەن، خۆت باش دەزانی ئەو بە بزمارەوە ناڵەکەی لە سمی قایم دەکرێ، ئەتۆ، چی لێبکەم؟ کەوش چۆن بەپێی تۆوە گیر دەبێ؟

پشیلە بۆر لەوانە بوو فججە بکا، گوتی: گەمژەی زەبەلاح! بزمارم بۆچییە؟ ئەو نینۆکە درێژانەم بکەم بە چاوت دا، چرنۆکێکی بەتام داهێنا، ژان بە دڵی گەیشت. تام گوتی:

ئەی هاوار پیاو کوژ!

پشیلەکە گوتی: بەسیەتی شێر و رێویم بۆ مەهێنەوە جەنابی کۆنۆر. تام گوتی: قوڕی دنیام بەسەر! پووڵی کەوشی ئێوە لە کوێ بێنم. خۆ، یا رەبی بەرەکەت نەکەن لە ساڵێدا سێ چوار جار، هەر جارەش شەش حەوتێکی وەك خۆتان هەڵدەبژێرن جا ئەو کەرەتەی وەرە ئەو کەرەی لە قوڕاوێ دەرهێنە، هەر پشیلەیەك و دوو جووت کەوش ئیتر ئەوەی هەمە دەبێ بیدەم بە کەوش و کڵاش بۆ ئێوە، دەی چۆن وەرهەم هەڵنەهێنم.

پشیلەکە گوتی: بەسیەتی بیبڕەوە، زووبە لە شوێنێکی خراپ راوەستاوین پێمان بزانن حەیامان دەچێ. ئاخر ژنەکەت زۆر حەیا بە خۆیە تام.

تام بزەیەکی گەوجانە نیشتە سەر لێوی و گوتی: وەباڵ بە ئەستۆم لەوەتای تۆ بووی ئەو قسەیەت راست بووە. پشیلە بۆر گوتی: ئەو ژنەتیوەت دەڵێی مێشکی کەری خواردووە، هیچ، سوێندی کەسیشم لەسەر نییە خودا لەتۆی دزێوتر لە دنیادا دروست نەرکردووە. پشیلەکە وەختێ قسەکانی تەواو بوو، لەپڕ ون بوو، تام وەك شێتان چاوی بۆ دەگێڕا. لەلای ژن و منداڵەکانیشی باسی هیچی نەکرد، لەوە دەترسا دڵیان لەخۆ ببێتەوە بە درۆ پێی وتن: دەمەوێ بچم بۆ شاری چونکە دەیزانی پشیلە لە کەل و کونی سەرگێڕەکەوە بۆی دەڕوانێ. بەڵام وەختێك گەیشتە ئەو سەری رێگاکە بەجێی ئەوە بچی بۆ بازار وتی: بەجار و بە جەهەندەم! خوارەی دایە و یەکسەر چوو بۆ لای قازییەك بەناوی "سکوار بازروم" دەیویست شکایەت لە پشیلەکە بکات.

پیرەمێردێکی رێوەڵە لەو وەختەوە بە تامەزرۆییەوە گوێی بۆ قسەکانی مۆرفی ڕاگرتبوو، قسەکەی پێبڕی و گوتی: تەح، ماڵتە چەندە چەقەی دەکەی! لەولاشەوە خەڵکێکی نەکەم، گوێیان بۆ قسە قوڕەکانی مۆرفی ڕادێرابوو، کەچی هەر ئەوانەش بە وتەکەی پیرەمێرد کەیفیان ساز دەبوو.

جەنابی ویکنیز رووی کردە پیاوە پیرەکە و گوتی: کا گنیز باز مەدە نێو فەرمایشەکانی خاڵە مۆرفییەوە، کا گنیز لە وڵامیدا گوتی: ئێوە بەو تورەهاتەی مۆرفی چۆن مێشکی سەرتان ناچێ؟! لە پشیلەو شکایەت کردن! دنیا ئاخر بوونە! مورفی وتی کاکی خۆم باش وایە گوێت بکەیتەوە، ئەوە حیکایەتێکە و سەرتاسەری ئەم وڵاتە پڕە لە سێحر و جادوو. بەڵێ عەرزم دەکردن، تام دەیویست لەدەست پشیلەکەی شکایەت بکا. کا گنیز نەبێ هەموویان هاواریان کرد: دەی باشە حیکایەتەکەمان بۆ بگێڕەوە.

قازی داوای لە تام کرد هەر چییەکی ئەو بەیانییە بەچاو دیویەتی و لە گوێی بیستوویەتی بۆیان باس بکا. تام لەلایەك بیری لەلای گەنمەشامییەکەی بوو، لەلایەکیش لە فکری پشیلەکەدا بوو، لەو لاشەوە قامکی برینداری منداڵەکەی وەبیر هاتبۆوە، قسەکەی تێکەڵ پێکەڵ گێڕایەوە.

قازی پێیوت: لە هەوەڵەو بیگێڕەوە. تام وتی: عەرز بێ لە خزمەتی گەورەی خۆم دا ئەو بەیانییە وەختێك دەمهەویست بچم بۆ بازاڕێ بۆ ئەوەی گەنمەشامییەکانی منداڵەکەم بفرۆشم، ببوورە قامکەکانی لاقم، بەرێز. قازی وتی: قامکەکانی لاقت بفرۆشێ؟ نا، گەورەم، پشبلەکە ببەم بۆ بازار، عەرزم دەکردن.

قازی وتی: پشیلە بەریە بازاڕێ! کابرا هۆشت لەکوێیە؟

خواردووتەوە؟ تام وتی: نەخێر گەورەم، راستییەکەی هێندێ سەرم لێشێواوە. چونکێ وەختێکی قامکی لاقەکان، ببوورە پشیلەبۆر دەستی کرد بە قسەکردن لەگەڵم، ئەوە بوو لە دین چوومە دەرێ.

وەرگێر بۆ فارسی:محەممەد رەمەزان

وەرگێر بۆ کوردی:سەلاح نیساری



# خەون

گەش بین ـ سەردەشت

منداڵەکان

دوێ شەو لە خەوما بووم بە دایک

باوەشم بوو بە زەوی

باڵم کرد بە قەد ئاسمان

قژە کانم بوون بە جۆلانە

هەزاران مەمک و پەنجەم لێ روان

رووباری شیرم بزەی خستە سەر لێوتان

ئای چ بزەیەکی شیرین

ئیتر منداڵی برسی نەما لە جیهان

بەیانی کە هەستام

نووزەی منداڵێک منی بردە کۆڵان

سارد و سڕ لە ئامێزم گرت

سەری خستە سەر سینگم

بۆ قوومە شیرێ دەمی جوڵاند

سەرم داخست

بەرووی شەرمەوە بە گوێما چرپاند

هەڵە بووی هەڵە

ئەی کۆرپەی بێ ناو و نیشان

نەت دەزانی، نەت دەزانی

سنگی من ویشکترە لە سینگی شەقام و کۆڵان.

## وڵاتی من




ئەو کتێبە کە بیرەوەری یەکانی حاجی عەبدوڵای قازی یە بەشێکی بەرچاو لە رووداوە سیاسی یەکانی مەهاباد و ناوچەی موکریانی لە خۆگرتووە.

ئامادە کردن قاسمی قازی

# یادێك لە هونەرمەندی گەورەی کورد موجتەبا میرزادە

ئا: موسا باباخانی



موجتەبا میرزادەی هونەرمەند،بەرهەمهێنی ئاوازی فیلم، ژەنیار و کەسێك کە لە ژەنینی ویلون و کەمانچە و تەنانەت لە ژەنینی زۆربەی سازگەلی ئێرانی مامۆستا بووە.بۆ قسەکردن لە سەری هیندێك جار وشە لە بەرامبەری دا دەستەوەستان دەوەستێ، ئەگەر بمانەوێ گەورەیی میرزادە باس بکەین بێ ئەوەی زێدەرۆیمان کردبێ دەتوانین بڵێین ئەگەر لە کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوو دا لەدایك بووبا یا لانی کەم لەوێ دەورەی فێرکردنی بینیبا و لەوێ کاری کردبا دەبوو بە یەکێك لە هونەرمەندانی بێ وێنەی سەدەی بیستەم.

موجتەبا میرزادە ساڵی ١٣٢٤ لە شاری هونەرپەروەری کرماشان لەدایك بووە. تێکۆشانی هونەری خۆی بە "فلووتی پلاستیکی" و "سنتور" دەست پێ کرد کە دوایی ژەنینی ویلونی فێر بوو هەر وەك خۆی لە وتووێژێك دا دەڵێ قوتابی کەس نەبووم و مامۆستای من دوو گوێ و دەمی من بوون ئەو کاتەی وا من ویلونم کڕی تەمەنم ١٤ ساڵ بوو و مامۆستایەك بۆ فێرکردنی ئەم سازە لە کرماشان دەست نەدەکەوت. تەنیا کەسێك هەبوو کە چۆنییەتی بەدەست گرتنی ئەوسازەی بە من دەگوت، بۆ فێربوونیش دەبوو مانگی ١٥ تمەن بەو کەسە بدەم کە مامۆستام بوو هەرچەند باوکم زۆر دژی ئەو کارەم بوو.

ئاکامی کاری هونەری دەیان ساڵەی مامۆستا میرزادە، لێوڕێژە لە داهێنان و نوێخوازی. لە کارە هەرە گەورە و بەرچاوەکانی ئەو هونەرمەندە مەزنەی کورد، دەتوانین ئاماژە بە تەکنیك و شارەزابوونی تایبەت بە کەسایەتیی خۆیان لە ژەنینی ویلون و تەکنەوازی لە بەرنامە "گولەکان" تا رێبەری ئورکسترای گەورەی ئێران، بەرهەمهێنانی موسیقای زیاتر لە ٥٦ فیلمی ئێرانی، داهێنانی بەرهەمی تازەی کوردی،مامۆستا میرزادەی لە جێگەیەکی بەرز لە دنیای مۆسیقا دا وەکوو کەسایەتی یەکی نێونەتەوەیی دانا. لەگەڵ شورشی گەلانی ئێران و هاتنە سەرکاری رێژیمی سەدەکانی ناوەراست کە هەر لە سەرتاوە لەگەڵ هەموو پێداویستی یەکانی سەردەم بۆ مرۆڤ دژایەتیان دەکرد، سەرەتای هاتنە سەر کاری مەلاکان لە ئێران رۆژگارێکی زۆر ناخۆش بۆ هونەرمەندان بووە. رۆژگارێك کە میرزادە زۆرجار باسی کردووە بۆوێنە سووتاندنی ١٥٠ تار لە نوێژی جومعەی تەورێز بەلام سەرەڕای ئەو هەموو تەنگ و چەلەمە میرزداە درێژەی بە کاری هونەریی خۆی دەدا.

میرزادە لەو هونەرمەندانە بوو کە ئەزموونی لە زۆر لە شێوەکانی موسیقی وەرگرتبێ. داهێنانی بەرهەمەکانی ئەو لەگەڵ چەندین هونەرمەند وەکوو خوالێخۆشبوو حەسەن زیرەك، مەزهەری خالقی، عەزیز شاهروخ، ئەکبەری گولپایگانی، شەهرام نازری و دەیان هونەرمەندی دیکە. راستی ئەو ئیدعایە دەسەلمێنن. میرزادە لە ژەنینی زۆربەی سازە ئێرانی یەکانی شارەزایی بووە و دەتوانین بڵێین بۆ خۆی بە تەنیایی یەك ئورکسترێکی کامڵ بووە و دەبێ ئەو راستی یە بڵێین کە هونەرمەندێك وەکوو میرزادە لە گوڕەپانی موسیقای کوردستان و ئێران دووپات نابێتەوە.

میرزادە زۆر گلەیی لە ورزعی ئەم هونەرە بووە. لەو باوەرەدا بووە کە موسیقا لە رێگەی ئەسلی لای داوە. دەبێ ئەوەش بزانین کە مەقام و کەسایەتی میرزادە لەو دوایی یانەدا کەوتە بەر بێ حورمەتی و گوێ پێ نەدان، هەر بۆیە لە کۆتایی تەمەنی پەنای هێنا بەر تەنیایی و بارهێنانی قوتابی. میرزادە هەموو جارێ باسی لە هەژاری هونەرمەندانی کورد دەکرد و دەیگوت بەداخەوە زۆربەی هونەرمەندانی کوردپێش ئەوەی خەڵك بیانناسن دەمرن و مردنی ئەوانیش بۆ ئێمە وەکوو کارەساتێکە کە ئاماژە بە ژیان و مردنی هونەرمەندانی وەکوو حەسەن زیرەك، حشمت الله لورنژاد و مەنوچهر تاهیرزادە و ...

هونەرمەندی گەورەی کورد موجتەبا میرزادە وەکوو هەر هونەرمەندێکی کوچ کردووی کورد و دوور لە نیشتمان و لە تاراوگەدا و لە بەیانی رۆژی یەك شەممە ٢٦ی مانگی پۆشپەری ١٣٨٤ی هەتاوی واتە ١٧ی جۆلای ٢٠٠٥ بەهۆی وەستانی دڵ لە ماڵی خۆی لە تاران دا کوچی دوایی کرد.

ناوبراو وەکوو یەکێك لە پڕکارترین ژەنیار و ئاواز دانەرەکان بوو کە بۆ زۆربەی گۆرانی بێژانی ناوداری سەردەمی خۆی وەکوو ایرج، گلپا، خوانسارە، حەسەن زیرەك و زۆربەی هونەرمەندانی کوردستان و ئێرانی ئاوازی داناوە و هەروەها ئاوازی ئاوازدانەرانی گەورەی بۆ ئۆرکسترای ئێرانی رێك و پێك کردووە.

## فەرهاد و رزگار

# لە ترسی کۆمەڵگا ناوێرن باس لە خۆشەویستی بکەن

ئامادە کردنی: شێرزاد



سالآنێکە لە حیزبی دیمۆکراتی کوردستان دا لە هونەر و ئەدەب بە زۆربەی ژانرەکانیانەوە وەك ئامرازێك کەڵك وەر دەگیرێ بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان و لە لایەکی دیکەشەوە رێورەسم و بۆنەکانی حیزبی یان پێ رازێندراوەتەوە. بە جۆرێك کە ئەدەب و گۆرانی و... هتد لە بۆنە خۆشەکان دا شاد و لە بۆنە تراژیك و ماتەمیەکانیش دا خەمبارانە ئامادەگیان هەبووە، لەنێو هەموو ئەوانە دا "کۆڕی هونەری" حیزب، یەکێك لەو کۆڕە پشوو درێژانەیە کە لەمێژە لەو پێناوەدا خزمەت دەکا و هەمیشەش توانیوێتی کۆمەڵێك هونەرمەند لەخۆی دا کۆ کاتەوە.

لە رێورەسمی ٢٥ی گەلاوێژی ئەمساڵ دا کە رێورەسمێکی تایبەتی بوو بەبۆنەی ٦٠ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان ئەو کۆڕە دەورێکی باشی بینی هەر بۆیەش جێگەی خۆی بوو "ئەدەب و هونەر"ی کوردستان لە چەند دێرێکدا ئاورێکیان لێ بداتەوە. "فەرهاد سالحی" و "رزگار رەحیمی" دوو گۆرانی بێژی دەنگ خۆشی ئەو کۆڕەن، دەکرێ بڵێین لەو یەك دوو ساڵەی دوایی دا دوو کۆڵکەی سەرەکی ئەو کۆڕەن و بەردەوامیش دەوری باشیان بینیوە لە پرۆڤە کردن و لە نیهایەتیش لە گێرانی ئاهەنگەکانی حیزب دا. هەر بۆیەش بەو بۆنەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستە کردن و ئەوانیش بەو شێوەیە وڵامیان داینەوە:

فەرهاد گوتی من ٤ ساڵە لە خزمەت کۆڕی هەنەری دام و رزگاریش کوتی ١ ساڵ و نیوە. لەو ماوەیە دا لە هەموو رێورەسمە جۆراوجۆرەکانی حیزب دا بەشداریمان کردوە، بەلاّم بەهۆی ئەوە کە لە کۆڕی هونەری دا ئامێرژەن و هیندێ ئیمکاناتی ترمان کەمە نەمانتوانیوە چالاکی یەکانمان بەرینە دەرەوەی حیزب و خۆمان بە خەڵکی دەرەوەی حیزب بناسێنین. دوای ئەوەش یەکێك لە نهێنی یەکانی سەرکەوتن ئەوەیە کە خەڵکت لە پشت بێ و هاندەرت بن کە بە داخەوە ئێمە لەو بوارەش دا کەسێکمان نیە چ وەك حیزب و چ وەك تاکەکەس، هەر بۆیە لەو پێوەندی یەدا تەنیا سپاس لە یەك دوو بنەماڵەکان دەکەین کە هیندێ جار هاوکاریمان دەکەن.



ئەو کات کە لە رۆژهەڵاتی کوردستان بووین، گەورەترین ئاواتمان ئەوە بوو کە بتوانین رۆژێك لە رێورەسمەکانی حیزب دا بەشداری بکەین و هونەری خۆمان پێشکەش بەو پێشمەرگە قارەمانانە بکەین کە چەند ساڵە لە سەنگەری بەرخۆدان و کوردایەتی دا خەبات دەکەن ئێستا هەردووکمان دەتوانین بڵێین کە بەو بەشە لە ئاواتەکانمان گەیشتووین. لە وڵامی ئەو پرسیارەدا کە ئێوە زیاتر گرینگی بە چ گورانی و سروودێك دەدەن چ وەك فۆرم و چ وەك جەوهەر؟ "فەرهاد"یش و "رزگار"یش لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە ئەوە پێوەندی بە رێورەسمەکانی حیزبەوە هەیە. تایبەتی و مەبەستی رێورەسمەکان چی بێ بەلاّم زۆربەی بەرهەمەکانی ئێمە دەبێ سیاسی و تام و بۆنی شۆرشگێری و نەتەوەیی یان هەبێ. چوونکە ئێمە لە کۆڕی هونەری حیزبێکی سیاسی و نەتەویی داین.

لە کۆتایی ئەو چرکانەیەدا لێم پرسین کە رەنگە هونەر دەروازەیەکی شاز بێ بۆ ئاشق بوون، بەتایبەت هونەری گۆرانی کە کچ، تەوەرێتی زۆربەی شێعرە هەڵبژێردراوەکان کە کراون بە گۆرانی پێك دێنێ؟ هەردووك بەو شێوەیە وڵامیان دایەوە کە هەرچەند ئاشق بوون کاریگەری زۆری دەبێ لەسەر کارەکانمان، بەلاّم لەو کۆمەڵگە داخراوە دا تاقەتی قسە و باسی ئەم و ئەومان نیە. هەر بۆیەش وەك خۆمان ئەو پرسیارەمان زۆر بەلاوە گرینگە بەلاّم لێی گەرێ با بێ وڵام بهێڵینەوە.

لەو رێورەسمە دا جیا لەکۆڕی هونەری کۆمەڵێك لە کچانی هونەرمەندی رۆژهەڵاتی کوردستان،دانیشتوی شێرەوەن هەروەك بەشێکیان لە وێنەکەدا دەبیندرێن بە کۆمەڵێك بەرهەمی جوانەوە بەشداریان کرد.ئەندامانی بەشدار بریتی بوون لە: گوڵنازخوسرەوی،مەهابادقاسمی،ئاوات قاسمی،شکوفە سلیمی،ئیحترام خوسرەوی،بیان سلیمی،ویدا جوانمیری ،رووناك شکری.

# ناسیونالیزمی مەدەنی،

# یان گەڵاڵەیەك بۆ سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی کورد؟

سەرکاو

بەشی هەژدەهەم

**لە کۆمەڵی رەمەکیی کۆماری ئیسلامیدا تاك تەنیا ئامێرێکە بە دەستی دەوڵەتەوەو بە گوێرەی ئەو گەندە شوناسەی کە بۆ کۆمەڵی دروست کردوە، تاکەکان بەوەلانانی مەیلە تایبەتییەکانی خۆیان لە خزمەت بەرژەوەندییەکانی نیزامی ئیدئۆلۆژیك دان**

کۆمەڵی ئێران پاش کودەتاکەی رەزاخانو لەنێوچوونی دەسەڵاتی بنەماڵەی قاجار، هێدی هێدی لە کۆمەڵێکی نەریتییەوە گۆڕاو بوو بە کۆمەڵێکی رەمەکی. بەڵام هەر وەك لە بەشەکانی پێشوودا باس کرا لەو سۆنگەیەوە کە ئەم گۆڕانە بەرهەمی رێنسانسو رۆشنگەرییەکی راستەقینە کە لە ناخی کۆمەڵی ئێرانەوە هەڵ قوڵابێ، نەبوو و، تەنیا لە دەرەوەو لە سەرەوەو بە پشتیوانیی هێزی نیزامی پێك هاتبوو. بۆیە رەوتی نوێگەریو مۆدێرنیتە لە ئێرانی ئەو کات دا تەنیا بۆ پاراستنی دەسەڵاتی رێژیمی دەسەڵاتدار بووو بۆ ئەم مەبەستەش دەبوو زەبرو زەنگو سەرکوتێکی توند بەسەر کۆمەڵ دا بسەپێنرێو تا رێژیمی دەسەڵاتدار بمێنێتەوە. چونکە لە راستیدا دەکرێ بڵێین کە ئارمانجی سەرەکیی ئەم مودێرنیزاسیونە لە سەرپێ‌راگرتنی رێژیم بوو نەك دێمۆکراتیزەکردنی سیاسەتو لیبرالیزەکردنی کولتوورو رێگاخۆشکردن بۆ بە دەزگا بوونی هەر دوو کۆمەڵگەی مەدەنیو سیاسی. راستیی ئەم بۆچوونەش بە سەرهەڵدانی رەوتێکی بە تەواوی پێچەوانەی پرۆسەی مۆدێرنیزاسیۆنی راستەقینە لە نێو کۆمەڵی ئێرانی سەردەمی پەهلەویدا واتە رەوتی گەڕانەوە بۆ کۆمەڵی نەریتیو بە ئیدئۆلۆژیك بوونی دەرکەوت. وەکی دیکە نەك هەر کۆمەڵی رەمەکیی ئێران بەرەو تاکخوازیو پێکهاتنی بنەماکانی کۆمەڵگای مەدەنی نەچووە پێش، بەڵکوو سەرلەبەری بنەماکانی هزری نوێ کەوتنە بەر هێرشی ئاخێوی دەسەڵات نوێو زەبرێکی زۆر گران وە پرۆسەی گواستنەوەی کۆمەڵی ئێران لە قۆناغی نەریتییەوە بۆ قۆناغی مۆدێرن کەوتو تێکڕای جیاوازییەکان لە لایەن ئاخێوی نوێوە حاشایان لێ‌کراو کۆمەڵ لە رێگای بە ئیدئۆلۆژیك کردنی نەریتەوە هەروا لە ئاستی رەمەکی بوون دا راگیرا بە چەشنێك کە رێژیمی نوێ واتە کۆماری ئیسلامی یەکێك لە پایەکانی رەوابوونی خۆی لە سەر هێشتنەوەی کۆمەڵی ئێران لەم ئاستەدا، دامەزراند. بۆیە لێرەدا پێویستە بە کورتی ئاماژە بە جیاوازیگەلی نێوان کومەڵی رەمەکیو کۆمەڵگای مەدەنی بکەین.

### ١ـ کۆمەڵی رەمەکی:

وەك گوتمان کۆمەڵگای مەدەنی وەك چەمکێکی نوێ لە سەدەکانی ١٧ تا ١٩دا سەری هەڵ دا. کۆمەڵگای مەدەنی یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگا پێشکەوتووەکان کە راست لە خاڵی بەرامبەری کۆمەڵی سەرەتایی دایەو باسێکە پێوەندیی بە چەمکی مۆدێرنیتی (Modernity)و بیری نوێوە هەیە، کەواتە بەبێ‌خستنەڕووو تێگەیشتن لە بنەماکانی بیری نوێو پێداویستییە مەنتیقییەکانی ناتوانین بە شێوەیەکی زانستی باس لە کۆمکەڵگای مەدەنی بکەین.[1] لە راستیدا کۆمەڵگای مەدەنی ناوەقەیەکە لە دەرەوەی چوارچێوەی دەستێوەردانی دەوڵەت. بەڵام کۆمەڵی رەمەکی، کۆمەڵێکە کە نزمترین ئاستی رێکخراو بوونو نفووزی نەهادە مەدەنییەکانی تێدا وەبەرچاو دەکەوێ.

چونکە لە کۆمەڵێکی ئەوتۆدا جیاوازییەکان زۆر کەمڕەنگو کەم بایەخنو ئەوەی لەم چەشنە کۆمەڵانەدا گرنگایەتیی هەیەو پێی لەسەر دادەگیرێ پتر لایەنە هاوبەشو گشتییەکانن. نەك نەهادینە کردنو پێکهێنانی هاوسەنگی لە نێوان هێزە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکان دا، "لە روانگەی کۆمەڵ ناسیی دورکهایمییەوە، کۆمەڵی رەمەکی نیشانەی زاڵیی بارودۆخی "دژە نۆرم"ە بە هەڵوەشانەوەی شوناسە قەومی، ناوچەیی، ئایینزایی، سینفی، کۆمەڵایەتیو چینایەتیو بەدەرکەوتنی پێوەندیگەلو رێکخراوگەلی کۆمەڵایەتیو ئابووریی رەمەکی پرۆسەی یەکدەست کردن پەرە دەستێنێ. کولتوورە بچووكو خۆجێییەکان لە سۆنگەی سەرهەڵدانی کولتووری رەمەکییەوە، دەتوێنەوە، شوناسە گرووپییەکان لاواز دەبن. بە کورتی لە کۆمەڵی رەمەکیدا شوناسی کۆمەڵایەتیی نەریتی لە نێودەچێو کۆمەڵ تووشی پارچە پارچەییو سەرلێشوانی ئاکاریو وێژەیی (مەعنەوی) دەبێ، بەو حاڵەش بزاڤی رەمەکی هاوپێوەندییەکی سیاسیی نوێ لە نێو کۆمەڵ دا پێك دێنێ کە گەرچی لە رووی سۆزدارییەوە توندوتۆڵە، بەڵام لە راستیدا گەندە پێوەندی، رووکەشو کاتەکییە. بنەمای ئەم رەنگە هاوپێوەندییە لەسەر پێوەندیی گرووپیو سینفی دانەمەزراوە، بەڵکوو لەسەر پێوەندییەکی بان گرووپیی ئیدئۆلۆژیکە، بۆیە ئەم جۆرە هاوپێوەندییە، هاوپێوەندییەکی ساختەو لەرزۆکە.[2] لە نێو کۆمەڵو بزاڤو موبیلیزەیەکی رەمەکیدا دەرەتانی خۆدەرخستن بە هیچ گرووپ یا رێکخراوێك نادرێ. بۆیە کۆمەڵی رەمەکی مەیلێکی "پوپولیستی"ی هەیە. تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی کۆمەڵی رەمەکی لە پارچە پارچەیی، لاوازیی پێوەندیو تێکەڵییە گرووپییەکان، بۆشایی وێژەیی (مەعنەوی)، لاوازیی پێوانەگەلی ئاکاریو نۆرمی، لەخۆنامۆیی، گڤاشو دڵەڕاوکێیە روحییەکان، هەستکردن بە نائارامی، نیشاندانی مەیلێکی توند بەرەولای ئیدئۆلۆژیو رێبەریو هاوپێوەندیی نوێو ئیقتیدارگەرییە.[3] دیارە سەرجەم ئەم تایبەتمەندییانەش کۆسپو ئاستەنگی زۆر گەورەن لە سەر رێی پێکهاتنی کۆمەڵگای مەدەنیدا. چونکە لە کۆمەڵگای مەدەنیدا تاكو تاك گەریو رەخساندنی هەلومەرجێکی لەبارو شیاو بۆ دەرکەوتنو نەخشی ئیرادەی تاك لە هەموو بوارەکانی ژیاندا ئارمانجی بنگەهییەو ئەوە شوناس، بەرژەوەندیو مافەکانی تاکن کە دەبنە بەردی بناخەی کۆمەڵگای مەدەنیو دەوڵەتو سیستمی سیاسی بەڕێوە دەبەن، بەڵام لە کۆمەڵی رەمەکیی کۆماری ئیسلامیدا تاك تەنیا ئامێرێکە بە دەستی دەوڵەتەوە و بە گوێرەی ئەو گەندە شوناسەی کە بۆ کۆمەڵی دروست کردوە، تاکەکان بەوەلانانی مەیلە تایبەتییەکانی خۆیان لە خزمەت بەرژەوەندییەکانی نیزامی ئیدئۆلۆژیك دان.

لە راستیدا رەمزی مانەوەو بەردەوامیی کۆماری ئیسلامی تەنیا لە هێشتنەوەی کۆمەڵی ئێران لە قاوغی کۆمەڵێکی ئیدئۆلۆژیکی نەریتی دایە، چونکە ئەم جۆرە کۆمەڵە بە کۆڵەکەی سەرەکیی رەوایی رێژیم دەژمێردرێ. بەڵام داخوا کۆماری ئیسلامی لە سەردەمی بەسەرچوونی ئیدئۆلۆژییەکان داو لە چەرخی سەرهەڵدانی شۆڕشی زانیاریو بە جیهانیبوونی ئابووری، مافی مرۆڤ، دیمۆکراسیو شێوە جیاجیاکانی وشیاری، وەك وشیاریی نەتەوایەتی، چینایەتی، مەزهەبی، قەومی، کەلتوریو... دەتوانێ درێژە بە دەسەڵاتی توتالیتیرانەی خۆیبداو لە سەر رێی پێکهاتنی کۆمەڵگەی مەدەنیدا ئاستەنگ بێنێتەوە؟ واتە لە دەورانێکدا کە دەوڵەت ـ تەوەریو ئیدئۆلۆژی ـ تەوەری بەسەرچوونو جیهان بەرەو سەردەمی ئیقتیدار رەتێنیو کۆمەڵگا ـ تەوەری دەڕوا دەتوانێ درێژە بە تەمەنی خۆی بدا؟ روونو ئاشکرایە کە ئەمە کارێکی زۆر ئەستەمە، چونکە بە هۆی ئەو چەمکە مۆدێرنانەی کە پاش شەڕی سارد سەریان هەڵ داوەو لە بیاڤی ئەپستمولوژیی پۆست مۆدێرن دا ئیدئۆلۆژیو دەسەڵاتگەلی ئیدئۆلۆژیك کەوتنە بەر پەلاماری رەخنەو بەم چەشنە رەواییيان چووە ژێر پرسیار. بۆیە لێرەدا پێویستە لە جەلایی پوور بپرسین لە چوارچێوەی نیزامێکی داخراوی ئیدئۆلۆژیکی توتالیتێردا چۆن گەرەکیە کۆمەڵگای مەدەنی بەدوای ویدا ناسیونالیزمی مەدەنی دامەزرێنێ؟ دیارە لە لایەکەوە لە بنەڕەتدا ئیددیعایەکی لەم چەشنە زۆر نابەجێیە، لە لایەکی دیکەوە، وەك ئەوە وایە مرۆڤ بیهەوێ گۆشتێکی رزیو لەبەر تیشکی رۆژ دابنێ. دیارە کە چی بەسەردێ.

سەرچاوە:
١ـ عەبدولقەهار ئیراوانی، موسلیح، کۆمەڵگای مەدەنیو ئاستەنگەکانی، سەنتەری برایەتی، ژمارە ١٥، بەهاری ٢٠٠٠، ل ١٥٥ ـ ١٥٠
٢ـ بشيريه، د. حسين، جامعه شناسی سياسی چاپ نهم تهران ١٣٨٢، ل ٣٣٣
٣ـ منبع پيشين ص ٣٣٤
٤ـ بشيريه، حسين، عقل در سياست ص ٥٤٢

***

# پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران

## بەبۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ، شەستەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزبەوە

**لەلایەن خاتوو شنۆ مێهر پەروەرەوە خوێندرایەوە**

**بەشدارانی خۆشەویست!**
**خۆشكو برایانی بەڕێز!**

سەرەتا بەبۆنەی ٦٠ ساڵ خەباتو تێکۆشان، ٦٠ ساڵ قوربانیدانو کۆڵنەدانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەناوی هەموو ئەندامانو لایەنگرانییەوە گەرمترین پیرۆزبایی پێشکەشی رێبەرایەتیی حیزبو کادرو پێشمەرگەو ئەندامانو لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدانو زیندانییە سیاسییەکانو سەرجەم گەلی کوردستانی ئێران دەکاو سەری رێزو وەفاداری بۆ دامەزرێنەرانو کادرو پێشمەرگە لەمێژینەکانی حیزبو هەروەها ژنانی روو سوورو سەربەرزی نێو ریزەکانی حیزب کە قاڵبووی مەیدانی خەباتو تێکۆشانن بوون، دادەنەوێنێو هیوادارە هەرچی زووتر نەتەوەی کوردی بەشخوراوو زوڵملێکراو لە کوردستانی ئێران بە ئاواتە لە مێژینەکانی بگاو، بۆ هەتا هەتایە کۆتایی بە چەوسانەوەو زوڵموزۆریو بێ‌عەدالەتی بێ‌و کۆمەڵگایەك بونیات بنرێ، کە لەودا ئاسەوارێك لە هیچ چەشنە چەوسانەوەیەك نەبینرێو مافی تاکەکانی کۆمەڵ تێیدا پارێزراو بن.

**بەڕێزان!**

ئەگەر ئاوڕێك لە مێژووی پڕ لە شانازیی ٦٠ ساڵەی خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بدەینەوە، دەبینین کە هەر لە سەرەتای دامەزرانییەوە کە لە هەلومەرجێکی زۆر تایبەتیدا شانازیی دامەزرانی کۆماری کوردستانی پێ بڕا، سەرەڕای ئەرکی پاراستنی هێمنیی ناوچەو دامەزرانی سوپاو پەرەپێدانی کاروباری فەرهەنگیو دامەزراوە دێموکراتیکەکان، ژنانیشی هان دا کە شانبەشانی پیاوان بۆ دەستەبەرکردنی مافە نەتەوایەتییەکانو مافە زەوتکراوەکانی خۆیان خەبات بکەنو ئاکامی ئەم سیاسەتەش رێکخستنی ژنان لە یەکیەتییەکدا بوو بە ناو "یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران" کە لە ٢٤ی رەشەممەی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی دامەزرا. ئەمە یەکێك لە شانازییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە. بە پێچەوانەی بزووتنەوە نەتەوایەتییەکانی پێشوو، حیزب سەرەڕای داکۆکیکردن لە چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوایەتی، لە هەوڵی کەمکردنەوەو تەنانەت خاشەبڕکردنی ئازارو مەینەتییەکانی ژناندا بوو کە بە دەست کۆمەڵێك دابونەریتی سوننەتیو دواکەوتوانەو هەروەها دەسەڵاتی پیاوسالارییەوە دەینالاند.

**بەشدارانی خۆشەویستی جێژنی ٦٠ ساڵەی حیزب!**

لە حاڵێکدا رێز لە ٦٠ ساڵ خەباتی بەردەوامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەگرین کە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناڤین بەگشتیو وڵاتی ئێران بەتایبەتی بە قۆناغێکی ناسكو هەستیاردا تێ‌دەپەڕن. خوێندنەوەیەکی وردی رووداوەکانی ناوچەکە وا دەنوێنێ کە ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەرەو گۆڕانو ئیسلاحات هەنگاو بنێو حکوومەتە تۆتالیتێرو سەرەڕۆکان یان دەبی ئاڵوگۆڕ لە خۆیاندا پێك بێنن، یان مەحکووم بە نەمانو رووخانن، هەر بۆیە دامەزرانی کۆمەڵگای مەدەنیو سیستمێکی سیکولار بۆتە ویستی سەرەکیی گەلانی بندەستی ناوچەکە.

**ئێستاش پاش تێپەڕبوونی ٢٦ ساڵ بەسەر تەمەنی پڕ لە جینایەتی کۆماری ئیسلامیدا، ژنانی ئێران بەگشتیو ژنانی کورد بەتایبەتی لە مافە ئینسانیو سروشتییەکانی خۆیان بێ‌بەشن**

لە کوردستانی عێراق زەمینەیەکی لەبار بۆ بەرەسمی ناسینو بە ئاکام گەیشتنی ویستو داخوازەکانی خەڵکی کوردستان هاتۆتە کایەوە. ئێستا کورد لە جیاتیی شەڕی شاخو پەنابردنە بەر خەباتی توندوتیژی، شەڕی دەستوورو سەقامیگیرکردنی ویستەکان لە دەستووری داهاتووی وڵاتدا دەکاو ئەوە هەلێکی زێڕینە کە بۆ کورد هاتۆتە پێش، بەو هیوایە کە لە دەستووری نوێی عێراقدا لەگەڵ مسۆگەربوونی ویستی خەڵکی کورد، مافەکانی ژنانیش بە شێوەیەکی دێموکراتیك بگونجێندرێن.

لەلایەکی دیکەوە لە ئێرانی بەڵالێدراوادا پاش هەڵبژاردنێکی فەرمایشی، مەحموودی ئەحمەدینەژادی تیرۆریستو قاتڵی رێبەری مەزنی گەلەکەمان دوکتور قاسملووی هەمیشە زیندوو، لەڕاستیدا وەك سەرۆك کۆماری ئێران دیاری کرا. یەکدەستبوونی حاکمییەتو بێ‌ئاکامی ئیسلاحاتی حکوومەتی، ئەرکێکی قورستر دەخاتە سەرشانی نەتەوەکانی ئێران.

ئێستاش پاش تێپەڕبوونی ٢٦ ساڵ بەسەر تەمەنی پڕ لە جینایەتی کۆماری ئیسلامی، ژنانی ئێران بەگشتیو ژنانی کورد بەتایبەتی لە مافە ئینسانیو سروشتییەکانی خۆیان بێ‌بەشن. زۆرترین قوربانییانی نەخۆشییە کۆمەڵایەتییەکانی وەك: هەژاری، بێکاری، ئێعتیاد، ئەیدزو دەیان نەخۆشیی کۆمەڵایەتیی دیکە کە لە دیارییەکانی کۆماری ئیسلامین، داوێنی ژنانو کچانی بەشمەینەتی وڵاتەکەمانی گرتۆتەوەو لە ئاکامدا ژنان وەك توێژێکی ئاگاو هوشیار بوونەتە قوربانیی سیاسەتی هەڵاواردنو پڕ لە فەرقو جیاوازیی ئەو رێژیمە سەرەڕۆیە.

پێویستە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە لێکدانەوەیەکی وردتری گۆڕانکارییەکانو داڕشتنی پلانی گونجاو بە کەڵك وەرگرتن لە ئەزموونی ٦٠ ساڵ خەباتو تێکۆشان، پێشڕەوبوونی خۆی بسەلمێنێو فەسڵێکی نوی لە خەبات دژی سەرەڕۆیی دەست پێ بکا.

بزووتنەوەی ئیعتیرازیی ئەم دوایانەی کۆمەڵانی خەڵك لە شارەکانی کوردستانی ئێران کە لە ١٨ی پووشپەڕەوە تا ئێستاش هەر بەردەوامە، نیشانەی هۆشیاریی نەتەوەیی کوردەو هەوڵدان بۆ دەستەبەرکردنی مافە رەواکانی ئەم نەتەوەیە کە دێموکراسیو مافی نەتەوایەتییە.

لە کۆتاییدا جارێکی دیکە پیرۆزباییتان لێ دەکەینو سەری رێزو نەوازش بۆ هەزاران شەهیدی حیزبو گەل دادەنەوێنین کە لە ماوەی ٦٠ ساڵ خەباتی بەردەوامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا گیانیان فیدای رێگای رزگاریو ئازادی کرد.

**سەرکەوێ خەباتی نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران بە رێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، حیزبی خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵکی کورد لە کوردستانی ئێران**

**یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**٢٥ی گەلاوێژی ١٣٨٤**

***

# وتووێژ لەگەڵ بەڕێز مامۆستا غەفوور مەخمووری

## سکرتێری یەکیەتیی نەتەوەیی دێموکراتی کوردستان و ئەندامی پارلمانی کوردستان

**پرسیار: جەنابت وەك سیاسەتمەدارێك کە لە نزیکەوە لەگەڵ رووداوە سیاسییەکانی کوردستاندا بووی، رابردووی حیزبی دێموکرات چۆن هەڵدەسەنگێنی و هەروەها پێتان وایە حیزب بۆ داهاتوو دەبێ چ بکا؟**

**وەڵام:** دیارە جێگەی گومان نیە کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەکوو هێزێکی شۆڕشگێڕ، باڵێکی سەرەکیی بزاڤی رزگاریخوازی نیشتمانیی کوردستان لە ماوەی کارو خەباتی خۆیدا توانیویەتی زۆر بە دروستیو لێزانانە رێبەرایەتیی شۆڕشی بەشێکی کوردستان بکا کە رۆژهەڵاتی کوردستانە. ئێمە ئەگەر سەیر بکەین‌و بە وردی بگەڕێینەوە بۆ دیرۆکی دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، دەبینین لە ماوەی رابردوودا ئەو حیزبە توانیویەتی بە کولتوورێکی شۆڕشگێڕانە، بە ئایدئۆلۆژییەکی کوردانە خۆی پێك بهێنێ‌و کادرەکانی پەروەردە بکاو ئاراستەی کارو خەباتیان بکا. ئێمە ئەگەر تەماشای بزاڤی رزگاریخوازی نیشتمانیی کوردستان بکەین، لە مێژووی نوێماندا دەبێ بەڕاستی بە چاوی رێزەوە، بە چاوی ستایشەوە تەماشای کارو خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بکەین. لەبەر ئەوەی مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئێستا بۆتە بەشێك لە مێژووی تەواوی گەلی کوردستان، بۆتە بەشێك لە مێژووی تەواوی بزاڤی رزگاریخوازی نیشتمانیی کوردستان. قوتابخانەیەکی گەورە بووە لە رۆژهەڵاتی کوردستان بۆ ئەوەی میللەتی ئێمە رێك بخاتو یەکڕیزو بەرەوپێشچوون دەکا. تەماشا دەکەین لە چەند ساڵی رابردوو لە ناو خودی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران‌و هەم لەگەڵ حیزب‌و لایەنە سیاسییەکانیتر مەسەلەن ئێمە وەکوو یەکیەتیی نەتەوەیی دێموکراتی کوردستان لە دیدارەکانمان لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا بەردەوام جەختمان دەخستە سەر ئەوە کە دەبێ ستراتیژییەتی بزاڤی رزگاریخوازی نیشتمانیی کوردستان لە رۆژهەڵاتی کوردستان گۆڕانکاریی بەرسەردا بێ. مەسەلەن لە چەند ساڵی رابردوو لە کۆنگرەی ١٣، کۆنگرەی ئەم دواییە لە پەیامەکانی خۆمان داواکاریی ئەوەمان کرد کە دەبێ گۆڕانکاری حەتتا بەسەر ستراتیژیی بزاڤەکەدا بێ. مەسەلەی خودموختاری بەرەو فیدراڵی بێ، کۆنفیدراڵی بێ، سەربەخۆیی بێ، بەهەر شێوازێکیتر بێ، گۆڕانکاریی بەسەردا بێ. یانی لە دوای کۆنگرەدا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەك خۆنوێکردنەوەیەك، وەك بەدەنگەوەهاتنێکی ئەم سەردەمە، ستراتیژییەتی خۆی گۆڕی بۆ فیدراڵی. ئەوەش دەلالەت لە حەزکردنی ئەو حیزبە بەرەو نوێبوونەوەو خۆگۆنجاندن‌و بەرەوپێشچوون لەگەڵ سەردەمەکە دەکاو لە هەمان کاتدا دەلالەت لەوە دەکا کە گوێ لە بیروڕای دۆستان‌و هاوخەباتانی خۆی دەگرێ لەم پێناوەدا. ئێمە ئێستاکە ئەوەی کە تێبینیی دەکەین لە رۆژهەڵاتی کوردستان بزاڤو جووڵەیەکی بەرچاو لە ئارادایە، بێگومان رۆڵی سەرەکیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش لەم پێناوەدا فەرامۆش ناکرێ، لەبەر ئەوەی رۆڵێکی کاریگەر دەبینێ لە ئاراستەکردنی ئەو خەڵکە، لە جۆشدانی ئەو خەڵکە، ئێمە وای دەبینین کە رۆژهەڵاتی کوردستان لەم قۆناغەدا تا ئێستاش پێویستیی بەوە هەیە کە هێزێکی وەکوو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران رێبەرایەتیی شۆڕشەکەی بکاو بەرەو کەنارێکی ئارامی ببا، بەرەو وەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانی ببا. دواتر ئێمە تەماشا دەکەین لە چەند ساڵی رابردوودا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران زۆر زیرەکانە مامەڵەی لەگەڵ واقیعی باشووری کوردستان کرد. بەڕاستی ئەوە جێگای رێزو تەقدیرە. دەبێ هەموو هێزو لایەنە سیاسییەکانی باشووری کوردستان‌و دەبێ هەموو خەڵکی کوردستانیش ئەو هەڵوێستەی حیزبی دێموکرات لەبەرچاو



**لە چەند ساڵی رابردوودا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران زۆر زیرەکانە مامەڵەی لەگەڵ واقیعی باشووری کوردستان کرد، بەڕاستی ئەوە جێگای رێزو تەقدیرە، دەبێ هەموو هێزو لایەنە سیاسییەکانی باشووری کوردستان‌و هەموو خەڵکی کوردستانیش ئەو هەڵوێستەی حیزبی دێموکرات لەبەرچاو بگرن‌و بە خاڵێکی پرشنگدار**

یەکدەنگی بکا بۆ رووبەڕووبوونەوەی هەموو ئەو ستەمکارییانەی دەرحەق بە میللەتەکەمان دەکرێ. ئێمە ئەگەر ببینین، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران تاکە حیزب بووە لەسەر ئاستی کوردستان کە بەردەوام باشترین رێبەرانی خۆی پێشکەشی بزاڤی رزگاریخوازی نیشتمانیی کوردستان کردووەو لەم پێناوەشدا هەر لە دامەزراندنییەوە، لە یەکەم دامەزرێنەرییەوە، لە "قازی محەممەد"ەوە بگرە تا دەگاتە دوکتور قاسملوو، دوکتور شەرەفکەندی (یادیان بەخێر) ئەوانە هەموو لە رێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوون‌و لە پێناوی کێشەی رەوای میللەتەکەمان تووشی شەهیدبوون‌و تووشی تیرۆرکردن‌و تووشی لە سێدارەدان بوون. ئەو حیزبە لە رێبەرەکانییەوە خەڵکانیتر فێر دەکا کە چۆن خۆشەویستییان بۆ نیشتمانەکەیان هەبێ‌و چۆن بتوانن لە پێناو کێشەی میللەتەکەیاندا خۆیان بەخت بکەن.

دیارە پەندێکی کوردییش هەیە کە دەڵێ: "گەورە ئاو دەڕێژێ‌و بچووك پێی تێ دەخشێنێ". یانی گەورەکان حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەو شێوە لەخۆبوردووییەوە کاری خۆیان بکەن، حەتمەن کادرەکان‌و پەیڕەوانی ئەو حیزبە لەسەر ئەو رێبازە بەردەوام دەبن. ئێمە تەماشا دەکەین حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە رابردوودا کاری کردووە، لە داهاتووشدا باوەڕ دەکەین پەیوەستە بەو کولتوورەی خۆی. لەبەرئەوەی کولتوورەکەی کولتوورێکی شۆڕشگێڕانەیە، کولتوورێکی کوردانەیەو حیزبێکە بەردەوام حەز بە خۆنوێکردنەوەو حەز بە بگرن‌و بە خاڵێکی پرشنگدار لە مێژووو دیرۆکی بزاڤی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران تەماشا بکرێ. لەبەر ئەوەی ئەو باشووری کوردستانی وەك بنکەیەك، وەکوو پێگەیەك بۆ تەواوی بزاڤی رزگاریخوازی نیشتمانیی کوردستان تەماشا کردو دەستبەرداری زۆر لە مافەکانی خۆی بوو. مەسەلەن لە لای ئێمە هەوڵی ئەوەی دا کە شێوازی شەڕی چەکداری ئەگەر بە شێوەیەکی کاتیش بێ، رابگرێ، بۆ ئەوەی بارودۆخی باشووری کوردستان تووشی گیروگرفت نەبێ، بۆ ئەوەی بەهانە نەداتە دەست دەوڵەتی ئێران تەداخول لە باشووری کوردستاندا بکا، تەداخول لە شئوونی ئێرە بکا. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو هەڵوێستەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەلایەن خەڵکی کوردستانەوە لە باشوور جێگای رێزو تەقدیرە. هەرچەندە زەرەری بۆ خودی حیزبی دێموکرات هەبووە، بەڵام بۆ کێشە نەتەوایەتییەکە قازانجی هەبووە.

لێرەش ئێمە دەگەینە ئەو باوەڕەی کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەرژەوەندی باڵای نەتەوەیی لە سەرووی هەموو شتێك داناوە. چی لە بەرژەوەندی میللەتەکە دایە ئەوەی کردوە، نەك ئەوەی کە لە بەرژەوەندی حیزبەکە دایە. ئەوەش بەڕاستی خاڵێکی زۆر گرنگە کە هەر هێزێکی سیاسیی ئاوا هەست بە مەسئوولییەت بکاو بەرپرسیارییەتیی خۆی بنوێنێ‌و بەرژەوەندی خۆی لە پێناو بەرژەوەندی نەتەوەییدا بخاتە لایەکیتر.

**زۆر سوپاس**

# وتووێژ لەگەڵ بەڕێز مامۆستا کەریم ئەحمەد

## سکرتێری پێشووی حیزبی شیوعیی کوردستان و سیاسەتمەداری بەئەزموون

**مامۆستا هەروەك دەزانن ٢٥ی گەلاوێژی ئەمساڵ حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران شێستەمین ساڵی تەمەنی خۆی تێپەڕ دەکا. بە بڕوای ئێوە حیزبێکی ٦٠ ساڵە بەو هەموو ئەزموونەوە لە دەسەڵاتداری لە کۆماری کوردستان لە ساڵی ١٩٤٦وە بگرە تا قۆناغی شەڕی چەکداری و قۆناغگەلی جۆراوجۆری دیکەش، لە لەلایەن خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان چ چاوەڕوانییەکی لێدەکرێ‌و هەروەها ئێوە چ داهاتوویەك بۆ ئەو حیزبە دەبینن؟**

و: پاش شکستی کۆماری مەهاباد[کوردستان]و کشانەوەی جەیشی سۆڤیەتی لە کوردستانی رۆژهەڵات کە بە تەعاون‌و هاریکاریی ئامریکا ئەو کۆمارەیان رووخاندو سەرۆکەکەیان‌و پێش هەموویان قازی محەممەد ئێعدام کرا، ئەوانیتر پەرت‌و بڵاوبوونەوە. قیسمی ئەساسی هاتنە عێراق، ئێمە یەکسەر پێوەندیمان لەگەڵ برادەرانی حیزبی دیمۆکرات گرت، هەرچەندە ئێمە حیزبێکی نهێنی بووین. بەڵام ئەوانیشمان لە ماڵی نهێنی لەگەڵ خۆمان دادەناو بۆ هەموو شتێك یارمەتیدەریان بووین‌و لە خزمەتیاندا راوەستابووین. هەربۆیە ئەو پێوەندی ئێمەو حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران هی ئێستا نیە. دواتر ئێمە یانی لەو ساڵانەی پێش ئەوەی کە راپەڕینی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩ روویدا، حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران دووبارە هاتەوە مەیدان. بە هەموو جهوودمان ئێمە یارمەتیمان دان حەتتا لە رووی پارتیزانی زۆر لە ئێمە تەبادولی گفتوگۆمان لەگەڵ یەکتر دەکرد. ئێمەش لەسەر حدوودی ئێران بووین ئەو کات دژی دیکتاتۆری شۆڤینی بووین. ئەوانیش تازە پاش ئەو شۆڕشە، پاش ئەو راپەڕینە، بەڵام مەلایەکان قۆستیانەوە. چونکە تەلایعی سیاسی، پێشڕەوی سیاسی لە ئێران غایب بوو، بە تایبەتی ئەو هێزە دیموکراتیکە شۆڕشگێڕانە، ناڵێم حیزبی دیموکراتی کوردستان، ئەو حیزبە، هی میللەتی کوردە، بەڵام ئەوەی کە لە ئێرانە مەسەلەن وەکوو حیزبی بەڕاستی ناکۆکییەك پەیدا بوو لە ناو حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران رازی نەبووین بەو ناکۆکییە، بەو ململانێیەی ناخۆیە. زۆرمان هەوڵ دا کە ئەو ناکۆکییە نەبێ، سەر نەکەوتین. بەڵام پاشانیش هەر هەوڵمان دا کە پێویستە پێش هەموو شتێك حیزبی دیموکرات دەبێ یەکگرتوو بێ. حیزبی دیموکرات هی ئەوە نیە پارچە پارچە بکرێ، چونکە مەسڵەحەتی کورد، بەرژەوەندی کوردی ئێران لەوەدایە کە حیزبی سەرەکیی شۆڕشگێر، کە حیزبی دیموکراتی کوردستانە، نابێ خەڵەلی بکەوێتە نێو. ئەوانی دیکە پێویستە تەعاونی لەگەڵ بکەن. بەرەیەکی کوردستانی دابمەزرێ. لەگەڵ حیزبی تووده زۆرمان هەوڵ دا. حیزبی تووده ئەوەی ئیقرار نەدەکرد.، گوتمان باشە ئەوان لقی ئێوە بوون. ئەوان هاتن ئەو لقەیان جیاواز کرد، بوونە حیزب. حیزبێکیان دامەزراندو حیزبەکە تابع بە ئێوە نیە، تابع بە خۆیانە. ئێوە دەبێ چ بکەن؟ ئێوە بەردەوام بن لە دامەزرانی رێکخراوی خۆتان، بەڵام لە عەینی وەختیشدا تەعاون بکەن لەگەڵ حیزبی دیمۆکراتی کوردستان. کیانووری پێی چەقاند گوتی نا ئێوە ئێمە قبووڵ ناکەین، گوتم باشە ئەگەر قبووڵ ناکەن، چتان پێدەکرێ. گوتم هیچت پێناکرێ. من هەستام لە کۆبوونەوەکە چوومە دەرێ. هاوڕێ قاسملوو زۆر موتابەعەی ئەو مەسائیلانەی دەکرد. ئێمە مەوقفمان بەرامبەر ئێوە ئاوایە لەگەڵ تووده. تووده رازی نیە لەگەڵ ئێوە تەعاون بکا. رازییە لەگەڵ مەلایان تەعاون بکا، لەگەڵ عەمامە تەعاون بکاو ئێمە رازی نین ئەو هەڵوێستە لە حیزبی تووده رووبدا بەرامبەر مەسەلەی کورد. ئەوە هەواڵان چاك دەزانن. ئێمە دژی ئەوە بووین کە لە کوردستانی ئێران دەکردو بە وردبینیی سیاسی تەعامولی لەگەڵ وەزعەکەی ئێرەو ئەوێ دەکرد. حەتتا هیچ کردەوەیەکی وای نەکرد لە ئێران کە ئێران بەڵگە بگرێ لە ئێمە کە حدکا لە لای ئێوەیە، دێ پەلامارمان دەدا. بۆچی؟ ئەوان شەڕیان راگرت لەبەر مەسڵەحەتی ئێمە. ئەوپەڕی تەنازولە، ئەوپەڕی هەستە کە ئەو حیزبە هەست بە مەسئوولییەتی خۆی دەکا. ئێستاش لەو زرووفە حدکا دەوری ئەساسی‌و سەرەکی هەیە لە کوردستانی ئێران. هەموو جەماوەری ئێران لە پشتی حدکا وەستاون، ئێمە دەزانین. ئێستا دەبێ حدکا لەگەڵ هاوڕێیان باسمان کردووەو لەگەڵ حیزبەکانی دیکەش، بەرەیەکی کوردستانی دابمەزرێ لە کوردستانی ئێران. لەگەڵ ئەو مەجمووعە حیزب‌و گرووهانەی دیکەی کوردستان. جگە لەوەش ئێران دەوڵەتێکی تەعەددودی قەومیاتە. ئازەریی تێدایە، تورکمانی تێدایە، بەلووچی تێدایە، عەرەبی تێدایە، کوردی تێدایە. دوو نەتەوە نیە. پێنج شەش نەتەوەن ئەگەر بێت‌و حدکا ئێستا هەوڵ بدا لەگەڵ بزووتنەوەی نەتەوەیی دیکە کە لە ئێران دا هەیە، کە ئێمە هەست دەکەین، هەیە. چون فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان لەگەڵ کوردستان حکوومەتی جەمهووریی دامەزراندو لەگەڵ کوردستانیش حکوومەتەکەیان رووخاو یانی کوردستان‌و



**حیزبی دیموکراتی کوردستان تاکە حیزب بوو کە سەیتەرەی بەسەر هەموو کوردستانی ئێران کرد. هەرچەندە دوایە ئەحزابیتر پەیدا بوون‌و کەوتنە ململانێ لەگەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستان، کە راست نەبوو، دەبوایە سەر بنوێنن، دەبوایە تەعاون بکەن لەگەڵ حیزبی دیموکرات. ئێمە زۆرمان هەوڵ دا لەگەڵ ئەو حیزبانە کە پێویستە نەچنە ململانێ لەگەڵ حیزبی دیمۆکرات، بەڵکوو بێن دەستی خۆیان درێژ کەن بۆ هاریکاری**

تووده، وەکوو جەماعەتی چەپ، ئەوانە غایب بوون لە ئێران دا، مەلایەکان قۆستیانەوەو خومەینی سەیتەرەی کرد بەسەر هەموو مەجالێك دا. هێزە چەپەکان نەیانتوانی لەو دەورەیە کاریگەر بن، چونکە لە زەمانی شادا ئەوان نەبوون لە مەیدان دا یانی تەنها لە زەمانی موسەددیق دا کاریان کرد. پاشان لێدران، کە لێدران، هەموویان چوونە دەرەوە. مەیدانیان جێ هێشت. حیزبی دیموکراتی کوردستان نەچووە دەرەوەو لە سەر خاکی ئێران بوو. لەگەڵ ئێمە تەعاونی دەکرد. هەر لەبەر ئەوە پاش ئەو راپەڕینە میللەتی کورد هەمووی رووی لە حیزبی دیموکراتی کوردستان کرد. حیزبی دیموکراتی کوردستان تاکە حیزب بوو کە سەیتەرەی بەسەر هەموو کوردستانی ئێران کرد. هەرچەندە دوایە ئەحزابیتر پەیدا بوون‌و کەوتنە ململانێ لەگەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستان، کە راست نەبوو، دەبوایە تەعاون بکەن لەگەڵ حیزبی دیموکرات. ئێمە زۆرمان هەوڵ دا لەگەڵ ئەو حیزبانە کە پێویستە نەچنە ململانێ لەگەڵ حیزبی دیمۆکرات، بەڵکوو بێن دەستی خۆیان درێژ کەن بۆ هاریکاری، بۆ ئەوەی کە کۆسپ نەخەنە پێش نەشات‌و ئیش کردنی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان. بەڵام بەداخەوە دەڵێم ئەوان قەدەرێکی زۆر چوونە ناو ئەم ململانێیە. ئێمە ململانێ بکەوێتە ناو هێزە سیاسییەکان کە بێنە ناوشەڕ لەگەڵ حیزبی دیموکرات. بەداخەوە قەدەرێکی زۆری پێچوو ئەو ململانێیە هەرماوە. زەرەرێکی زۆری پێگەیاندین بە بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی کوردستانی ئێران

ئێستا هەلێکی وا هەڵکەوتوە بۆ کوردی عێراقی پێویستە سوودی لێوەرگرن. ئێمە زۆر رازین لە سەرەتاوە لە سیاسەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان. ئەحزابی کوردییتر وەکوو pkk زۆر زەرەریان پێگەیاندین بەڵام حدکا گوتی زرووفی ئێوە خۆتان دەتوانن تەحلیلی بکەن، ئێمە دەبێ تەئییدیان بکەین، دەبێ پاڵپشتتان بکەین نەك ببینە کۆسپ‌و مەشاکیلتان بۆ ساز بکەین. ئێمە هیچ گلەییمان لە حدکا نیە دەربارەی ئەو مەسەلەیە.

یەکێك لەوانە بوو کە هەوڵی دا لەگەڵ ئێمە کە شەڕی ناوخۆ لە کوردستانی ئێراق دەست پێنەکا. کە دستیشی پێکرد، لەگەڵ ئێمە تەعاونی کرد بۆ ئەوەی ئەو شەڕە ڕاگرین. نەك وەکوو pkk کە دژی ئەو مەسایلانە بووو دەیویست ئەو شەڕە ببێ‌و دەهات خۆی تێکەڵ دەبوو لە جیهەتێك کە شەڕ بکا لەگەڵ لایەنەکەی دیکە. جا لەبەر ئەوە حدکا زۆر بە وردی سیاسەتی خۆی رەسم ئازەربایجان سنووری موتەداخیلیان هەیە. لەبەر ئەوە ئەگەر بێت‌و هێزە نەتەوەییەکان جەبهەیەك بکەنەوە. بزانن ئەگەر هێزە چەپەکانی ئێران کە فارسیشن بێ لە گەڵیان تەعاون بکا، مەلا نامێنێ، مەلا دەرووخێ. بەڵام تا ئێستا ئەو دەورە وابزانم دیاری نەکراوە. عەرەب لەو رۆژانە هەستان، مەهابادیش هەستا، بەلووچ زۆر چەوساوەیە، تورکمان پێوەندییان هەیە لەگەڵ تورکمانی رووسیا. ئەو مەسایلانە وابزانم ئێستا تەحەرۆکێکی دەوێ کە نەتەوەکان یەکبگرن لەگەڵ هێزە دیموکراتییەکانی چەپ لە ئێران، مەلا نامێنێ. چ بە هەڵبژاردن بێ، چ بە راپەڕین. ئێمە بە هەڵبژاردنیش رازین. چونکە ئەو هێزە زیاترە. هێزی تایفی‌و ئایینی نایهێنێتەوە. جا لەبەر ئەوە ئومێدوارم‌و هەروەهاش بیردەکەنەوە وابزانم هاوڕێیانی دیموکرات، چونکە هیچ شتێك لەلایان غایب نیە، زۆر چاك دەزانن. من زۆر سوپاستان دەکەم‌و تەبریکی ئەو رۆژەتان لێ دەکەم. رۆژانی دامەزرانی حدکاو من وا ئیعتیبار دەکەم من هەر یەکێکم لەوان. زۆر سپاستان دەکەم.

**مامۆستا زۆر سوپاس**

***

# بنبەستى دیپلۆماسیی كۆماری ئیسلامی

عەباس ئەحمەدی

پاش نێزك بە دوو ساڵ وتووێژ و دانوستانی ڕێبەرانی سێ وڵاتی گەورەی ئۆرووپایی (فەرانسە, ئاڵمان و ئینگلیس) لەگەڵ كۆماری ئیسلامیی ئێران بە مەبەستی پێشگیری لە دەست پێراگەیشتنی كۆماری ئیسلامی بە چەكی ناوكی, لە ئاكامدا كۆماری ئیسلامی بە پێچەوانەی ئەو پەیمانەی كە لە نوامبری ساڵی رابردوودا لەگەڵ سێ وڵأتی ئۆرووپایی لە پاریس مۆری كردبوو، ماوەیەك لەوە پێش دەستی كردەوە بە پیتاندنی ئۆرانیۆم لە "USF"ی ئیسفەهان و پەیمانی پاریسی بە كردەوە پێشێل كرد.

هەڵبژاردنی ئەو قۆناغە لە لایەن كۆماری ئیسلامی‌یەوە بۆ دەستپێكردنەوەی پیتاندنی ئۆرانیۆم, بە دوو مەبەست بوو:

**یەكەم:** سەر قاڵبوونی ئامریكا و هاوپەیمانانی بە مەسەلەی عێراق و كێشە چارەسەر نەكراوەكانیانەوە.

**دووهەم:** لە لایەكی دیكەوە نرخی نەوت بەرادەیەك بەرز بۆتەوە كە ئابووریی جیهانی تووشی گێروگرفت كردوەو ڕێبەرانی كۆماری ئیسلامی بیر لەوە دەكەنەوە كە ئابووریی جیهان بەرگەی قەیرانی گەمارۆی كۆماری ئیسلامی كە یەكێك لە گەورەترین بەرهەمهێنەرەكانی نەوتی جیهانە, ناگرێ و بە كورتی لەو قۆناغەدا ناتوانن گەمارۆ بخەنە سەری.

لە سەر بنەمای ئەو بیرۆكەیە ڕێبەرانی كۆماری ئیسلامی پێشنیارەكانی سێ وڵأتی ئۆرووپایی‌یان كە تەنانەت بە شێوەی نارەسمی پشتیوانی و چرای سەوزی وڵاتەیەكگرتووەكانی ئامریكاشیان لە پشت بوو ڕەد كردەوە.

بەڵام ئەم قۆناغە لەگەڵ چەند خاڵی نێگەتیڤیش بەرەوروو بوو كە گرنگترینیان هەڕەشەی بە كردەوەی تیرۆریزمە لە سەر ئەمنییەت و ئاسایشی ئۆرووپا كە لە تەقینەوەكانی لەندەن دا رەنگی دایەوە و مەسەلەی ئەمنییەتی زۆر لە جاران بۆ یەكیەتیی ئۆرووپا گرنگتر كردو وەپێش بەرژەوەندی‌یەكانی دیكەی خست و دوور نیە كار بكاتە سەر ستراتیژیی ئەمنییەتی یەكیەتیی ئۆرووپاو لە ستراتیژیی ئامریكا نزیكی بكاتەوە. دیارە لەو پێوەندی‌یەدا جێگای ئاماژە پێدانە كە لە ستراتیژیی ئەمنییەتیی یەكیەتیی ئۆرووپادا كە لە ساڵی ٢٠٠٣دا بڵاوكرایەوە, سەرەكیترین هەڕەشەی ئەمنییەتی بۆ سەر ئەو یەكیەتی‌یە لە تیرۆریسم, بڵاوبوونەوەی چەكی كۆمەڵكوژ, بونیادگەرایی, كێشەی ناوچەیی, جینایەتی ڕێكخراو و دەوڵەتە بێتوانا و ناسەقامگیرەكان كە ناسەقامگیری بۆ ناوچەكانی دیكە پەرە پێدەدەن, دەستنیشان كردوە, بەڵأم ڕێگا چارەیەكی ئارامی لە ڕێگای سیاسی‌و ئابووری‌یەوە بۆی دەستنیشان كردبوو, بە پێچەوانەی سیاسەتی وڵاتەیەكگرتووەكانی ئامریكا كە لەو بڕوایەدایە كە دەبێ پێش ئەوەی دوژمن بتوانێ زەربەی لێبدا, هەرەشەكە لە نێو بەرێ. هەروەها خۆپێشاندانی كۆمەڵێك لە فالانژەكانی كۆماری ئیسلامی لە ژێر ناوی خوێندكار لە بەردەم باڵوێزخانەی سێ وڵأتی فەرانسە, ئاڵمان و ئینگلیس داو ئاگردانی ئاڵا و هەڵگرتنی دروشمی توند دژی ئەو وڵأتانە، وێ دەچێ كاری كردبێتە سەر بیروڕای ڕێبەرانی هەر سێ وڵات تا هەڕەشەی كۆماری ئیسلامی وەك ڕێژیمێك




كە تەواوی ئەو هەرەشانەی كە لە ستراتیژیی ئەمنییەتیی خۆیاندا دەستنیشانیان كردبوون تێدا بەدی بكەن و بە جیددی‌تری وەربگرن و بە راشكاوی رابگەیەنن كە ئەگەر كۆماری ئیسلامی دەست لە پیتاندنی ئۆرانیۆم هەڵ نەگرێ فایلی ئەو وڵأتە دەدرێتە ئەنجومەنی ئاسایشی سەر بە نەتەوەیەكگرتووەكان. ئەمەش وەك بنەبەستی دیپلۆماسیی كۆماری ئیسلامی لەگەڵ رۆژئاوا دەژمیردرێ.

بۆ دەرباز بوون لەو قەیرانە ڕێبەرانی كۆماری ئیسلامی لە هەوڵی ئەوەدان كە كەلێن بخەنە نێو وڵاتانی ئەندام لە شوورای "حكام" و ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەكگرتووەكان ولەو پێوەندی‌یەدا پشتیوانیی چین و رووسیە و هێند كە دوو وڵأتیان (چین و رووسیە)مافی ڤیتۆیان لە شوورای ئەمنییەتدا هەیە بۆ لای خۆیان راكێشن. بۆ ئەو مەبەستەش تا ئیستا ئیمتیازی زۆری ئابووری و سیاسی بەو سێ وڵاتە دراوە. وەك ئیمتیازی دروستكردنی دامەزراوە ئەتومی‌یەكان و كڕینی چەك بە رادەیەكی بەرچاو لە رووسیە كە ئەمە بۆ خۆی یارمەتی‌یەكی زۆری بە ئابووریی وێرانی رووسیە كردوە, دانی ئیمتیازی نەوتیی زۆر بە چین بە رادەیەك ئەو وڵأتە ئیستا گەورەترین مشتەریی نەوتی ئێرانە, هەرروەها پەیمانی كێشانی گازی ئێران لە ڕێگا پاكستانەوە بۆ هێند لە بەر دەست دایە. ئێستاش ڕێبەرانی كۆماری ئیسلامی هەوڵێكی دیپلۆماسیی بەربڵاویان دەست پێكردوە تا ئەو وڵاتانە بهێنە مەیدان, لەو پێوەندی‌یەدا عەلی لاریجانی ـ دەبیری شوورای بەرزی ئەمنییەتی میللی سەردانی هێندی كردو و داوای پشتگیری لە بەرنامە ناوكی‌یەكانی ئێرانی لەلایەن ڕێبەرانی هێندەوە كردوو, سەرۆك كۆماری تازەی ڕێژیمیش بە پێی بەرنامەیەكی لە پێشدا دارێژراو بریارە كە لە نیۆیۆرك چاوی بە پووتین بكەوێ كە بێگومان یەكێك لە باسەكانیان بەرنامەی ناوكیی كۆماری ئیسلامی دەبێ.

ئەو پلانەی كۆماری ئیسلامی لەگەڵ چەند خاڵی پۆزەتیڤ و نەگەتیڤ بەرەوروویە كە بریتین لە:

**خاڵە پۆزەتیڤەكان:** وڵاتانی چین و رووسیە بزاڤێكی بەرچاویان دەست پێكردوە تا لێك نزیك ببنەوە و بتوانن ببنە جەمسەرێك كە رۆڵی بەرچاو لە مۆعادیلاتی نێودەوڵەتی‌دا بگێڕن و تەنانەت لە هەوڵی ئەوەدان كە هێندیش لەگەڵ خۆیان بە تەواوی هاوئاهەنگ بكەن. لەو پێوەندی‌یەدا ئەو وڵاتانە ئێران بە گۆڕەپانێك بۆ پاراستنی بەرژەوەندی‌یەكانی خۆیان لە ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەراستی گەورە دەزانن كە نایانەوێ بە ئاسانی ئەمریكا دەستی بە سەردا بگرێ, ئەمەش سەرەرای ئەوەیە كە ئەو وڵاتانە بەرژەندی‌یەكی زۆری ئابووری و سیاسییان لە ئێراندا هەیە.

**خاڵی نەگەتیڤ:** لە پلەی یەكەم‌دا ئەو ولاتانە واتە چین و رووسیە هەر یەك بۆ خۆیان لەگەڵ كۆمەڵێك كێشەی نێوخۆیی و دەرەكی‌دا بەرەوروون و ناتوانن لە بەرانبەر یەكگرتوویی یەكیەتیی ئۆرووپاو ئەمریكادا راوەستن و ئەو چەشنە كێشانە دەبنە كەرەستەی گڤاش بۆ سەر ئەو وڵاتانە, وەك كێشەی مافی مرۆڤ لە هەر دوو وڵات, كێشەی چچن لە رووسیە, هەروەها كێشەی تایوان و تەبەت و كێشەی ئایینیی "فالونگونگ" لە چین. هەروەها ئەم وڵاتانە لە بواری ئابووری‌یەوە بە ئابووریی رۆژئاوا, واتە یەكیەتیی ئۆرووپا و ئەمریكاوە, بەستراونەتەوە و ناتوانن كە ئاستی گرژیی پێوەندی‌یەكانیان لەگەڵ رۆژئاوا بگەیەنە ئاستی قەیران و بەرانبەر یەك راوەستان. ئەمەش لە بریارنامەی ئەم دوایەی ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەی ناوكی‌دا رەنگی دایەوە كە بە تێكرای دەنگ لە ١١ی مانگی ئووتی رابردوودا دژی ئێران دەرچوو, بە پێچەوانەی بیرۆكەی ڕێبەرانی كۆماری ئیسلامی, چین و رووسیە هیچ پشتیوانی‌یەكیان لە كۆماری ئیسلامی نەكرد.

هەروەها رووسیە لە هێندی بوارەوە پێی خۆش نیە كە كۆماری ئیسلامی ئیمتیازەكانی یەكیەتیی ئۆرووپا قبووڵ بكا, چونكە یەكێك لە ئیمتیازەكان ئەوەیە كە ئێران بكرێتە ڕێگای سەرەكیی گواستنەوەی نەوتی ئاسیای ناوەڕاست, ئەمەش پێگەی رووسیە لە ناوچەكە لاواز دەكا و بە پێچەوانەی بەرژەوەندی‌یەكانی ئەو وڵاتەیە كە بەردەوام ویستوویە ببێ بە ڕێگای سەرەكیی ترانزیتی نەوتی ئاسیای ناوەڕاست و قەفقاز و لەو پێوەندی‌یەشدا بە مەبەستی پێشگیری لە جێبەجێبوونی پرۆژەی هێڵی لولەی باكو ـ جەیهان هەوڵێكی بەرچاوی‌دا, بۆیە نایەوێ كە ئێران رۆڵی شادەماری نەوتی ئەو ناوچانە بە دەستەوە بگرێ. و بە گشتی رۆیشتنی فایلی ئێران بۆ شوورای ئەمنییەت ئەگەر لە هێندێ بوارەوە دژی بەرژەوەندی‌یەكانی رووسیەیە لەو بوارەدا لە خزمەتی بەرژەوەندی‌یەكانی دایە و هێڵی لولەی قەزاقستان ـ نووروسیسك گرنگیی خۆی لە دەست نادا.

بەم پێیە چاوەڕوان ناكری كە وڵاتانی چین و رووسیە بتوانن پشتیوانی‌یەكی ئەوتو لە كۆماری ئیسلامی بكەن بۆ ئەوەی ئەگەر فایلی ئەو وڵاتە رۆیشتە ئەنجومەنی ئاسایشی سەر بە نەتەوەیەكگرتووەكان, گەمارۆی ئابووری نەخرێتە سەر ئێران.

***

# وەبا ( cholera )

جەلال سالحی

كولێرا (وەبا)، كە بریتی‌یە لە نەخۆشی‌یەكی كتوپڕ كە بە ڕشانەوەو سكچوون دەست پێدەكاو بە دوای تەواو بوونی پاشماوەی خۆراك لە ناو ریخۆڵەكان دا، پیسایی نەخۆشەكە روون دەبێ كە لە ئاوی برینج دەچێت كە بە لەدەستدانی ئاوی لەش‌و لە ئاكام دا بە وشك بوونەوە (dehydrahon) كۆتایی دێ‌و لە ماوەی ٢٤ كاتژمێر، ئەگەر چارەسەر نەكرێ دەبێتە هۆی لە ناوچوونی نەخۆشەكە.

ئەم نەخۆشی‌یە بە هۆی باكتریایەكە پێی دەڵێن ویبریۆكولێرا ( vibrio cholera), كە بۆیەكەم جار لە رۆڵی گانگێس (Ganges) لە هیندوستان‌و رووبارە گەورەكانی رۆژهەڵاتی دوور كە ئاوو هەوای شێداری هەیە دۆزرایەوە، كە وەكوو پەتا ناوە ناوە لەو ناوچانەدا بڵاودەبۆوە. كە تا ئێستا زۆرجار لە تەواوی دنیادا بڵاوبۆتەوە. ئێستاش ماوەیەكە كە لە ئێران دووبارە سەری هەڵداوەتەوەو بۆتە هۆی مەرگی چەندین كەس. بەڵام لەو وڵاتانەی كە پاكوخاوێنی‌و چاوەدێریی تەندروستی رەچاو دەكەن كەمتر دەبێتە هۆی لەناوچوونی نەخۆشەكان‌و كەمترین باندۆری خراپی لێدەكەوێتەوەو بە زووترین كات كۆنترۆڵ دەكرێ. زیاتر لە ناو میللەتە هەژارەكان دا بە هۆی خراپی یان نەبوونی چاوەدێریی تەندروستی‌یەوە كە لە باری ناهەمواری كۆمەڵایەتی‌و بەد خۆراكی‌و ئەو جێگایانەی كە ئاوی پاك‌و شیاوی بۆ خواردنەوە تێدا نیە، دەناڵێنن بە تایبەت لە وەرزە گەرمەكان دا، زووتر تووشی ئەم پەتایە دەبن، چونكە ئاو چاوگێكی ئەسڵی‌یە بۆ ئەم بەكتریایە. لەم روانگەوەیە كە بە نەخۆشیی هەژارەكانیش بەناوبانگە.



## نیشانەكانی نەخۆشی‌یەكە Clinical Feature

١ـ نەخۆش: بە سكچوونێكی كتوپڕو بێئێش‌و ئازار دەست پێدەكا كە زۆرجار ڕشانەوەشی لەگەڵ دایەو لەگەڵ ئەوەی زۆرجاری وا هەیە ڕشانەوەی نەخۆشەكە رەشە هەر بۆیە بە رەشە ڕشانەوەش بەناوبانگە. ٢ــ گرژبوون‌و گیرانی ماسولكەكان ٣ــ پێست سارد و وشك‌و گرژ دەبێ ٤ــ چاوەكانی نەخۆشەكە بە قووڵدا دەچن ٥ـ لێدانی دڵ زیاد دەكا ٦ـ ڕێژەی خوێن سووڕانەوە كەم دەبێتەوە ٧ــ گیرانی میز ٨ـ بێهێزی گشتی.

## دەست نیشانكردن Dagnosis

١ـ كاتێك ئەم نەخۆشی‌یە وەكوو پەتا بڵاوبۆوە، بە ڕێگای كلینیكی، دیاریكردنی زۆر ئاسانە.

٢ـ لە ڕێگای پیسایی نەخۆشەكەوە لە تاقیگە، چونكە باكتریی كولێرا، لە ڕێگای پیسایی نەخۆشەكەوە دەردەچێ‌و بە وردبینی ئاسایی دەبینرێ.

٣ـ دەتوانن پیسایی نەخۆشەكە بنێرن بۆ تاقیگە تایبەتییەكان بۆ چاندن (culture) تاكوو، جۆری باكتری‌یەكە دیاری بكرێ‌و لەگەڵ سكچوونی ویروسی، باكتریایی،و سكچوون بە هۆی ژەهراوی بوونی خۆراك (مسمومیت) بە تەواوی لێك جیابكرێتەوە.

تەنانەت دەتوانێ لە ڕێگای ڕشانەوەی نەخۆشەكەوە جۆری باكتری‌یەكە دیاری بكرێ چونكە لەگەڵ ڕشانەوەش دەردەچێ.

## چارەسەر كردن Treatment

١ـ یەكەمین‌و گرنگترین كارێك كە زۆر پێویستەو دەبێ بە زووترین كات هەنگاوی بۆ هەڵگرینەوە ئەوەیە كە قەرەبووی لەدەستچوونی ئاوی لەشی بۆ بكرێ. لە ڕێگای پێدانی سیرۆمەكانی پێویست واتە لە ڕێگای تۆڕی خوێنەوە (lntravenous Fuid). بەڵام پێدانی سیرۆم بۆ منداڵان دەبێ زۆر بە ئاگایانەو زانستیانەتر لە گەورەكان‌و لەژێر چاوەدێریی گشتی‌و هەمیشەیی‌دا بن، چونكە ئەگەر زیادە لە پێویست بڕوا ئاكامی خراپی لەسەر لەش‌و ئەندامەكانی بە تایبەت بۆ سی‌یەكان بەدواوەیە.

٢ـ دانی شلەمەنی بە نەخۆش واتە شتی ئاوەكی هەر شتێك كە بۆی بخورێ پێویستە چونكە لە دەستدانی ئاوی لەش زۆر پڕ مەترسی‌یە.

٣ـ بەكارهێنانی دەرمان بە تایبەتی دژەزیندووەكان (Anti – bietic) وەكوو تێتراسایكلین، یەكەمین دەرمانی سەركەوتوو، كلۆرامفنیكۆڵ، سترێپتویاسین، فۆرازۆلیدۆن, فلاژیل‌و باكتریم زۆر سەركەوتوون بۆ لەناوبردنی ئەو باكتری‌یە، دیارە بە پێی ڕێنمایی‌یەكانی دوكتور كە چەندەیان بەیەكەوە دەدرێن بە نەخۆش، لەگەڵ پێدانی سیرۆمەكان.

## خۆپاراستن‌و كۆنترۆڵكردن contral Measures

خۆپاراستن لەم نەخۆشی‌یە واتە پاكوخاوێنی

١ــ یەكەمین‌و گرنگترین خاڵ بۆ پێشگیری‌و خۆپاراستن، بەڕێوبردنی پاكوخاوێنی تاك‌و كۆمەڵ‌و هەروەها پاراستنی پاكوخاوێنیی ژینگەیە.

٢ـ ئامادەكردنی ئاوی پاكوخاوێن‌و شیاو بۆ خواردنەوە، ئەویش بە تێكردنی كلۆر لە چاوگە ئەساسی‌یەكانی ئاو یانی پاراستنی سەرچاوەی ئاوی خواردنەوە لە پیس بوون.

٣ـ شۆردنی دەستەكان پێش خواردن‌و هەروەها بەدوای كاری ئاودەست بە ئاوو سابوون.

٤ــ چارەسەركردنی زانستییانەی پاشماوە مرۆیی‌كان‌و لەناوبردنیان بە لەژێر خاك نان‌و ڕێگەنەدان بە كۆبوونەوەی مێش‌و مەگەز لە سەر ئەم پاشماوانە.

٥ــ گرنگیدان بە پاكوخاوێنی ئاودەست‌و دابینكردنی هۆیەكانی پاك‌و خاوێنیی ئاودەست لە هەموو شوێنێك.

٦ــ چاوەدێریكردنی خواردنگەكان‌و هەروەها ئەو كەسانەی كە لەو جێگایانە كار دەكەن‌و پشكنینیان لە باری تدروستی جیسمی‌و دوور لە نەخۆشی بە تایبەت ئەو نەخۆشییانەی كە وەكوو وەبا دەگوازرێتەوە، زۆر پێویستە.

٧ــ چاوەدێریكردنی خواردن‌و خواردنەوەكان لە خواردنگەكان دا بە تایبەت لە وەرزە گەرمەكان دا.

٨ـ شۆردنەوەی میوەو سەوزیجات بە باشی بە ئاوی پاكوخاوێن. پێش خواردن‌و تەنانەت لە كاتی پەیدابوونی ئەوجۆرە نەخۆشی‌یە خەتەرناكانە تا ڕیشەكێش كردن‌و لەناوبردنی دوورییان لێ بكەین. یان بۆ ماوەی نیو سەعات لەنێو ئاوو خوێدا بن‌و دواتر بشۆردرێنەوەو ئەوكات مەسرەف بكرێن.

٩ـ كۆنترڵكردنی مێش‌و مەگەرز كە گوازەرەوەی زۆر لە نەخۆشی‌یەكانی دیكەشن بە بەكارهێنانی ڕێگای میكانیكی وەك بەكارهێنانی تۆڕی پەنجەرە، هەروەها لە ڕێگای بەكارهێنانی ماددە ژاراوییە لەناوبەرە شیمیایی‌یەكان بە تایبەت لە وەرزە گەرمەكان دا.

١٠ـ بۆ پێشگیری لە بڵاوبوونەوەی لە ناوكۆمەڵ دا، گرینگیدان بە پاكوخاوێن راگرتنی تۆڕەكانی دابەشكردنی ئاوی خواردنەوە لە ناو شارو شارۆچكەو گوندەكان دا.

١١ـ گرنگیدان بە پاكوخاوێنیی لەش لە وەرزەگەرمەكان دا، زوو زوو حەمام كردن‌و شۆردنی لیباسەكان‌و خاوێن راگرتنی حەمامەكان.

١٢ـ بە گشتی لەبەرچاوگرتنی ئەو خاڵانەی كە دەبنە هۆی پاكوخاوێنی كە پێویستە هەر مرۆڤێك بۆخۆی لەبەرچاویان بگرێ‌و هەروەها لەبەرچاوگرتنی ڕێنمایی‌یەكانی تەندروستی كە پێشكەشی جەماوەر دەكرێ بە تایبەت لە كاتی بڵاوبوونەوەی ئەو جۆرە پەتایانەدا كە ئێپی دێمیكن.

تێبینی: نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێ كە لەگەڵ ئەوەی بەو شێوەیە كە باسكرا، مەرج نیە هەر كەسێك‌و نەخۆشێك بەو شێوە توندە تووشی ئەو نەخۆشی‌یەو ببێ‌و لە ناوی بەرێ. بەڵكوو زۆربەی نەخۆشەكان بە شێوەیەكی سادە تووشی دەبن‌و لەگەڵ وەدیاركەوتنی چەند نیشانەیەك بە چارەسەرێكی سادە چاك دەبنەوەو لەگەڵ ئەوەش دا دەبێ گرنگیی تایبەتی خۆی پێبدرێ. چونكە دەبیستین كە تا ئێستا لە ئێراندا نزیك بە هەزار كەس تووشی وبا هاتوون كەچی تەنیا ١١ كەسیان لێ‌مردوون. دەردەكەوێ كەلەگەڵ ئەوەی كە ئەو نەخۆشی‌یە زۆر خەتەرناكە بەڵام چارەسەر دەكرێ.

***

# حیزبی دێموکرات‌و هۆکارە پێکهێنەرەکانی

## (بەبۆنەی شەستەمین ساڵی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە)

ن: شارام
و: روندک

بێگومان حیزبی دێموکرات یەکێك لەو حیزبە بەباندۆرانەی سەر گۆڕەپانی سیاسیی ئێران‌و کوردستان بووەو هەیە. حیزبێك کە بەرهەمی ڕەوش‌و زەمینەیەکی کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی‌و ئابووریی تایبەتی ئێران‌و کوردستانە. بۆیە بۆ سەلماندنی راستیی ئەم قسەیە، پێویستە لە دەلاقەی کۆمەڵناسیی سیاسی‌یەوە ئەم حیزبە هەڵسەنگێنین. کۆمەڵناسیی سیاسی بزاڤێکی فیکری‌یە بۆ روونکردنەوەو شیکردنەوەی هەڵسوکەوت، دیاردەو پێکهاتەگەلی سیاسی لە رێگای هۆکارە کۆمەڵایەتی، کولتووری ئابووری‌یەکانەوە. وەکی دیکە ئەرکی کۆمەڵناسیی سیاسی راڤەکردنی ژینگەی کۆمەڵایەتیی سیاسەتە. کاریگەری‌یەکانی کۆمەڵ کۆمەڵ‌و بەگشتی باندۆری توێژاڵکە کۆمەڵایەتی‌یەکان بەسەر پێکهات‌و کریاری سیاسی دەنرخێنێ. بە زمانێکی ساناتر، لە کۆمەڵناسیی سیاسی‌دا، کریارو ژیانی سیاسی لە رێگەی هۆکارە کۆمەڵایەتی‌یەکانەوە راڤە دەکرێ. لەم بابەتەدا هەوڵ دراوە بە میتۆدێکی زانستییانە باس لەوە بکرێ کە چما حیزبی دێموکرات وەك یەکەمین حیزبی کوردستانی ئێران هەر لە سەرەتاوە بە بیروباوەڕێکی ناسیۆنالیستی‌یەوە لە دایك بوو؟

"برینگتێن موور" پێی وایە نووژەنکردنەوە لە کۆمەڵگا جیاوازەکاندا تەنیا لە سێ رێگاوە دەکرێ: ١- نووژەنکردنەوەی دێموکراتیك، ٢- نووژەنکردنەوەی کونسێرڤاتیڤانە، لە رێگای شۆڕش لە سەرەوە کە شۆڤینیزمی لێ دەکەوێتەوە. ٣ـ نووژەنکردنەوە بە شێوازی کۆمۆنیستی‌و لە رێگای شۆڕشی جووتیاری‌یەوە.

ئا) نووژەنکردنەوەی دێموکراتیك، ئەم جۆرە نووژەنکردنەوەیە لە کۆمەڵگا رۆژئاوایی‌یەکاندا رووی دا. چونکە لەم کۆمەڵگایانە خاوەنداریێتی وەك مافێك دانی پێدا نرابوو. کەوابوو فیئۆداڵەکان‌و دەرەبەگە خاوەن زەوی‌یەکان وەك چینێکی بەهێزو سەربەخۆ لە دەسەڵات، نەخشێکی بنەڕەتییان لە پێچکەی سیاسی‌و ئابووری‌دا هەبوو، بەڵام لە سەدەی دوازدە بەملاوە لەبەر رمێن پەیداکردنی بازرگانی کە بەرهەمی ساوکەبوونی تەنایی بوو، کۆمەڵێك شار دروست کران‌و چینێکی سەربەخۆ تێیاندا سەری هەڵ دا کە سەرمایەکەی لە جێی بەرهەمی کشتوکاڵ، بەرهەمی بازرگانی بوو. ئەم چینە نوێیە کە لە دەرەوەی قەڵاو دەسەڵاتی فیئۆداڵەکان هەڵکەوتبوو، وای لێ‌هات کە لە پێچکەی ئابووری‌دا وەك جەمسەرێك لە هەمبەر خودان زەوی‌یەکاندا دەرکەوێ‌و، بە داهێنانی پارە، زەبرێکی کاریگەری لە فیئۆداڵەکان بدا. ئەم وەرچەرخانانە بوونە هۆی رمێن پەیداکردنی شارە نوێیەکان وەك ناوەندگەلی نوێی دەسەڵاتی سیاسی، ئابووری‌و چاندی‌و، هەروەها رێنسانس‌و بەرفرەبوونی زانستگەلی نوێش لەم ناوەقانەدا پێك هاتن. سەرجەم ئەم گۆڕانکارییانە فورمێکی نوێی پێکهاتەی سیاسییان لێ کەوتەوە کە لە جەرگەی ئەم گۆڕانکاری‌یانەدا چینێکی نوێ کە

### نووژەنکردنەوە لە ئێرانی سەردەمی ڕەزاشادا لە سەرەوە رووی داو لە ئاکامدا سەرهەڵدان‌و پەرەسەندنی شۆڤینیزمی فارسی لێ کەوتەوە

خاوەن پێگەیەکی ئابووریی سەربەخۆ لە دەسەڵاتدارانی نەریتی بوو، پەیدابووو توانیی بیانپێچێتەوە. لە بریتانیا ئەم چینە نوێ‌و سەربەخۆیە لە منداڵدانی خاوەن زەوی‌یەکانەوە سەری هەڵ داو پایەکانی خۆی پتەوکردو، هەروەها لە فەرانسەش لە نێو بورژواکاندا دەرکەوت‌و کەوتە ململانێ لەگەڵ فیئۆداڵەکاندا. تایبەتمەندیگەلی سەرەکی‌و بنگەهیی ئەم چەشنە نووژەنکردنەوەیە بریتین لە: ١ـ بوونی خان‌و زەویدارانی سەربەخۆ لە دەسەڵات، ٢- بەڕەسمی ناسرانی مافی خاوەنداریێتی، ٣ـ پەرەگرتنی کشتوکاڵی بازرگانی، نەبوونی هەڤاڵبەندی لە نێوان چینی نوێ‌و فیئۆداڵەکاندا. بەرهەمی ئەم جۆرە نووژەنکردنەوەیە گەشەکردنی سەرمایەداری‌و دێموکراسیی بورژوازی‌یە.

ب) شێوەی دووهەمی نووژەنکردنەوە، نووژەنکردنەوەی کونسێرڤاتیڤانەو شۆڕش لە سەرەوە بوو. ئەم شێوەیە بەهۆی لاوازیی سەرمایەداریی بازرگانی لە هەندێك کۆمەڵگاداو نەبوونی سەرمایەداریی سەنعەتی بە هەڤاڵبەندی لەگەڵ چینی لاوازی بازرگانی نێو چوارچێوە نەریتی‌یەکاندا لەگەڵ خاوەن زەوی‌یە بەستراوەکاندا کە ترسی دۆڕاندنی بەرژەوەندی‌یەکانیان هەبوو، سەری هەڵ دا. کەوابوو خاسمانیی ئەم جۆرە نووژنکردنەوەیە بریتی‌یە لە: ١ـ نەمانی توێژی نەجیبزادە، ٢ـ خاوەن زەوی‌یە ناسەربەخۆکان، ٣- سەربەخۆبوونی خاوەنداریێتی، ٤- گەشەنەکردنی کشتوکاڵی بازرگانی، ٥ـ هەڤاڵبەندیی خاوەن زەوی‌یە ناسەربەخۆکان لەگەڵ چینی لاوازی نێونجی.

ج) سێیەمین جۆری نووژەنکردنەوە، نووژەنکردنەوەی کۆمۆنیستی‌یە. ئەم جۆرە نوێیەی نووژەنکردنەوە لەو کۆمەڵانەدا هاتە ئاراوە کە دەسەڵاتدارانی نەریتی چ دەرەتان‌و بوارێکی ئەوتۆیان بۆ نووژەنکردنەوە نەخولقاند. لە راستی‌دا لە وڵاتانێکدا هاتە گۆڕێ کە دامودەزگا دەوڵەتی‌یەکان رێگەیان نەدا چینی نێونجی پێك بێ. تا چینێکی ئەوتۆ هەروەك لە جۆری نووژەنکردنەوەی دێموکراتیکدا دژی سیستەمی خان خانی راپەڕی یان وەك نووژەنکردنەوەی کونسێرڤاتیڤانە لەگەڵ خاوەن زەوی‌یە ناسەربەخۆدا پێك بێ. لەم جۆرە نووژەنکردنەوەیەدا دەوڵەت‌و خاوەن زەوی‌یە ناسەربەخۆکان کە هەڤاڵبەندی‌یەکی نەریتییان لەگەڵ دەوڵەت پێك هێنابوو، لەگەڵ چینێکی هەراوی جووتیاراندا بەرەوڕوو ببوونەوە، لەبەر لە گۆڕێدا نەبوونی بزاڤی نووژەنکردنەوە، هەروا بە شێوەی نەریتی دەژیان. کەوابوو ئەم چینە بوو بە مەزنترین هێزی راپەڕینە شۆڕشگێری‌یەکان. نووژەنکردنەوە لە ئێرانی سەردەمی ڕەزاشادا لە سەرەوە رووی داو لە ئاکامدا سەرهەڵدان‌و پەرەسەندنی شۆڤینیزمی فارسی لێ کەوتەوە. بۆرخواردنە یەك لە دوای یەکەکانی زنجیرە دەسەڵاتدارەکان لە پاشەکشێ عوسمانی‌و رووسەکان لە سەردەمی سەفەوی‌یەکانڕا تا قاجاڕەکان کە دابڕانی چەند پارچەیەکی گرنگی ژێر دەسەڵاتی ئەم زنجیرانەی لێ کەوتەوە. پێشێلکرانی بەردەوامی رێککەوتننامەکانی نێوان سەفەوی‌و قاجارەکان‌و ئورووپایی‌یەکان لەلایەن ئورووپایی‌یەکانەوە، بڵاوبوونەوەی هزری پێشکەوتنخوازانە لە بڵاڤۆکەکاندا، رسکان‌و سەرکەوتنی بزاڤی مەشرووتەیان لە ئێراندا لێ کەوتەوە. بزاڤێك کە چاوەڕوان دەکرا، بە ساوکەبوونی، کێشەو تەنگوچەڵەمەکان چارەسەر بکا. بەڵام لەبارنەبوونی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی بۆ پێکهێنانی گۆڕانکاری‌و مایی‌تێکردنی زلهێزەکان لەبەر هەڵکەوتی ئیستراتیژیکی ئێران، بزاڤی مەشرووتیەت لەبار چوو. دەرکەوتنی ڕەزاشا لە گۆڕەپانی سیاسیی ئێرانداو پێکهێنانی ئەرتەشی نوێ، گۆڕینی پێکهاتی نەریتیی پەروەردە لە ئێران‌و جێگیربوونی تەنایی‌و ئارامی بەشێوەیەکی رێژەیی لە ئێراندا، رۆشنبیرانی هێنایە سەر ئەو باوەڕە کە بە پشت بەستن بە دەوڵەتێکی ئیقتیدارگەر باشتر دەتوانن گەشە بکەن. لە ئاستی نێونەتەوەییش‌دا دەرکەوتنی کەمالیزم لە جیرانەتیی ئێران سەرنجی رۆشنبیرانی بۆلای هۆکارێك لە هۆکارگەلی پێشکەوتن راکێشاو کە ئەویش ناسیۆنالیزمی شۆڤینیستای بوو. بۆیە دەستیان کرد بە بڵاوکردنەوەی وشیاریی ناسیۆنالیستی‌و ڕەزاشاش پایەکانی بۆچوونەکەی خۆی لەسەر هزرێکی ئەوتۆ دامەزراندو، دەستی دایە پرۆسەی دەوڵەتسازی لەسەر بنەمای حاشاکردن‌و تواندنەوەی تایبەتمەندیگەلی نەتەوەکانی دیکە. ناوبراو سەرەتا دەستی بە لەنێوبردنی سەرۆك عەشیرەتەکان وەك تاکە هۆکاری هاوپێوەندیی خێڵەکی‌و عەشیرەتی بۆ بنبڕکردنی پایەی هاوپێوەندی‌یە نەریتی‌یە خێڵەکی‌یەکان کرد. پاشان دەستی دایە نیشتەجێکردنی هۆزو عەشیرەتە رەوەندەکان. ناوبراو ناچاری کردن لەگەڵ گرووپی دی‌دا تێکەڵ بن، کە ئەمەش هۆیەك بوو بۆ دەستکردنی پێوەندی‌و ئۆگریی‌یە عەشیرەتی‌یەکان‌و بە پەرەسەندنی سیستەمی کارگێڕی‌و توانەوەی خاوەن زەوی‌یە ناسەربەخۆکان لەو سیستەمەداو گۆڕانی زەوی بە کاڵایەکی شایانی کڕین‌و فرۆشتن. چینێکی نێونجیی شارنشین (بورژوازیی ناسەربەخۆ) سەری هەڵ دا. کەوابوو سروشتی بوو کە بە گوێرەی پێڤاژۆی نووژەنکردنەوەو، فۆرمی دەوڵەتسازیی ڕەزاشایی، کەلێنێکی هەمیشەیی لە ئێراندا پێك بێ. کە لە بەرێکی‌دا شۆڤینیزمی ڕەزاشایی‌و لە بەرێکی دیکەی‌دا ناسیۆنالیزمی کوردی هەڵکەوتبوو. دیارە جگە لەو هۆکارە نێوخۆیی‌یانەی باس کران، کۆمەڵێك هۆکاری دەرەکیش باندۆری خۆیان دانا. هەڵکەوتنی کوردستان لەسەر رێگای سەرەکیی هاتنی هزرە پێشکەوتووەکان لە ئیستەمبوڵەوە بۆ ئێران، تێکەڵی لەگەڵ کوردستانی ئێراق‌و شوێندانانی گۆڕانکاری‌یە سیاسی‌یەکانی ئەو بەشە لەسەر کوردستانی ئێران وەك بنەماڵەیەکی دابەشکراو، بووە هۆی دەرکەوتنی بزاڤی ناسیۆنالیستیی کۆمەڵەی (ژێکاف) وەك یەکەم بزاڤی رێکخراوی شاری لە کوردستاندا. کەوابوو رسکانی ئەم بزاڤە بە پێکهاتەیەکی تایبەتەوە بە پێی چەمکە ناسیونالیستی‌یەکان ئاکام‌و بەرهەمی گۆڕانکاری‌یە کۆمەڵایەتی‌و سیاسی‌یەکانی ئێران بووو وەرچەرخانێکی چاوەڕوانکراو بوو. لە سۆنگەی پێکهاتەی تۆتالیتێرانەی حکوومەتی ڕەزاشاوە کە رێگای بە دەرکەوتن‌و چالاکیی هیچ چەشنە گرووپێکی دیکە نەدەدا، وای لێ‌هات کە ئەم بزاڤە بە نهێنی لە دایك بێ. بەڵام نزیکبوونەوەی ڕەزاشا لە ئاڵمانی‌یەکان کە بوو بەهۆی دوورخستنەوەی ناوبراو لە دەسەڵات‌و، هەروەها داگیرکردنی ئێران لە لایەن رووسەکان‌و ئینگلسی‌یەکانەوەو لە ئەنجامدا لاوازبوونی دەسەڵاتی حکوومەتی ناوەندی لە بەڕێوەبردنی کاروباری وڵاتدا وایان کرد کە ئەم بزاڤە نهێنی‌یە هەلێکی باشی بۆ چالاکیی ئاشکرا بۆ بڕەخسێ‌و لە ئاکامی وەرچەرخانێکی بەجێ‌دا، حیزبی دێموکراتی کوردستان لە گۆڕەپانی سیاسیی ئێراندا لێ بکەوێتەوە کە هەتا ئێستاش شوێن‌و باندۆری خۆی بەسەر کۆمەڵی ئێران بەگشتی‌و ناوچەی کوردستان بەتایبەتی‌دا دیارە. کەوابوو لە روانگەیەکی زانستی‌یەوە دەکرێ بڵێین کە

### سروشتی بوو کە بە گوێرەی پێڤاژۆی نووژەنکردنەوەو، فۆرمی دەوڵەتسازیی ڕەزاشایی، کەلێنێکی هەمیشەیی لە ئێراندا پێك بێ، کە لە بەرێکی‌دا شۆڤینیزمی ڕەزاشایی‌و لە بەرێکی دیکەی‌دا ناسیۆنالیزمی کوردی هەڵکەوتبوو

**لە روانگەیەکی زانستی‌یەوە دەکرێ بڵێین کە سەرهەڵدانی بزاڤی ناسیونالیستی‌و شاری لە کوردستان‌داو گەشەکردنی لە چوارچێوەی حیزبی دێموکرات‌دا بەرهەمی رەوتی ئاسایی ئەو وەرچەرخانانە بوو کە لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی‌و سیاسیی ئێران‌دا پێك هاتبوون**

سەرهەڵدانی بزاڤی ناسیونالیستی‌و شاری لە کوردستان‌داو گەشەکردنی لە چوارچێوەی حیزبی دێموکرات‌دا بەرهەمی رەوتی ئاسایی ئەو وەرچەرخانانە بوو کە لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی‌و سیاسیی ئێراندا پێك هاتبوون، بەڵام بەهێزبوونی ریشەی دیکتاتۆری لە ژینگەی سیاسیی ئێرانی پاش ڕەزاشادا، بووە هۆی مانەوەو بەردەوامیی حیزبی دێموکرات. حیزبێ کە توانیی بە دروشمی ستراتیژیی "دێموکراسی بۆ ئێران‌و خودموختاری بۆ کوردستان" کە ئاکامی لێکدانەوەی بەجێی هەلومەرجی نێونەتەوەیی ئەوکات بوو، وەك ئاڵاهەڵگری ناسیونالیزم لە کوردستانی ئێران درێژە بە تەمەنی خۆی بداو ئەم پێڤاژۆیەش بە سەرنجدان بە مانەوەی شۆڤینیزمی فارس لە دەورانی دەسەڵاتی پەهلەویی دووهەمدا کارێکی ژیرانەو لۆژیکی بوو.

پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ساڵی ٥٧ کە هیوای ئەوە هەبوو کە حکوومەتێکی دێموکراتیك جێگای دیکتاتۆریی پەهلەوی بگرێتەوە، هاتنەسەرکاری دیکتاتۆری‌یەکی مەزهەبی پاساوێکی مەنتیقی بوو بۆ بەردەوامیی تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستان. دەرکەوتنی پێکهاتەی سیاسیی تازە بە رواڵەتێکی ئایینیی تێکەڵاو لەگەڵ شۆڤینیزمی فارس‌دا زیاتر رەوایی دا بە حیزبی دێموکرات وەك ئاڵاهەڵگری ناسیونالیزمی کورد لە بەرامبەر ناسیونالیزمی دەوڵەتی لە نێو رای گشتی‌دا. بەڵام خاڵی گرنگ لێرەدا ئەوەیە کە ئەم ناسیونالیزمە هیچکات ناسیونالیزمێکی شۆڤینیستی نەبووە، چونکە حیزبی دێموکرات بە دانانی دێموکراسی لە سەرەوەی خودموختاری، لە راستی‌دا ئەم راستییە زانستی‌یە پاساو دەداتەوە کە لە کۆمەڵگا دێموکراتیکەکاندا ویستەکانی کەمایەتی‌یەکان‌و مافە بنەڕەتی‌یەکانی ئەوان بەشێکی جیانەکراوەن لە حکوومەتە دێموکراتیکەکان. هەروەها ئەمە نیشانەی خوێندنەوەی دێموکراتیك‌و مەدەنیی ناسیونالیزمە لەلایەن حیزبی دێموکراتەوە. بە شێوەیەك کە بە گوێرەی ئەم ستراتیژی‌یە مافەکانی سەرجەم کەمایەتی‌یەکان وەبەرچاو گیراون‌و،

هەروەها بە گوێرەی ئەم ستراتیژی‌یە هیچ پێویست نیە بۆ دابینبوونی مافە نەتەوایەتی‌یەکانی کورد، مافەکانی نەتەوەکانی دی پشتگوێ بخرێن، بەڵام بە سەرنجدان بە گۆڕانکاری‌یە ناوچەیی‌و جیهانی‌یەکان لە هەشتاکان بە دواوە کە بوونە هۆی رووخانی یەکیەتیی سۆڤیەت‌و هاتنەئارای نەزمی نوێی جیهانی‌و پەرەسەندنی لیبراڵیزم‌و هەروەها گونجانی سیستەمی فیدراڵی وەك سیستەمێکی سەرکەوتوو لەو وڵاتانەی کە خاوەنی پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی فرەنەتەوەن، پێویستیی هێنانەگۆڕی فیدراڵیزمی لە جیاتیی خودموختاریی پتر دەرخست. لەڕاستی‌دا ئەم جۆرە ستراتیژییانە داوای ساوکەبوونی دێموکراسیی فرەنەتەوەیی دەکەن. چونکە باشترین دێموکراسیی باو لە وڵاتانی یەك نەتەوەیی‌دا، ئەو پەڕەکەی دیکتاتۆری‌یەکی زۆرینەیی‌یە. بەڵام دێموکراسیی فرەنەتەوەیی لە وڵاتانی فرەنەتەوەدا بەهۆی خۆجێی‌بوونی دامەزراوە مەدەنی‌یەکان لە هەر یەکە ـ یەکی نەتەوەیی‌دا زۆر سەرکەوتوو دەبن. ئێستا ئەگەر بکرێ سنووری جوغرافیی یەکە نەتەوەیی‌یەکان جیاو دیاری بکرێن. لە وڵاتێکی وەك ئێراندا ئەوەدەم ئیدی باشترین شێوەی دێموکراسیی فرەنەتەوەیی دەبێ. بەڵام ئەگەر ئەوە نەلوێ کە سنووری جوغرافیایی یەکە نەتەوەیی‌یەکان دیاری بکرێ، خودموختاری دەبێتە چوارچێوەیەکی باو.

خاڵێکی بەهێزی دیکەی فیدراڵیزم ئەوەیە کە بێجگە لەوەی کە وەك خودموختاری سیستەمێکە بۆ دابەشکردنی دەسەڵاتی بەڕێوەبەری، لە فیدراڵیزم‌دا دەسەڵاتی سیاسییش دابەش دەکرێ‌و، کەمایەتی‌یەکان زێدەباری ئەوەی کە لە ئاستی هەرێمی فیدراڵ‌دا بەشداری دەکەن، لە ئاستی سەرانسەریش‌دا لە بەڕێوەبردنی دەسەڵاتدا نەخشیان دەبێ. لەڕاستی‌دا تایبەتمەندیگەلی دێموکراسیی فرەنەتەوەیی بریتین لە: بەشداریی نوێنەرانی تێکڕای کەمایەتی‌یەکان لە بڕیارە سەرەکی‌یەکانی وڵاتدا, وەك گەرەنتی‌یەکی چاوەکیی دێموکراسی بۆ ئاستەنگکردنی رێگای گەڕانەوەی دیکتاتۆری بۆ وڵات، سوودوەرگرتنی کەمایەتی‌یەکان لە خودموختاری بە رێژەیەکی بەرز کە هەروەك ئاماژەمان پێ کرد لە وڵاتێکی وەك ئێراندا کە سنووری جوغرافیی کەمایەتی‌یەکان بە ئاسانی دەناسرێتەوەو دیاری‌و جیا دەکرێتەوە، خودموختاری لە شێوەی فیدراڵیزم‌دا دەردەکەوێ. لەم جۆرە دێموکراسی‌یەدا هەرکام لە کەمایەتی‌یەکان بە گوێرەی سەنگ‌و ماتەوزەی خۆی لە دەسەڵاتدا بەشدار دەبێ‌و، لەبەر ئەوەی کە کەمایەتی‌یە، مافەکانی پێشێل ناکرێن‌و، ئەمەش گەرەنتی‌یەکی چاوەکی‌یە بۆ مانەوەی دێموکراسی. هەڵبژاردنی ئەم ستراتیژی‌یەش ئەوە دەسەلمێنێ کە حیزبی دێموکرات لە گۆڕ چەمکە مۆدێرن، چاوەکی‌و لۆژیکی‌یەکانی نێو جیهانی سیاسەت، رادەی لێکدانەوەی بیروڕای گشتی‌و وشیاریی سیاسی لە چوارچێوەی کۆمەڵگا دایە. چەمك گەلێك کە بە تاوتوێکردنی ئەو فاکتۆرانەی کە باس کران، لەگەڵ دەستووراتی کۆمەڵایەتیی کوردستاندا دەگونجێن.

***

# KURDISTAN

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan

No: 420 6 Sep 2005

ماڵپەڕەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، ڕۆژنامەی "کوردستان"و ڕادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanmedia.com http://www.pdk-iran.org www.rdki.com

e- mail: info@kurdistanmedia.com

e- mail: pdkiran@club-internet.fr

e- mail: rdk_iran@yahoocom


## پەنجا ڕێبەری گرنگی جیهان لە درێژایی مێژوودا







لە ڕاپرسییەک کە لەم دواییانەدا لەلایەن ڕێکخەرانی "کۆبوونەوەی نێونەتەوەیی ڕێبەران لە لەندەن"و بلاوکراوەی بریتانیایی "تایمز" ئەنجام درا، هەزار کەس لە ڕێبەرانو بەڕێوەبەرانی ناسراوی بوارەکانی پیشەسازیو بازرگانیی نێونەتەوەیی - بریتانیاییو ئورووپایی - وەڵامی ئەم پرسیارەیان داوەتەوە کە بە بڕوای ئەوان پەنجا ڕێبەری گەورەی جیهان لە درێژایی مێژوودا، چ کەسانێکن؟ بە گوێرەی وەڵامەکان، دە کەس چوونە ڕیزی هەرە پێشەوە کە بریتی بوون لە: ١ـ وینستۆن چرچیل ٢ـ مهاتما گاندی ٣ـ نێلسۆن ماندێلا ٤ـ عیسای مەسیح ٥ـ مارتین لۆتێرکینگ ٦ـ ئەسکەندەر ٧ـ بیل کلینتۆن ٨ـ مارگرێت تاچێر ٩ـ ناپلئون ١٠ـ ئابراهام لینکۆڵن.

خاڵی سەرنج ڕاکێشو هەر لەو کاتەدا مایەی نیگەرانی ئەوەیە کە وەڵامدەرەوەکان بەو ڕاپرسییە کە سەدی ٦٥ی ئەوان پیاو و هەمووشیان تەمەنیان لەنێوان ٣٠ تا ٥٠ ساڵ دابوو و، زیاتر لە ٥٠٠ مووچەخۆریشیان هەیە، ئادۆلف هیتلێریان بردۆتە ڕیزی ٢١ی ئەم پەنجا ڕێبەرەو خستوویانەتە پێش ئالبێرت ئەنیشتاین کە کەسی چلەمینە.

ئەم هەزار ڕێبەرو بەڕێوەبەرە پیشەسازیو بازرگانییەی جیهان، مارگرێت تاچێریان بە گەورەترین ژن لە ڕیزی ڕێبەرانی جیهان دا ناو بردوە. دوایە ناوی ئەلیزابێت، دایکە ترێزا، ئیندیرا گاندی، گوڵدامایر، بودیکا (یەکێک لە شاژنەکانی بریتانیا)، ژاندارک، کلیۆپاترا، هیلاری کلینتۆنو مەلکە ڤیکتۆریایان وەک گەورەترین ژن، هێناوە.

دووهەمین "کۆبوونەوەی ڕێبەران لە لەندەن" لە ڕۆژانی ١٨و ١٩ی ئۆکتۆبری ئەمساڵدا لە ناوەندی کەلتووریی "باربیکەن"ی لەندەن پێک دێ. لەم کۆبوونەوەیەدا، بیل کلینتۆن (سەرکۆماری پێشووی ئەمریکا)، میخائیل گارباچوف (سەرۆک کۆماری سۆڤیەتی پێشوو)، مادلین ئولبرایت (وەزیری پێشووتری کاروباری دەرەوەی ئەمریکا) قسە دەکەن.

**BBC**

## فیدرالیزم بۆ کورد، فیدرالیزم بە کوردی




"فەیلەسوفی هولەندی، سپینۆزا (١٦٣٢ـ ١٦٧٧) دەڵێ: ئێمە کاتێک شتێکمان دەوێ لەبەر ئەوە نیە کە ئەو شتەمان پێ باشە، بەڵکوو شتێکمان پێ باشە چونکە ئەو شتەمان دەوێ". ئەوانەش دژایەتی لەگەڵ فیدرالیزم دەکەن زۆرجار لەبەر ئەوەیان نیە کە فیدرالیزمیان زاتەن پێ خراپ بێ، بەڵکوو ئیدیعا دەکەن کە فیدرالیزم خراپە چونکە فیدرالیزمیان ناوێ.

بەڵام ئێمە، وەک ڕۆڵەکانی میللەتێک کە بۆ ئازادی خۆی خوێنی داوەو خەبات دەکاو لە هەمان کاتیش دا حازرە واریدی پرۆسە سیاسییە بنیاتنەرو هەمەلا گیرەکان (چ لە ئاستی نێوخۆیی وڵاتەکەیو چ لە دەرەوەی سنوورەکان دا) بێ، دەتوانین تەنیا لەبەر ئەوە فیدرالیزممان پێ باش نەبێ کە دەمانەوێ. بەڵکوو بە وردی بە خۆمانو بە هاوپەیمان یان دژبەرە سیاسییەکانمان بسەلمێنین کە فیدرالیزم ئەوەندەی پوتانسیەلو ئینعیتاف تێدا هەیە کە سەرجەم نوخبەکانی وڵات دەرەتانو ئامرازە پێویستەکانی خۆیانی لێ هەڵێنجن.

ئەوانەش کە ئامۆژگاریی ئێمە دەکەن کە نابێ لە داخوازییە سیاسییەکانمان دا لانی زۆر داوا بکەین، با بزانن کە لانی زۆری داواکاریی سیاسی (کە مافی ڕەوای گەلەکەمانە) فیدرالیزم نیە".

ئەمەی خوێندتانەوە، ئەنجامی ئەو کتێبە بەنرخەیە کە کاک ئاسۆ ی حەسەن زادە لەژێر ناوی " فیدرالیزم بۆ کورد، فیدرالیزم بە کوردی" لەم دواییانەدا چاپو بڵاوی کردۆتەوە. ئەم کتێبە کە جولای ٢٠٠٥ لە هەولێر چاپ بووەو پێشکەش بە یادی شەست ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کراوە، لە دوو بەش پێک هاتوە: بەشی یەکەم: مێکانیزمە حوقوقییەکانی فیدرالیزم کە ١١ باس دەگرێتە خۆی. بەشی دووهەمیش تەرخان کراوە بۆ "پارامێترە سیاسییەکانی فیدرالیزم" کە لە سێ باسی سەرەکی پێک هاتوە. لە هەر باسێکیش دا کۆمەڵێک زانیاریو لێکدانەوەو بۆچوون لە بارەی لایەنە جۆراوجۆرەکانی فیدرالیزم سەرنج ڕادەکێشن .

"ئاسۆی حەسەن زادە" تا ئێستا کۆمەڵێک نووسینو وەرگێڕانی سیاسی، ئەدەبیو... بە شێوەی کتێب بڵاو کردوونەوە. هەر لە بواری نەتەوەییدا، لێکۆڵینەوەیەکی هەیە لە ژێر ناوی "مافی نێونەتەوەییو مەسەلەی کەمایەتییە نەتەوەییەکان" کە ساڵی ١٣٨٠ بە شێوەی زنجیرە وتار لە ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆوەو دواتر بە شێوەی نامیلکە لە لایەن کۆمیسیونی چاپەمەنیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە چاپ کرا. بە بۆنەی بڵاو بوونەوەی تازەترین بەرهەمی، پیرۆزبایی لە کاک ئاسۆ حەسەن زادە دەکەینو ئاواتە خوازین نووسینو لێکۆڵینەوە لەسەر فیدرالیزم بە زمانی کوردیو تیشک خستنە سەر ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی ئەم داوا بنەرەتییەی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کوردستان، هەروا لە زیادبوون دا بێ.

<u>دەستەی نووسەرانی "کوردستان"</u>

## یەکێک لە گرنگترین میراتە مێژوویییەکانی نەسڵی مرۆڤ خەریکە بە یەکجاری لەنێو دەچێ



"شکوه میرزادەگی" بە نوێنەرایەتی لە لایەن "کومیتەی نێونەتەوەیی بۆ ڕزگار کردنی شوێنەوارە مێژوویییەکانی دەشتی پاسارگاد" نامەیەکی کراوەی بۆ خەڵکی جیهانو ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان نووسیوە. لەم نامەیەدا هاتوە: "بەوپەڕی داخەوە بە ئاگاداریی هەموو دانیشتووانی سەرتۆپی زەوی ڕادەگەیەنین کە یەکێک لە گرنگترین بەشەکانی میراتی مێژوویی نەسڵی مرۆڤ لەگەڵ هەڕەشەی لەنێوچوونی یەکجاری بەرەوروو بووە. حکوومەتی ئیسلامیی ئێران دواقۆناغەکانی دروستکردنی ئاوبەندێک لە باشووری ئێرانی دەست پێکردوە کە ناوچەی مێژوویی پاسارگادو پرسپولیس (تەختی جەمشید)، ناوەندی ئیمپراتۆریی کۆنی هەخامەنشی وەبن خۆی دەداو کۆمەڵەیەکی دەوڵەمەندو سەرسوڕهێنەر (لە شوێنەوارە مێژووییەکان) دەکەوێتە ژێر ئاو. ئەم شوێنانە هەر لە سەرەتای دروست بوونیانەوە لەلایەن مێژوونووسانی کۆن لە ڕیزی شتە سەیرو سەمەرەکانی جیهان دا سەیریان کراوە. هەر بۆیە هەموو کات وەک میراتی کەلتووری مرۆڤایەتی بەگشتی تەماشای کراوە."

<u>"ایران امروز"</u>

## ئەو گیانلەبەرانەی فەرمانڕەوای وڵاتی ئێمەن!

لە هاوینی ئەمساڵ دا "ناوەندی بەڵگەنامەکانی شۆڕشی ئیسلامی" کتێبی بیرەوەرییەکانی ئاخوند غولامرەزا حەسەنی، ئیمام جومعەی ورمێو نوێنەری خومەینیو خامەنەیی لە ورمێی بڵاوکردوە.

یەکێک لە بیرەوەرییەکانی ئاخوند حەسەنی لەم کتێبەدا، تەرخان کراوە بۆ چۆنیەتیی ئیعدامی کوڕەکەی لە لایەن ڕێژیمێک کە حەسەنی خزمەتی پێدەکا. هەڵبژاردەی ئەم بیرەوەرییە بخوێننەوە تا: یەکەم، دڕندەییو دڵڕەقیی کەسانێکی وەک ئاخوند حەسەنی بناسن کە لە پێناوی دەسەڵاتپەرستیدا، جاسووسی لەسەر کوڕی خۆیان دەکەنو بە کوشتیان دەدەن! ئەم جانەوەرانەی جڵەوی ئەو ڕێژیمەیان بەدەستە، کاتێک لەگەڵ کوڕی خۆیان بەم چەشنە بجووڵێنەوە، ئاشکرایە چ بەسەر ڕۆڵەکانی خەڵکی وڵات دێنن! دووهەم، مۆرەیەکی بەناوبانگو دەستڕۆیشتووی وەک حەسەنییش ددان بەوەدا دەنێ کە لە زیندانو بێدادگاکانی ئەم ڕێژیمەدا، هیچ حیسێبو کتێبێک نەبووەو تەنانەت کوڕەکەی ئەویان، کە سزاکەی مردن نەبووە، کوشتوە.

**ئەمەش هەڵبژاردەیەک لەم بیرەوەرییە:**

"کوڕەکەم ڕەشید بە توندی خەباتی دژی ڕێژیمی شا دەکرد. لە زەمانی شادا کە لە زانستگەی تاران دەیخوێند یەک دوو جار گیراو کەوتە زیندان. بەر لە سەرکەوتنی شۆڕش کاتێک دەهاتەوە ورمێو دێ (بوزورگ ئاباد)، لە نوێژی هەینیدا بەشدار دەبوو. . . بەڵام پاش سەرکەوتنی شۆڕش، لەپڕ لەگەڵ گرووپی سیاسیی ڕێکخراوی فیداییەکانی گەل کەوتو بوو بە یەکێک لە سەرکردەکانیانو، بوو بە بەرپرسی لقی ئازەربایجانی ڕۆژئاوای ئەوان. زۆرم هەوڵ لەگەڵ دا بەڵکوو لەم ڕێگایەی پاشگەز بێتەوە کەلکی نەبوو. هەر ئەو کات ڕێکخراوی ناوبراو تووشی لەتبوون بووو، بوو بە دوو بەشی کەمایەتیو زۆرایەتی. نازانم ڕەشید ڕەگەڵ کامیان کەوت. بەڵام بەهەر حاڵ من هەستم بە مەترسی کردو بڕیارم دا پێشی تێکۆشانی بگرم. لەپێشدا چەند جار هەڕەشەم لێکرد. بەڵام فایدەی نەبوو. ئەو کات نوێنەری مەجلیس بوومو لە تاران دەژیام. ڕۆژێک ڕەشید هاتبوو بۆ تاران. جێگاکەیم دۆزییەوەو پێوەندیم بە ئایەتوڵڵا مەهدەویی کەنی لە کومیتەی ئینقلابی تاران گرت. گوتم کەسێکی ئاوا هەیە، چەند چەکدار بنێرن بیگرن، نەم گوت کورمە. ئیسکۆرتێکی خۆشم بە ناوی جەلیل لەگەڵ دا ناردن. گوتم ئەگەر دەستی کردەوە یا ڕای کرد، بیکوژن، ئەگەر خۆشی بەدەستەوە دا بیدەن بە کومیتە. ئەوان چوونو گرتیان. ڕەشید چەند ڕۆژ لە کومیتەی تاران بوو. پاشان بۆ بازجووییو موحاکەمە ڕایان گوێزت بۆ تەورێز. لەبەر ئەوە شوێنی تێکۆشانی ئازەربایجان بوو، لەو شارە موحاکەمەیان کردو مەحکووم بە ئیعدام بووو دەستبەجێش حوکمەکەیان بەڕێوەبرد. لە قۆناغی یەکەم دا، ڕەشیدیان دابوو بە دادستانی ئەوکات حەزرەتی حوجەتولئیسلام سەید حوسێن موسەویی تەبریزی. ئەویش دابووی بە یەکێک لە زاواکانی کە ئەویش هەر قازی بوو. ئەو (زاوایەی ناوبراو) حوکمی ئیعدامی ڕەشیدی دەرکردبوو. تەنانەت پاش ئێعدامیش تەرمەکەیان نەداوە بە ئێمە. کاتێک هەواڵی ئیعدامی ڕەشیدم بیست چونکە ئەرکی سەرشانی خۆم جێبەجێ کردبوو، هیچ نارەحەت نەبووم. من لەبارەی شۆڕشەوە لەگەڵ هیچ کەس تەنانەت کوڕی خۆشم، شۆخیم نیە . . . هەر ئێستاش ئەگەر یەکێک لە جگەرگۆشەکانم بە دژی شۆڕش یا ڕێبەری، خوای نەخواستە تێبکۆشێ، هەر ئەم کارە دەکەم کە لەگەڵ ڕەشید کردم. . . راستییەکەی ئەوەیە کە حەق نەبوو ڕەشید ئیعدام بکرێ. ئەو تاوانێکی وای نەکردبوو، کەسی نەکوشتبوو تەنیا تاوانەکەی ئەوە بوو کە بە لای کومونیزم دا کەوتبوو. ئەمەش هەرگیز نابێتە هۆی ئیعدام. لانی زۆرەکەی دەبا بە زیندانی ئەبەد مەحکووم ببا. بەداخەوە قازیی پەروەندەکە هەروا بە گوترە (فلەای) حوکمی دابوو. من ئەوکات لەبەر کاری زۆر نەپەرژام وەدوای مەسەلەکە بکەوم. . . پاش چەند ساڵان، زۆرم پێخۆش بوو پەروەندەکەی ڕەشید ببینمو بیخوێنمەوە. هەرچی کردم نەگونجاو پێیان نەدام. لەم دواییانەدا بیستم قازیی ئەم پەروەندەیە زۆر بە توندی تووشی هەژاریو دەسکورتیو گرفتاریی ماڵی بووە. حەزم دەکرد بیدۆزمەوەو لە ماڵو سەروەتی شەرعیی خۆم یارمەتیی بدەم".

<u>سەرچاوە: ماڵپەڕی "گویا نیوز"</u>

## چیرۆکی ئەمجارە

### هێزی وشەکان

چەند بۆق بە لێڕەوارێک دا رادەبردن. لە ناکاو دووانیان کەوتنە نێو چاڵێکی قووڵ. بۆقەکانی دیکە لە دەوری چاڵەکە کۆزیلکەیان بەستو، بەو دووانەیان گوت چاڵەکە زۆر قووڵە ئێوە بە زوویی دەخنکێن. دوو بۆقەکە هەروەک ئەم قسانەیان نەبیستبێ دەستیان کرد بە هەوڵدان بۆ هاتنەدەر لە چاڵەکە. سەرئەنجام یەکێک لە بۆقەکان بە قسەی بۆقەکانی کرد، وازی لە هەوڵدان هێناو مرد. بەڵام بۆقەکەی دی بە توندی هەوڵی دەدا. هەتا بۆقەکان زیاتر بەسەریان دا دەقڕاندو، دەیانگوت لە خۆوە خۆت ماندوو مەکە، سوودی نیە، ئەو پتر هەوڵی دەدا، تا سەرئەنجام لە چاڵەکە هاتەدەر. کاتێک هاتەسەر، بۆقەکان لێیان پرسی باشە تۆ گوێت لە ئێمە نەبوو؟ دەرکەوت بۆقەکە کەڕەو هیچ نابیسێ. ئەم بۆقە لە تەواوی ئەو ماوەیەدا کە هەوڵی هاتنەدەر لە چاڵەکەی دەدا، پێی وابوو بۆقەکانی دی هانی دەدەن بۆ هاتنە دەر.

**وەرگێڕان لە فارسییەوە:**

**ب. هیوا**

## مرواریی دەریای وشە

**ـ ئەوەی ئازادی بە قوربانی ئاسایش (ئەمنییەت) بکا، نە شیاوی ئەوەیە ئازادیی هەبێو، نە شایانی هەبوونی ئاسایشە.**

**(بنیامین فرانکلین)**

**ـ هیچ شتێك بە قەرا تێگەیشتنو ژیری، دادپەروەرانە بەش نەکراوە. چونکە هیچ کەس پێی وانیە کەمی پێ بڕاوە. (دێکارت)**

**ـ پڕمەترسیترینو شێتانەترین بڕوا، ئەوەیە کە ئێمە بڕواو بۆچوونی خۆمان پێتەواو ڕاست بێ. (پاڤێل واتسلاویك)**

**ـ چاکە، تا پتر کەلکی لێوەربگیرێو بەکار بهێنرێ، زۆرتر دەبێو زیاتر گەشە دەکا. بەڵام ئەگەر بەکاری نەهێنی، سیس دەبێو لەبیر دەچێتەوە. (ریچارد فۆن وایتسگێر)**

## بەر لە ماڵاوایی

## "هەر ئەگری، ئەکوژی، ئەدەی لە گەردن"

ع. وریا

خەڵکی ئێران هەموو ساڵێ لە مانگی خەرمانان دا، یادی یەکێک لە تاڵترینو گەورەترین کارەساتەکانی مێژووی دەسەڵاتدارەتیی ڕێژیمی ئیسلامیی وڵاتەکەیان دەکەنەوە. یادی کوشتاری بە کۆمەڵی چەند هەزار زیندانیی سیاسی لە هاوینو پاییزی ١٣٦٧دا کە مانگی خەرمانان چڵەپۆپەی کارەساتەکە بوو. یادی قەڵاچۆی هەزاران بەندیی سیاسی کە زۆربەیان یا ماوەی حوکمدرانەکەیان تەواو کردبووو هەروا لە خۆوە لە زیندان دا ڕاگیرا بوون، یا خەریک بوون دوایین مانگەکانی "ماوەی مەحکوومییەتەکەیان" تەواو بکەن. بەڵام ئەوان بەدوای ڕاوەستانی شەڕی ماڵوێرانکەری ئێرانو عێراق دا کە خومەینیو ڕێژیمەکەی ناچار بوون جامی ژاری ئاگربەسو لە ڕاستیدا جامی ژاری شکست لە بەرەکانی شەڕدا فڕ بکەن، بوون بە قوربانیی سیاسەتێکی تازەی ڕێژیم. سیاسەتەکەش ئەوە بوو، بۆ ئەوەی رقوبێزاریی کۆمەڵانی خەڵك لە ٨ ساڵ شەڕی بێئاکام نەتەقێتەوەو، هەروەها بۆ ئەوەی ئێران هیچ کەسێکی وای تێدانەمێنێ کە سەر بۆ دەسەڵاتی جەهەننەمیو دژی ئینسانیی ئاخوندەکان دانەنوێنێ، پێویست بوو بەندییە سیاسییەکان قەڵاچۆ بکرێن، تا بەمجۆرە هەم گەورەترین زەبر لە ڕێکخراوە سیاسییەکانی ئوپۆزیسیۆن بدرێو هەم سەرجەمی ئەو هاونیشتمانانەی نیازی بەرهەڵست بوونەوەی ئەو ڕێژیمەیان هەبوو، چاوترسێن بکرێن.

دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە موحاکەمەی سەرپێییدا، هەموو ئەو زیندانییە سیاسییانەی ئامادە نەبوون ڕابردووی سیاسیی خۆیانو ڕێکخراوەکەیان مەحکووم بکەن، یا داوای "هەیئەتەکانی مەرگ" کە بەشداری لە کوشتنی هاوبڕواو هاوزنجیرەکانیان دا یەك لەوان بوو، قبووڵ بکەن، ڕەوانەی کوشتارگا کرد. بەم هۆیەوەش کە ژمارەی ئیعدامییەکان یەکجار زۆر بوو، هەروەها بۆ ئەوەی تاوانەکەیان لە چاوی بیروڕای گشتی بشارنەوە، بە هۆی کانتینێرەکانی ڕاگواستنی گۆشتو لە تاریکیی شەودا لەو چاڵو قووڵکانەدا کە هەر بەو مەبەستە هەڵیان کەندبوون، ژێر خاکیان کردن. شارەگەورەکانی ئێرانو هەموو ئەوشارانەی بەندیخانەی سیاسی یا بەندیی سیاسییان لێبوون، شایەدی ئەم کارەساتە بوون. زیاتر لە سەد تێکۆشەرو ئازادیخوازی کوردیش لە ورمێ، سنە، کرماشان، تەورێزو تاران لەو کوشتارە بەکۆمەڵەدا گیانیان لە دەست دا.

ئەم کوشتارە کە وەك دەیان پەڵەی پڕشوورەیی دیکە بۆ هەتا هەتایە بە نێو چاوانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە دەمێنێتەوە، ئەگەرچی تا ئێستا لەلایەن حیزبو ڕێکخراوو کەسایەتییەکانی ئوپۆزیسیۆنی ئێرانو تێکۆشەرانی بواری مافی مرۆڤ، زۆری لەسەر نووسراوە، بەڵام هێشتا زۆر ڕەهەندو لایەنی بە لێڵیو شاراوەیی ماوەتەوە. دەسەڵاتدارنی ڕێژیمیش نەك ئامادە نەبوون پەردە لەسەر دەیانو سەدان نهێنیی پێوەندیدار بەو کۆمەڵکوژییە لابدەن، بەڵکوو هەر کەسێکیش لەنێوخۆی وڵات دا، ڕاستییەکی لە بارەی ئەم تاوانە سامناکە لەقاو دابێ، یا لەسەر پێویستیی ڕوونبوونەوەی ڕاستییەکانو ناساندنو موحاکەمەی بڕیاردەرانو بەڕێوەبەرانی ئەم کۆمەڵکوژییە پێی داگرتبێ، پەروەندەیان بۆ دروست کردوەو لە زیندانیان پەستاوتوە. تازەترین هەوڵی بەڕێوەبەرانی کۆماری ئیسلامی بۆ شاردنەوەی شوێنەوارو بەڵگەکانی تایبەت بەم کۆمەڵگوژییەیان، بڕیاری نوێکردنەوەو ڕێکخستنەوەی گۆڕستانی خاوەرانە. ئەم گۆڕستانە کە تەرمی بە سەدان زیندانیی سیاسیی بە کۆمەڵ تێدا ژێر خاك کراوەو، خەڵکی ئێران وەك بەڵگەیەکی زیندووی کوشتاری ساڵی ١٣٦٧ی بەندییە سیاسییەکانی ئێران سەیری دەکەن، ئێستا شارەداری تاران بە ڕواڵەت خەیاڵی نۆژەن کردنەوەی هەیە! بەڵام مەبەستەکەیان ئاشکرایەو، وەك یەکێك لە زیندانییە سیاسییەکانی پێشووی ئێران لەو پێوەندییەدا گوتی: "کاربەدەستانی سیستمی خوداسالار ئێستا کە نەیانتوانیوە مێژوو بسڕنەوە، قۆڵیان لە قەڵاچۆی جوغرافیای تاوان هەڵماڵیوە" (١)

وەك لە پێشەوە گوتم کوشتنی بە کۆمەڵی هەزاران مرۆڤی ئازادیخوازو شەریف کە زۆربەی یا بەشێکی زۆری تەمەنی خۆیان بۆ خەبات لە پێناوی ئازادیو بەختیاریی هاونیشتمانانیان دا تێپەڕ کردبوو، یەك لە سەدان تاوانی گەورەی ئەو ڕێژیمەیە. هەم پێش هاوینو پاییزی ١٣٦٧و هەم دواتر، کۆماری ئیسلامی لاپەڕی ڕەشی دیکەی لە دژایەتیی ئازادیو ئازادیخوازانو کوشتنی مرۆڤە خەباتگێڕەکان دا، خستۆتە سەرکارنامەی خۆی. دوایین نموونەکانی ئەم جۆرە تاوانو جینایەتانە، سەرکوتی دڕندانەی ئەم هاوینەی ناڕەزایەتیی خەڵکی ڕاپەڕیوی کوردستانو گرتنی زیاتر لە هەزار کەسو شەهید کردنی بەرە بەرەی ژمارەیەك لەوان لە ژێر ئازارو ئەشکەنجە دایە.

بەردەوامیو دووپات بوونەوەی ئەمجۆرە تاوانو ڕەفتارانە لە درێژایی تەمەنی کۆماری ئیسلامیدا لەلایەکو، لە لایەکی دیکەوە، لە مەیدان وەدەرنرانو سووکایەتی پێکرانو زیندانیو ئازارو ئەشکەنجەدرانی زۆر کەسایەتیی سیاسی، ئایینی، کەلتووریو ڕووناکبیری ڕەخنەگرو ناڕەزایی نێوخۆی ڕێژیم، نیشاندەری ڕاستییەکی زۆر گرنگن.

ڕاستییەکەش ئەمەیە کە ئەم ڕێژیمە لە نێوەڕۆك دا دژی مرۆڤو مافو ئازادییەکانیەتی. بۆیە لە ڕیزی بەڕێوەبەرانو کاربەدەستانیدا، ئەوانە "مقبول"و لەپێشن کە لە مرۆڤکوژیو خوێنرشتنو سەیرکردنی مرۆڤەکان وەك ئاژەڵێك کە دەبێ هەوساریان بە دەست وەلیی ئەمری موسوڵمانانەوە بێ، لە ڕیزی پێشەوە دان. ئەم نێوەڕۆکە دژی ئینسانیو تاوانخوڵقێنانەیە کە تاوان بە دوای تاوان دا بەرهەم دێنێتەوەو، لە سەرەتای دووهەم چارەکە چەرخی تەمەنی کۆماری ئیسلامیدا، سەرکۆمارێکی بارمتەگرو تیرۆریستو کابینەیەکی ئەمنییەتیو پۆلیسیی لێدەکەوێتەوە.

بەڵام ئایا ڕێژیمی ئێستای ئێران بەم نێوەڕۆکەوەو بەمجۆرە ڕێبەرانو هەڵسووڕێنەرانەیەوە، دەتوانێ خەڵکێکی تینووی ئازادی کە دەیان هەزار لە جگەرگۆشەکانیانو ئازیزانیان هەر بە هۆی ئەم ڕێژیمەوە کوژراون، لەگەڵ خۆیدا بباتەوە بۆ تاریکایی سەدەکانی نیوەڕاست؟ یا سەرئەنجام هەر بە دەستی ئەو خەڵکەو سەبارەت بەو هەمووە تاوانەی دژی ئەوان کردوویەتی، ڕەوانەی زبڵدانی مێژو دەکرێ؟

ئەژدەهاك! ئەی دێوی لە بیر زراو چوو
ئەی ناشتای مارانت بە مێشك کردوو
هەر ئەگری، ئەکوژی، ئەدەی لە گەردن
مێشك دەرخوارد ئەدەی بە ماری نەوسن
تا ڕۆژێك ئەو خوێنەی بە ناهەق ڕشتت
ئەو بیرەی وات زانی یەکجاری کوشتت
تاو ئەدەن تەنووری دەماری کاوە
ئەو چەکوش وەشێنەی ڕۆڵە کوژراوە
ئەخرۆشێو ئەجۆشێو کۆمەڵ ڕێك ئەخا
هەر هەڵسا ئەبینی زیندانت ڕووخا (٢)

(١) مهدی اصلانی لە بەندییە سیاسییەکانی پێشوو، تێکۆشەری مافی مرۆڤ، دانەرو کۆکەرەوەی وەسیەتنامەی ئێعدام کراوەکان لە وتووێژ لەگەڵ ڕادیۆی دویچەوله، ٢٠٠٥/٨/٢٩ ماڵپەڕی DW

(٢) چەند بەیتێك لە شێعری "ئەژدەهاك"ی شاعیری نەمر "گۆران".